به جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی
لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپێوەندییەکی نیشتمانی و دێموکراتیکدا
شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاونی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# لاوان

47
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
خەرمانانی ٢٧١٢ی کوردی (١٣٩١)
دەورەی دووهەم، ساڵی دوازدەهەم

## فایلی ژمارە: کۆنگرەی شەشەم

- بەیاننامە لەپێوەندی لەگەڵ کردەوەی تیرۆریستی 11ی سێپتامبر
- ئاڵۆزییەکانی سووریا و ئاسۆی کوردەکان
- پەیامی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ یادی فوئاد مستەفاسوڵتانی
- بەیاننامە لەپێوەندی لەگەڵ ئاخێوو گوتاری فاشیستی هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی
- ڕاپۆرت و بەڵگەنامەکانی پەسندکراوی کۆنگرەی 6ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



# پیرۆز بێ تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان

بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی
لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپێوەندییەکی ئینسانیدا
کۆنگرەی 6
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان






# لاوان

دەوری دووهەم، ساڵی دوازدەهەم
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
سێپتامبری٢٠١٢ی زایینی      خەرمانانی٢٧١٢ی کوردی (١٣٩١)

خاوەن ئیمتیاز:
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

---

فایلی ژمارە: کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان٢-٣٩



کورتە باسێک لەسەر مامۆستا مەلا کەریمی سارەدەکۆسانی ناسراو بە راوچی ٥٧



پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤٢



لاوان لە نیو نیگایەکدا ٤٩



ئاڵۆزی یەکانی سووریا و ئاسۆی کوردەکان ٥٢

---

■ سەرنووسەر:
سەید جەلال ساڵحی
*jalalsalehi@yahoo.com*

■ بەرگ:
ئەیووب شەهابیڕاد

■ تایپ:
ئازاد محەممەدزادە

■ دەستەی نووسەران:
عەباس حەقبین
وریا ساڵحزادە
مەنسوور سەممار
تەها ڕەحیمی
علی بوداغی

■ دیزاینی ناوەوە:
شێرکۆ سادقپوور

■ بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:
www.lawan.com/farsi
www.lawan.com

# کۆنگرەی شەشەمو ئاکامەکانی

بەپێی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم لە ڕێکەوتی ٤و٥ی بەفرانباری ١٣٧٩ی‌هەتاوی، کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی یەکیەتی لاوان هەر دوو ساڵ جارێک پێک دێ.

هەر بەو پێیە پاش چەند مانگ ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەم، سەرەنجام ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩١ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی‌زایینی، کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی بە ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کورستانو ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیو کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیانو نوێنەری زۆر لە ڕێکخراوو کەسایەتی سیاسیو حکوومیو ئاکادیمیکی باشووری کوردستان بەشداری کردنەوەی کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. سەرەتا بە خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیبو خولەکێک بێ‌دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت ئەو شەهیدە لاوانەی کە لە ریزی یەکیەتیی لاوان‌دا گیانیان بەختی ڕێگای رزگاریو ئازادی نیشتمانەکەیان کرد، دواتر لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار بەخێرهاتنی میوانان کراو پاشان کاک رەحمان سەلیمی پەیامی کرانەوەی کۆنگرەی پێشکەش کردو دوایە پەیامی پیرۆزبایی حیزبو ڕێکخراوە سینفیو کەسایەتی‌یەکان خوێندرانەوە.

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونی ئەندامو میوانانی بەشداری کۆنگرە، ٩٥ کەس بە حەقی دەنگدانو ١٧ کەسیش وەک میوان، سەرجەم ١١٢ کەس شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پێک هێنا، بە فەرمی دەستی بە کارەکانی کرد. پاش دەست نیشان کردنی کۆمیسیۆنەکان(کۆمیسیۆنەکانی بڕیار، سکالا، پەیامو هەڵبژاردن)، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن مەنسوور سەممارەوە خوێندرایەوەو تا درەنگانێکی شەو باسێکی تێروتەسەل لەسەر ڕاپۆرت بوو. بەیانی چوارشەممە کاتژمێر ٩ی سەرلە بەیانی دووهەم ڕۆژی کۆنگرە دەستی پێ‌کردەوە. بەو ڕەخنەو پێشنیارانەی لەسەر ڕاپۆرت کران بە دەستکاری‌یەوە بە کۆی دەنگ پەسند کراو پاشان ڕەوتی کۆنگرە لەسەر بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ بەردەوام بوو. پاش باسو موناقشەیەکی زۆر بەرنامەو ئەساسنامەش بەو تێ‌بینی‌یانەی لەسەری کرا بەکۆی دەنگ پەسند کرا. پاشان نۆبە گەیشتە ڕەخنەو پێشنیارو کارو چالاکی نێوان کۆنگرەی ٥ بۆ ٦و بڕیارنامەکان، دوایین بڕگەی کۆنگرە لەسەر شێوازو چۆنیەتی هەڵبژاردن بوو. کۆنگرە لەسەر ئەوە ساغ بۆوە کە ١١ کەس وەک بەڕێوەبەری ئەسڵیو ٦ جێگر، لەو ١١ کەسە ٩ کەسیان بۆ کوردستانو ٢ کەسیش بۆ دەرەوە کە حەتمەن ٢ کەسیان کچ بن، هەروەها ٣ جێگر بۆ کوردستان کە حەتمەن یەکیان کچ بێ.

بە کۆی دەنگ کۆنگرە بڕیاری دا ئەو شەوە تا هەڵبژاردنەکانیش نەکرێن هەر درێژەی دەبێ. هەربۆیە تا کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە بەردەوام بوو کە ئاکامی هەڵبژاردنیش بە شێوەی خوارەوە بوو:

بەڕێوەبەرانی ئەسڵی:

١: سامان فەقێ‌نەبی ٢: مەندانە حەبیب‌زادە ٣: هەڵاڵە عەبدوڵڵاهی ٤: سمکۆ عوسمانی ٥: حاتەم ڕەسووڵ‌پوور

٦: سەید جەلال ساڵحی ٧: ئارەش لۆڕستانی ٨: شادی ئەحمەدپوور ٩: هێدی مەحموودی

جێگرەکانیش:

١: ئازاد محەممەدزادە ٢: سروشت مووساپوور ٣: ئارەزوو عەزیزی

هەر ئەو شەوە لە یەکەم دانیشتن‌دا بە بەشداری بەڕێوەبەری پێشوو و کاک قادر وریاو کاک مستەفا مەعرووفی، بەڕێوەبەری ئەسڵی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم کاک "سامان فەقێ‌نەبی"یان وەک سکرتێر هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی جێگر سکرتێرو باقی جێگری بەڕێوەبەریو ڕاوێژکارەکان بە بەڕێوەبەری ئەسڵی سپێردرا کە ڕۆژی شەممە ٢١ی گەلاوێژ کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ لە یەکەم دانیشتنو کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری گشتی‌دا لەگەڵ دابەش کردنی کارەکان بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

سەید جەلال ساڵحی: جێگری سکرتێر

جێگرەکان: ١: کاوە خوسرەوی ٢: خالید ڕەحیمی

ڕاوێژکارەکان: ١: شەونم هەمزەیی ٢: سەربەست بابایی ٣: هەردی عەباسی

دیارە بەڕێوەبەری بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خۆیان لەوێ لە کۆنفرانسێکی گشتی‌دا هەڵیان دەبژێرنو کۆنگرە ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆیان. ئەگەر مونسیفانە قەزاوەت بکەینو بە دڵێکی ئاوەڵاوە بڕوانین هیچ شتێکی موتڵەق لەو دونیایەدا نیە هەربۆیە کۆنگرەکەی ئێمەش خاڵی لە کەم‌وکووڕی نەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کۆنگرە لە کەشو هەوایەکی ئازادو تەواو دیمۆکراتیکدا بەڕێوەچوو.

لە هەموو بوارەکان‌دا باسو موناقشەیەکی باش لەسەر پەسندکراوەکان کراو بڕیاری زۆر باشیشی تێدا دران، ناڵێم چەند لە کچو کوڕەکان لە باسەکان‌دا بەشداریان کرد، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەگەر بڕوانینە کۆی گشتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری بۆمان دەردەکەوێ کە بەڕاستی هەر دووک ڕەگەزی بەشداربووی کۆنگرە لە هەموو باسەکان‌دا بەشدار بوونو خۆیان هەڵنەواردوە. لە ١٧ کەس بەڕێوەبەری ٦ کەسیان ئافرەتن، ئەوە بەو مانایەیە کە کۆنگرەیەکی ئازادو دیمۆکراتیکو بەدوور لەهەر چەشنە دەمارگرژی‌یەکی ڕەگەزی زاڵ(نێرنیە) بەڕێوەچووە.

بەو هیوایە کە بەڕێوەبەری تازە بتوانن ئەرکو پێ‌سپێردراوەکانی کۆنگرەی شەشەم بە سەرکەوتوویی‌یەوە تا کۆنگرەی داهاتوو بەڕێوەبەرن.

**سەرنووسەر**



# ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی گەلاوێژ، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەراسمێک بەڕێوەچوو. لەم مەراسمەدا هاوڕێ سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتی ڕاگەیەندراوی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێشکەش کرد. ئەوەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

میوانانی ئازیز!
ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
لاوانی خۆڕاگرو نیشتمان پەروەری وڵات!

جێی شانازی‌یە پێتان ڕابگەیەنین کە کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی هێناو ڕێکخراوەکەمان بە پەسندکردنی کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەی نوێ بەرەو قۆناغێکی نوێ لە خەباتو تێکۆشان هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کە گۆڕانکاری‌یە خێراکانی ئەم سەردەمە پتر لە جاران ڕێکخراوەکەمان ئەرکدار دەکا کە بۆشایی‌یە تیۆری‌و پڕاکتیکی‌یەکانمان پڕ بکەینەوەو وەڵامدەری هەلومەرجی هەنووکەیی بین. بێگومان خێرایی گۆڕانکاری‌یەکان نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێکخراوەکەمان زیاتر لەهەر کاتێک پێویستی بە نوێبوونەوەو خۆسازدانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ناوچەکەو نیشتمانەکەمان.

بەڕێزان!

**ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کە گۆڕانکاری‌یە خێراکانی ئەم سەردەمە پتر لە جاران ڕێکخراوەکەمان ئەرکدار دەکا کە بۆشایی‌یە تیۆری‌و پڕاکتیکی‌یەکانمان پڕ بکەینەوەو وەڵامدەری هەلومەرجی هەنووکەیی بین**

لاوان لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی بە جیهانی بوون ناوزەد کراوە پتر لەهەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگا بە داینەمۆی گۆڕانکاری‌یەکان دەژمێردرێن‌و ئەم تایبەتمەندی‌یە لەنێو لاوانی کوردیش‌دا زۆر بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ.

ئەگەر ڕەوتی گۆڕانکاری‌یەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لەهەر چوار پارچەی نیشتمان وەبەرچار بگرین دەردەکەوێ کە ڕوانگەی ئایدیالیستی لاوانی کورد لە سەردەمی ئێستادا بۆتە هاندەری ئەوە کە زۆربەی پارت‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەگەر لە ڕابردوودا بەهۆی کارتێکەری گوتاری چەپەوە تەنیا بە چەشنێکی لاوەکی تەرکیزیان دەخستە سەر ئامانجە نەتەوەیی‌یەکان‌و مژارەکانی پێوەندیدار بە پڕۆسەی سەربەخۆیی‌و دەوڵەتسازی لە کوردستان، ئێستاکە بە پێچەوانەو بەهۆی گوشاری گوتاری نەتەوەیی توێژی لاوان لە کۆمەڵگای کوردستان‌دا هەم لە ئاستی گوتارو هەمیش لە ئاستی کردەوەدا ڕاشکاوانەو شێلگیرانە تیشکیان خستۆتە سەر پرسی نەتەوەیی‌و تواناکانیان بەو ڕێڕەوەدا ئاراستە کردوە.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە توێژی لاوان بە خۆشییەوە ئەم شانازییەی هەیە کە لە زۆرێک لە بوارەکانی پێوەندیدار بە پرسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ باقی ڕێکخراوەکانی دیکە ڕۆڵی پێشەنگی نواندوەو تێدەکۆشێ کە لە پێناو پەرەدان بە بیرۆکەی یەکگرتنی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی وەکوو پێشڕەو و بەرپرس پێناسە بکا.

هەر لەو چوارچێوەدا ڕێکخراوەکەمان ئامادەیی هزریو کردەیی خۆی بۆ هاوپێوەندیو هاوهەڵوێستی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕێو بەهۆی پاشخانی مرۆییو مەعنەویی مێژووی نزیک بە حەوت دەیە چالاکی خۆی هەوڵ دەدا کە بە دەست پێشخەری لەو بوارەدا ڕۆڵی مێژوویی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ.

هەر لەو چوارچێوەیەش داو بە تایبەتی هاوڕێیانی پێشوومان کە لە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا درێژەیان بە تێکۆشان داوە بە فەرمی بانگهێشتی دانوستانو دیالۆگی ئاشکراو بێمەرج دەکەین بە مەبەستی سازدانی پردی پێوەندیو هاوکاریی لە نێوانماندا.

ئامادەبووانی بەڕێز!

ڕوونو ئاشکرایە کە ڕادیکاڵ بوون وەکوو یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی توێژی لاو دێتە ئەژمارو ئەم تایبەتمەندییە لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە سوننەتەوە بۆ مۆدێرنیتە پتر خۆی دەردەخا، لاوانی کوردیش کە ئێستاکە لە وەها دۆخێکی فکرییو هزریدا دەژین، سەلماندوویانە کە دەکرێ وەکوو عونسورێکی ڕادیکاڵ بە دینامۆی گەشەی خەباتی مەدەنیو جەماوەری ئەژمار بکرێن. بەو پێیە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بە ئەرکدار دەزانێ کە سەرەڕای ئاستەنگییەکان لە پێک هێنانو پەرەدان بە کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری کاریگەری هەبێو لە ڕێگای کاناڵیزەکردنی شەپۆلە جۆراوجۆرەکانی نارەزایەتییەکانی لاوان، لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێندێک لە دیاردەی قێزەون لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک برەویان پێدەدرێ ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێو لەو بوارەدا خۆی بە هاوڕێبازو پاڵپشتی سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکانی چالاک لە نێوخۆی وڵاتدا دەژمێرێ.

بەشداربووانی بەڕێز!

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی نەتەوەییو گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەدا ڕۆڵی پێشەنگو لەخۆبردوویانەی لاوانی شۆڕشگێڕی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە گرینگ وەسف دەکاو لە پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانی لاوانی خەباتگێڕی کورد لەو بەشەی کوردستاندا خۆی بە هاوسۆزو بەرگریکار دەزانێو هەروەها ئەزموونی خەباتی جەماوەری لە باکووری کوردستانو بە تایبەت ڕۆڵی لاوان لەو شێوە خەباتەدا بە شیاو و جێی تێڕامان دەنرخێنێو تێدەکۆشێ کە لەو شێوە بەرخۆدانە بە پێی بارودۆخی زەینیو عەینی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەڵک وەرگرێ.

میوانانی بەڕێز!

لە کۆتاییدا سەری ڕێز بۆ سەرجەم ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ڕیزی ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتیان کردوەو لە کاروانی نەمریو سەربەرزی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەیانو ویستەکانی لاوانی کورد ناویان بە دەرەوشاوەییەوە تۆمار کراوە.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سەرکەوتوو بێ یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

**ڕوونو ئاشکرایە کە ڕادیکاڵ بوون وەکوو یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی توێژی لاو دێتە ئەژمارو ئەم تایبەتمەندییە لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە سوننەتەوە بۆ مۆدێرنیتە پتر خۆی دەردەخا، لاوانی کوردیش کە ئێستاکە لە وەها دۆخێکی فکرییو هزریدا دەژین، سەلماندوویانە کە دەکرێ وەکوو عونسورێکی ڕادیکاڵ بە دینامۆی گەشەی خەباتی مەدەنیو جەماوەری ئەژمار بکرێن**



# کردنەوەی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لە لایەن بەڕێز کاک ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوە

میوانانی بەڕێز، لاوانی تێکۆشەر، ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بەخێر بێن بۆ ڕێو ڕەسمی کرانەوەی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان سەرەتا بە پێویستی دەزانم سپاسی بەڕێز سکرتێرو کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان بکەم کە ئەو شانازی‌یەیان پێ بەخشیوم تا کۆنگرەی شەشەم بە ڕەسمی بکەمەوە.

بەڕێزان!

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات وەک یەکەمین ڕێکخراوی مۆدێرنی لاوانی کورد پتر لە شەش دەیەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە گۆڕەپانی چالاکیی ڕێکخراوەیی کوردی‌دا بەشدارەو شوێن پەنجەی بە سەر گەلێک ڕووداوی گرینگو شانازیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دیارە. بە ڕێکخراو کردنی لاوانو پێ‌نانە کاری هاوبەشو گرووپی لەنێو ئەو توێژە ئەکتیوەی کۆمەڵگادا، ئەو بۆچوونە سەردەمیانەو هەنگاوە گرینگە بوو کە ڕێبەرانی کۆماری کوردستانو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری ئەو کۆمارە لە قووڵایی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان هێنایانە ئاراوەو بە کردەوە هەنگاویان بۆ نا. دامەزراندنو پشتیوانیو ڕێنوێنی یەکیەتی لاوان بەرهەمی ئەو تێگەیشتنە لە شەخسی پێشەوادا بوو کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستە تواناکان بخرێنە سەر یەکو بە ئاراستەیەکدا هیدایەت بکرێن.

لە کاتێکدا بیرۆکەی دامەزرانی یەکیەتی لاوان هاتە گۆڕێ کە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوارو نەریتی بوو کە شێخو ئاغاو دەرەبەگەکان وەک خاوەنی خەڵک هەڵسوکەوتیان دەکردو دەرفەتی هەر چەشنە بیرکردنەوەو ئازادی‌یەکیان لە خەڵک زەوت کردبوو، فەرهەنگی پێکەوە کارکردنو وەسەر یەکخستنی توانای تاکەکان تەنیا لە ئاستی ژمارەیەکی کەم لە ڕۆشنبیران‌دا دەهاتە بەر باس.

لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە یەکیەتی لاوان دامەزراو هەوڵی‌دا لاوان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. هەر چەندە ئاستەنگە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکان نەیان هێشتوە کوردستان، خاوەن کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێ‌و ویستو داخوازی‌یەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی کاری هاوبەشو ڕێکخستنی تاکەکان‌دا بێتە گۆڕێ، بەڵام دەکرێ بڵێین زەرووڕەتی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگاو کاناڵیزەکردنی تواناکان لە دامەزرانی یەکیەتی‌یەکانی لاوانو ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا دەبینرێ.

لاوانی خۆشەویست!

بە ئاوڕدانەوەیەک لە وڵاتانی ناوچەو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە وڵاتانی عەرەبی‌دا ڕوویان داوەو ژمارەیەک لە دیکتاتۆرە گەورەکانی جیهان دەسەڵاتیان داوەتەوە بە خەڵکو تەسلیمی ئیرادەی جەماوەر بوون، ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێ کە لاوان نە تەنیا لە شۆڕش دژی دیکتاتۆرەکان‌دا بەشدار بوون، بەڵکوو پێشەنگو ڕێبەرو هێزی سەرەکیی کۆمەڵگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تۆتالیتێرو پاوانخواز بوون. ئەوە لاوان بوون کە شەقامەکانیان پڕ دەکرد لە ئیرادەو هیواو ئومێد بە سەرکەوتن، هەر لاوان بوون کە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازە مۆدێرنەکانی پێوەندی گرتنەوە ناڕەزایەتی‌یەکانیان ڕێک دەخستو ئیرادەی بەهێزو نەترسی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتیان نمایش دەکرد. کەواتە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لاوان بوون کە ژمارەیەک لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەیان ڕووخاندو یا بە دەربڕینێکی باشتر سەرەکی‌ترینو کاریگەرترین هێزی کۆمەڵگا لە تەواوی ئەو گۆڕانکاری‌یانەدا لاوان

بوون. لە ئێرانیشدا بزوێنەرو بەشداری سەرەکیی بزووتنەوەی نارەزایەتیی پاش هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری، لاوان بوون کە زیاترین تێچووشیان بۆ داو بزووتنەوەیەکیان ڕێکخست کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تا ئێستاش بەردەوامەو بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێ تا بە گوڕو تینێکی زیاترو شێوازێکی کاریگەرتر ئیرادەی خۆی بسەلمێنێ. لاوان بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە داهاتوویەکی دوورتردا پێناسە دەکەنو خەونەکانیان بۆ ساڵانێکی زیاتر وێنا دەکەن زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگا ئامادەیی وەخۆ گرتنی ریسکو رووبەڕووبوونەوەی دۆخی ئاراییان هەیەو دەیانهەوێ ئەو دۆخە بە جۆرێک بگۆڕن کە کەرامەتی ئینسانی تێدا بپارێزرێو ویستە رەواکانیان دابین بکرێ، بە شێوەیەک کە ژیانێکی شیاوی سەردەم بۆ مرۆڤ بنیات بنرێو دووره دیمەنێکی روون لە داهاتوو بەر چاو بکەوێ. بە سەرنجدان بەو راستیانەیە کە ئەرکی لاوانی دیمۆکرات زۆر قورستر لە هەمیشە دەبێو پێویستە بۆ رۆژانی سەختی قۆناغی داهاتووی خەباتە بە ئاکام نەگەیشتوەکەمان تەیار بکرێن. ئێوە زیاتر لە هەمیشە لە بەردەم ئەزموونێکی دژواری مێژوویی دان، ئێوە دەبێ قۆناغەکانی پەڕینەوەی کۆمەڵگای کوردی بە سەرکەوتوویی و کەمترین تێچوو ببڕن، قۆناغی تێپەڕبوون لە دیکتاتۆڕیو سەرەڕۆییو پێوەندییە نەریتییە سواوەکان بەرەو قۆناغی رزگاریی مرۆڤ لە هەموو قەیدو بەندەکان.

لاوانی دیمۆکرات باشترینو بەسوودترین ساڵەکانی ژیانیان بۆ خەبات لە پێناو ئامانجێک تەرخان کردوە کە ئامانجی لاوانی نەتەوەیەکە، ئاڵاو دروشمێکیان بەرز کردۆتەوە کە ئاڵاو دروشمی مرۆڤایەتی یە، لە ساتەوەختێکی مێژووییدا گیرساونەتەوە کە چاوی رابردوو و داهاتوویان لەسەرە، ئەوانەی لە پێناو ئەو ئامانجانەدا رابوون و گیانیان فیدا کردو ئەوانەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا قەزاوەتتان لەسەر دەکەن.

خۆشەویستان!

پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بگەیەنم کە ئەرکتان قورسو پێگەتان بەرزە، مەیدانی تاقیکردنەوەی ئێوە چالاکییەکانتانە کە کۆنگرە یەکێکە لە گرینگترین کارەکانتان. دەبێ تواناکانی خۆتان بپێونو کۆسپەکانی سەر رێگاتان دەست نیشان بکەن تا بتوانن پلان بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان دابڕێژن. لەوانەیە ئێوە بە هەڵکەوتی مێژوو ناچار بن تا ئەو رادەیە ژیانی دژوار لە پێناو دەستەبەر کردنی ویستە ئینسانییەکانتان تەحەممول بکەن.

یەکیەتی لاوان لە تاراوگەو لاوانی دیمۆکرات بێبەش لە ژیانێکی ئاسایی بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمەن، هەر ئەوەش وا دەکا کە داواکارییەکانی یەکیەتی لاوان لە خۆش بژێویو ویستە ماددیەکانەوە بۆ رزگاریی نەتەوەییو فەرهەنگی دیمۆکراتیکو رۆحی ویکهەڵکردنو تەحەممولی بەرامبەر بگۆڕدرێ. ئەو داواکارییە رەوایانەی کە لاوان لە زۆربەی وڵاتانو بە تایبەت لە وڵاتانی گەشەسەندوودا داوای دەکەن بەداخەوە بۆ ئێمە لاوانی کورد دەکەوێتە قۆناغی پاش رزگاریی نەتەوەییو گەڕانەوەی کەرامەتی ئینسانییە بۆ لاوی کورد.

کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتی لاوان لەو کاتەدا پێک دێ کە بەشێکی دیکە لە کوردستانی داگیر کراو بەرەوڕووی دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان بۆتەوەو کێشەی کورد بە گشتی بۆتە یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی ناوچەکەو بەرەو چارەسەر هەنگاو دەنێ، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ناتوانێ خۆی لەو شەپۆلە گۆڕانخوازییە بەدوور بگرێو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش خۆی لە بەردەم دەرفەتێکی مێژووییدا ببینێتەوە، عەقڵییەتی کاری رێکخراوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێو سەرەڕای زەبرو زەنگی دەسەڵات، لاوان لە هەموو دەرفەتەکان بۆ نمایش کردنی تواناکانیان کەڵک وەردەگرن.

بە دیوێکی دیکەدا کۆنگرەی شەشەمی لاوان لە کاتێکدا پێک دێ کە لاوانی کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەمیشە پرشو بڵاوە، لێکدابڕانو دوورکەوتنەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکانو لە ئەنجامدا زیاتر کەرت بوونی لاوان دیاردەیەکی پڕ ئازارەو نیگەرانی خەڵکی کوردستان لەو بارودۆخە دەبینرێ.

کۆنگرەی لاوان دەبێ بە باشترین شێوە گۆڕانکارییەکان بخوێنێتەوە، دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، کەلێنو کۆسپەکان دەست نیشان بکاو هەنگاوەکانی داهاتووی یەکیەتی لاوان بکێشێتەوە. کۆنگرە پێویستە تیشک بخاتە سەر چاوەڕوانییەکانی لاوانی کوردو یەکڕیزیی لاوان بکاتە دروشمی خۆیو بە هەست بە بەرپرسیارەتی هەوڵی کۆکردنەوەی لاوان لە دەوری پلانی هاوبەشو کاری هاوبەش بدا.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە لاوان دەکەم بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوانو هیوادارم کۆنگرەکەتان لە ئاست گەورەیی رێکخراوەکەتان بێو بتوانێ لە کەشێکی دیمۆکراتیکداو بە خوێندنەوەیەکی دروستی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەرنامەی کاری داهاتووی دابڕێژێو ببێتە سەرەتای ئەزموونێکی نوێ لە کاری رێکخراوەیی لاوانی کورد.

هیوای ساغیو سڵامەتیتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان





بەشدارانی بەڕێزی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

میوانە بەڕێزەکان لە وەزارەتخانەو دەزگا حکوومییەکان، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو یەکیەتییەکانی لاوانو خوێندکاران!

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم. پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیەو بەشداری لەم بۆنە خۆشو جوانەتان لێ دەکەم.

بۆ حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان جێگای خۆشحاڵیو سەربەرزییە کە لاوانی کوردستان، لە تێکۆشانی ئەم حیزبە، لە چالاکیو هەوڵدان لە مەیدانو بوارە جۆراوجۆرەکاندا، جێگایەکی دیاریان هەیە. ڕەنگە باشترین بەڵگەی بایەخدانی ئەم حیزبە بە توێژی لاو، ئەوە بێ کە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانییەوە، بایەخی بە ڕێکخستنی لاوانو پەروەردەی لاوانو بەشداریی لاوان لە کاروباری سیاسی، کولتووری، سوپاییو کۆمەڵایەتیدا داوەو ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیانی بۆ پێک هێناون. دەکرێ بڵێین حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان دووانەی یەکترن. ڕاستە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان زووتر پێک هاتووەو هەر حیزبی دیمۆکڕاتیش هاندەرو ڕێنوێنی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بووە، بەڵام ماوەی دامەزرانیان ئەوەندە زۆر نەبووە. ئەو بایەخ پێدانەی حیزبی دیمۆکڕاتو کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کە ئەو حیزبە پێکی هێناوە، هەر لە دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەدا نەبووە، لە بڵاو کردنەوەی "هاواری نیشتمان"دا بووە، کە گۆڤاری تایبەت بە لاوان بووە. لە ناردنی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندندا بووە.

ئێمە لە دوای دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان، واتە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران، دیتمان کە لاوان بوون بە هێزی سەرەکیی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان. ئەگەر لە لایەکەوە، یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕات هەر لە زستانی ١٣٥٧ەوە هاتووتەوە نێو کۆڕی تێکۆشانو لە درێژایی ٣ دەیەی ڕابردوودا، بە هەزاران لاوی لە ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردوە بۆ خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، لە لایەکی دیکەش لە هەموو بوارو بەشێکی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا، لاوان هێزی سەرەکی بوون. بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە کە بزووتنەوەی کوردستان، قەرزداری تێکۆشانو فیداکارییەکانیەتی. هەر ئێستاش، بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان، لێرە لە نێوخۆی وڵاتو لە دەرەوەی وڵات لاوەکانن.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

ئەم کۆنگرەیەی یەکیەتیی لاوان، لە

> ***ئەم کۆنگرەیەی یەکیەتیی لاوان، لە هەلومەرجێکی تایبەتی کوردستانیو نەتەوەییو ناوچەییدا پێک دێ، لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئێمە لە باکووری ئەفریقاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شایەدی وەڕێ کەوتنو تەنانەت سەرکەوتنی کۆمەڵێک شۆڕشو ڕاپەڕینی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکان بووین. هێزی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینانە لاوەکان بوون.***

هەلومەرجێکی تایبەتی کوردستانیو نەتەوەییو ناوچەییدا پێک دێ، لە دوو ساڵی رابردوودا ئێمە لە باکووری ئەفریقاو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شایەدی وەڕێ کەوتنو تەنانەت سەرکەوتنی کۆمەڵێک شۆڕشو راپەڕینی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆڕو توتالیتێرەکان بووین. هێزی سەرەکیی ئەم راپەڕینانە لاوەکان بوون. ئەو لاوانەی لە ئاکامی بچووک بوونەوەی دنیاو ئاگاداری لە بارودۆخی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دێموکڕاتەکاندا، دەیانەوێ دنیای دەوروبەری خۆشیان، ئەو کۆمەڵو وڵاتانەی تێیدا دەژین، بگۆڕن. رەنگە لاوەکان لە میسرو تونیسو لیبیو یەمەن، وڵامی خۆیان وەرنەگرتبێتەوەو بەو داخوازانە نەگەیشتبن کە لە پێناویاندا هاتنە سەر شەقام. بەڵام گومانی تێدا نییە ئەوان تەسلیمی شەپۆلی بۆ دواوە گەڕان نابنو جیهانێکی شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەو ژیانێکی تێکەڵ بە دێمۆکڕاسیو ئازادییان دەوێ.

لە ئاستی نەتەوەییو کوردستانیشدا ئێمە دەبینین کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە بەردەم گۆڕان دایە و هەر بۆخۆشیو بەتایبەتی لاوەکانی بەشێکن لە دینامیزمی ئەو گۆڕانە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە شایەدی گەشەی وشیاریی نەتەوەیین. ئەگەر نەچینە بواری سیاسییش، هەر لە بیاڤی کولتووریو شوناسخوازیدا، ئەم گەشە کردنە بە روونی دەبینین. ئەم هەڵمەتە بەربڵاوەی بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی هەیە، ئەو بایەخەی بە پاراستنی زمانو وشەی کوردی دەدرێ، ئەو کەرنەڤاڵە نەتەوەییو حەماسییەی لە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆزدا دەیبینین، پێمان دەڵێن ئێمە لەگەڵ نەسلێکی وشیارو بەهەڵوێست بەرەوڕووین. ئەوان لە زانکۆکان، لە میدیاکان، لەو کۆڕو کۆمەڵو ئەنجومەنو رێکخراوە نادەوڵەتیانەی کە مەجالی چالاکییان پێ نادرێ، بەو تێگەیشتنەوە کاروچالاکی دەکەن کە نەتەوەکەمان دەبێ لە بن دەستی، رزگاری بێو بۆخۆیان، بە ئازادیو سەربەستییەوە بژین. باسی هەرێمی کوردستان ناکەم کە بە خۆشییەوە لێرە، خەڵک خاوەنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیەتیو نزیکەی ٢٠ ساڵە خەریکە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنو دێمۆکڕاسیو ئازادی، تاقی دەکاتەوەو لاوانیش لە سێبەری ئەو دەسکەوتانە، هەلومەرجێکی جیاواز لە لاوانی هەموو بەشەکانی کوردستانیان هەیە. باسی کورد لە سووریاو باسی کورد لە تورکیا دەکەم کە لە هەردوو وڵاتدا، کورد وەکوو واقعێک خەریکە خۆی زاڵ دەکاو بوونی خۆی دەسەلمێنێو دەیەوێ مافەکانی وەدەست بێنی. لە هەردوو ئەو بەشەی کوردستانیشدا، لاوەکان لەنێو چەقی هەوڵو تێکۆشان دان.

ئەگەر باسی ئێرانیش بکەین کە خەباتی ئێمە وەکوو حیزبی کوردستانو یەکیەتی لاوانو گەلی کوردو رۆژهەڵاتی کوردستان، رووی لەوێیە، لاوان سەرباری هەموو سەرکوتو بەربەستێک هێزی ئەسلیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمو دیکتاتۆڕین. بزووتنەوەی خوێندکاری کە زیاتر لە هەر بزووتنەوەیەکی دیکە لەم ساڵانەی دواییدا تەنگی بەو رێژیمە هەڵچنیوە، لە لاوان پێک هاتووە. لە نارەزایەتیە دەربڕینەکانی سەر شەقام لەم ساڵانەی دواییدا، لاوەکان زۆرترین بەشدارییان هەبووە. چونکە لاوان هێزێکن، هەم دەزانن مرۆڤی سەدەی بیستەم شیاوی چ مافو ئازادییەکە، هەم جورئەتو شەهامەتی هاتنە مەیدانو قوربانیدان لە پێناوی ئەم مافو ئازادییانەیان هەیە.

بەم پێیە، رێکخراوێکی خاوەن مێژینەی وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕات، لەم کۆنگرەیەداو لە تێکۆشانی داهاتوویدا، ئەرکی گرنگی دەکەوێتە سەرشان. گرنگترین ئەرک ئەوەیە خۆی ئەوەندە چالاکو بەراپەڕ بکاتەوە کە لەنێو لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، چ لە نێوخۆی وڵات، چ لە هەرێمی کوردستانو چ لە دەرەوەی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر حوزووری هەبێ. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ئەم کۆنگرەیەو ئەو رێکخراوەیە، لێکدانەوەی هەلومەرجەکە ، دانانی بەرنامەی گونجاو بۆ تێکۆشان لێرەو لە دەرو ژووری وڵات، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرییەکی لێهاتوو و بایەخدان بە هاوکارییو پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ رێکخراو و یەکیەتییەکانی لاوانە. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، پشتیوانیی مادیو مەعنەوی لە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتە. من لە سەرمە پێتان بڵێم کە رێبەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە دوا پلینۆمی خۆیدا کە لە سەرەتای ئەم مانگی گەلاوێژەدا پێک هات، یەکێک لەو پرسانەی کە ئاوڕی لێدەنەوەو تەئکیدی لەسەر کردنەوە، جێبەجێ کردنی بڕیاری کۆنگرەی پازدەیەم لە پێوەندی لەگەڵ لاوان دابوو.

دەفتەری سیاسی بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە گرنگی پێدانی زیاترەوە پشتیوانیی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان بێو هاوکاریی پێویست بە مەبەستی گەشەکردنو پێشڤەچوونی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان دابین بکا.

لاوانی خۆشەویست!

لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازمو هیوامان ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە دەسپێکی دەورەیەکی گەشتر، لە مێژووی یەکیەتیی لاواندا بێ.

سڵاو لە خەباتی چەندین ساڵەو پڕ شانازیی یەکیەتیی لاوانی کوردستان،

نەمری بۆ شەهیدانی ئەو یەکیەتییەو بەردەوامی بۆ رێگا پیرۆزەکەی،

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٣٩١/٥/٧ هەتاوی
٢٠١٢/٨/٧ زایینی

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان لە لایەن خوشکە حەلیمە ڕەسووڵی ئەندامی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەوە پێشکەش کرا



“

ئامادەبووانی بەڕێز!
لاوانی خۆڕاگرو وڵاتپارێز!
خۆشەویستانی بەشداری شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بە سڵاوێکی گەرم، لە لایەن هەیئەتی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە بە بۆنەی پێکهێنانی شەشەمین کۆنگرەکەتانەوە پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی‌یەکی گەرمتان پێشکەش دەکەین.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ لە ڕیزەکانی حدکدا دەورێکی دیاری لە خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی گەلەکەی‌دا هەبووەو بە دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم ڕێکخراوەیە لە گۆڕەپانی خەباتی چەکداری‌دا بوون بە فیدای ئامانجەکانی گەلەکەیان کە هەموو ئەمانە شیاوی ڕێزو بەرز نرخاندنە. هیوادارین کە کۆنگرەکەتان بتوانێ هەنگاوێکی مەزن بێت بۆ زیاتر چالاک بوونی ڕێکخراوەکەتان لە داهاتوودا و بتوانن بە داڕشتنی بەرنامە و پلانی کاری تۆکمەو سەردەمیانە کاریگەری زیاترتان بێت لەسەر ئاڵوگۆڕە خێراکانی ڕەوتی ڕزگاری خوازی گەلی کورددا. هیوادارین بە بیری ئاوەڵاوەو بە گیانێکی لێبووردەیی داهاتووی خۆتان هەڵبسەنگێنن‌و هەنگاو بنێن بەرەو پێشەوەو بتوانن بە وزەو توانای لێوەشاوەیی‌یەوە بیر لە چۆنیەتی بەهێزکردنی بزووتنەوەو خەباتی لاوانی کورد لە کوردستان‌دا بکەنەوە. بەداخەوەساڵیانێکی زۆرە کە ژنان‌و لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو سەرەڕۆی ئاخوندی‌یەوە تووشی هەڵاواردن‌و بەش مەینەتی هاتوون‌و تووش بوون بە ماددە سڕکەرەکان، بێکاری، هەژاری‌و خەمۆکی، هەوڵ بۆ خۆ لەنێوبردن‌و بە دەیان خەساری دیکەی کۆمەڵایەتی دەست‌و داوێنی پێ‌گرتوون، هەر بۆیە ئەرکی ئێمەی ژن‌و ئێوەی لاوانی ناسیۆنالیست‌و شۆڕشگێڕ بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواو بە حەقەکانمان‌و دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان بەدەستی خۆمانەوە، ئەرکێکی قورسەو وشیاریی‌و لەخۆبووردوویی دەخوازێ. بەڕێزان هەر وەک ئاماژەمان پێدا لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی‌دا بە هەزاران لاوی ئازادی‌خوازی گەلەکەمان لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم‌داو لە ژێر ئەشکەنجەو زەبرو زەنگ‌و سێدارەدا شەهید بوون، بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی کە جێگای سەربەرزی‌یە ئەوەیە کە سەرەڕای تەواوی ئەمانە ڕژێم نەی‌توانیوە لاوانی نیشتمانەکەمان بە چۆک دابێنێت‌و دەستەوەستانیان بکات، بەڵکوو بە پێچەوانە کچان‌و کوڕانی لاوی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە بەرامبەر ئەو ڕژێمەدا ڕادەوەستن‌و لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان پێداگرن.

لە کۆتایی‌دا جارێکی دیکە پیرۆزبایی گرتنی شەشەمین کۆنگرەکەتان لێ‌دەکەین‌و ئاواتەخوازیین کۆنگرەیەکی پڕ دەستکەوت‌و سەرکەوتوو بێت.

سەرکەوێت خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان

سەرکەوتووبێت شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان
١٧ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی
٧ی ئاگوستی ٢٠١٢ی زایینی




# پەیامی ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پەیامی ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن بەڕێز تاهیر قەزایی جێگری سکرتێری ئەنجومەنەوە پێشکەش کرا:

بەڕێزان!
بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
میوانە بەڕێزەکان!

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی لاوانی کوردستان بە گشتیو ئەندامانولایەنگرانی یەکیەتییەکەتان بە تایبەتی دەکەینو هیوا دەخوازین کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت بێو بەسەرکەوتنەوە کۆتایی پێ بێو ببێتە هەوێنی ئیرادەی ڕەوتی چوونەپێشی کاروانی خەباتو تێکۆشانتان تا گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکەتان.
بەرێزان!

پرۆسەی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستان بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیو بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی هەزینە و تێچووی قورسو گرانی بۆ تەرخان کراوە. لاوانی خەباتگێڕی گەلەکەمان بە سازماندەیی سەردەمیانە و مۆدێرنو بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو بوارەکانی گونجاو و مومکین هەوڵیان داوە لە راستای پێوەندی گشتیو میدیاییو، لە ئاست تێکۆشانی عەمەلیو مەیدانیەوە شوێن پەنجە و کارتێکەریان هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەدا. بە لەبەرچاوگرتنی هەلو مەرجو دۆخی ئێستای ئێرانو کوردستانو ئەو شەپۆلی گرتنو سەرکوتو ئێعدامەی کە کۆماری ئیسلامی دژ بە کۆمەڵگا وەڕێی خستووە، دەبینین لاوان لە قوربانیدانو فیداکاری لە ڕیزی پێشەوەدا بوونو کارەکتەری سەرەکی بوون. ئەگەرچی دەسکەوتی لاوان لەم قۆناغەدا بەرچاوە، بەڵام بێگومان کارکردنی زیاترو رێکخستنی هەمەلایەنەی چالاکییەکانتان لە ئێستادا لە هەموو کاتێک پێویستترە کە دەتوانێت داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەستەبەر بکات.
لاوانی خەباتگێڕو خۆراگر!

ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێلگیرانە هاودەنگیو هاوخەباتی خۆی لە پێناوی پشتگیری لە ویستو داخوازە مەشروع و ڕەواکانتان تا وەدییهاتنی ئامانجەکانتان رادەگەیەنێ.

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٠١٢/٨/٧
١٣٩١/٥/١٧




# راپۆڕتی سیاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شەشەمی لاوان

**ئەم راپۆڕتە لە لایەن هاوڕێ "مەنسوور سەممار"ەوە پێشکەش کرا:**

لاوانی تێکۆشەر!

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

بە تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر کۆنگرەی پێنجەمی لاواندا بۆ جارێکی دیکە لاوانی تێکۆشەرو ئازادیخواز بە هەوڵو هیممەتیان لاپەڕەیەکی دیکەیان لە مێژووی ئەم ڕێکخراوەدا تۆمار کردو سەلماندیان کە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانیدا دەتوانێ درێژە بە کاری ڕێکخراوەیی بدا. ئەگەرچی سێ ساڵ بۆ کارو تێکۆشان ماوەیەکی زۆر نیە، بەڵام بەهۆی خێرایی تێکنیک لە ژیانداو ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان ئەم سێ ساڵە لە زۆر ڕووەوە جێگای لێوردبوونەوەو هەڵوێستە کردنن. لە ماوەی نێوان کۆنگرەی پێنجەم بۆ کۆنگرەی شەشەمدا گەلێک ئاڵوگۆڕ روویان داوە کە بۆ ئێمە جێی سەرنجن کە بەم شێوەیە لەم راپۆڕتەدا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**لاوان:**

لاوان بە بەراورد لەگەڵ توێژی مام ناوەندو بەساڵاچووانو، بە هۆی توانایی جەستەییو هەستی پڕجۆشو خرۆشیان، زیاتر بەرەو داهاتوو دەڕوانن، واتە خوازیاری بینینو ئەزموونی نوێن. لەڕستیدا لاوان خاوەن شوناسو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، فیکریو سیاسی سەقامگیر نین، بەڵکوو بە شوێن دەستەبەرکردنی شوناسێکی تاکەکەسیو گرووپی سەقامگیر دەکەون. هەر بۆیە گەڕان، پرسیارکردنو ناسەقامگیری بەشێکی سەرەکی لە سایکۆلۆژی لاو پێک دێنن کە ئەو تایبەتمەندییانە نوێخوازی، ئەکتیویو داینامۆیی کە لە ئاکامدا گۆڕانخوازبوونی توێژی لاوانی لێ دەکەوێتەوە. بەو پێیە لاو چ وەک تاکو چ وەک توێژ بکەرێکی گۆڕانخوازی کۆمەڵگەیە.

**کوردستان:**

هەر وڵاتو کۆمەڵگەیەک هەڵگری کۆمەڵێک نۆرمو بەها، دەرفەتو مەترسی، بەستێنی سیاسیو کولتووری تایبەتە کە بەرهەمی نەوەکانی پێشوویە. هەر وڵاتو کۆمەڵگەیەک بە پێی ئەوەی خاوەنی سیستمێکی دیمۆکراتیک یان ئیستبدادی بێ، کولتوورێکی سێکۆلار یان تێئۆکراتیکی هەبێ، ئابوورییەکی بەهێز یان لاوازی هەبێو دواجار پێشکەوتوو یان دواکەوتوو بێ، باندۆری ئەرێنی یان نەرێنی بە سەر توێژی لاواندا دادەنێ. بەو پێیە هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی هەلومەرجە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵێک ئەرک دەخاتە سەر شانی توێژەکانی دیکە بە تایبەتی توێژی لاوان. لە کوردستان کە لە ژێر دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی دایە، خەبات بۆ دیمۆکراسیو خەبات بۆ سەربەستی نەتەوەیی ئەرکی هەموو تاکو گرووپەکانی کۆمەڵگە یەک لەوان توێژی لاوانە.

**جیهان:**

لە ئاستی سەرتر لە تاکو کۆمەڵگەکانیش، جیهان بەردەوام لە حاڵی گۆڕانو گەشەسەندن

دایە. ڕوودانی شۆڕشی زانیاریی‌و پێوەندیی‌یەکان، لە گەڵ ئەوەدا کە ڕەوتی گواستنەوەی زانیاری‌و بەرهەمە فیکری‌و کولتووری‌یەکانی خێراتر کردوە، کۆی جیهانیشی زیاتر لە هەمیشە لێک گرێ داوە. لە ئاکامی شۆڕشی پێوەندی‌یەکان نە تەنیا شتومەک، بەڵکوو بەرهەمە فیکری‌و فەرهەنگی‌یەکانیش بەسەر هەموو وڵاتانی دیکەدا بڵاو بوونەتەوە. ئەمڕۆکە کاریگەری ماهوارەو ئەنتەرنێت‌و میدیا بە سەر تاکو کۆمەڵگەکان بە خێرایی لە حاڵی پەرەسەندن دایە و کاریگەری بنیاتە نەریتی‌یەکانی کۆمەڵگە وەک بنەماڵەو قوتابخانە کەمتر بۆتەوە. بە گشتی بەجیهانی‌بوون وای کردوە کە هەر ڕووداوێک بەدەر لەوەی کە لە چ شوێنێک ئەنجام بگرێ کاریگەری بە سەر شوێنەکانی دیکەی جیهان هەبێ. لە دەست پێ‌کردنی گۆڕانکاری‌یەکانی جیهانی عەرەبی‌و ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی موبارک‌و بن عەلی‌و قەزافی و...، هەم لاوان‌و هەم ئەنتەرنێت‌و فەیس بووک‌و بە گشتی میدیایی ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا. دیارە لاوانی وڵاتانی عەرەبی لە درێژەی گۆڕانکاری‌یەکانی جیهانی عەرەبی‌دا بە هۆی نەبوونی ڕێکخستن‌و نەبوونی ئەزموونی کاری گرووپی لە ئاراستە بەخشی بە گۆڕانکاری‌یەکان‌و هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی عەرەبی ڕۆڵێکی کەمتریان هەبوو. دنیای ئاڵۆزو لێک گرێدراوی ئەمڕۆکە پێویستی بە خێرایی‌و هاوکاری‌یەکی بەرفراوان هەیە کە ئەو تایبەتمەندی‌یانە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە دابین دەکرێ. ڕێکخراوەکان بەستێنی بەشداری فیکری‌و بەکردەوەی گرووپەکانی خەڵک‌و کاناڵیزەکردنی خواست‌و هێزی گرووپە کۆمەڵایەتی‌یەکان پێک دێنن. هەروەها ڕێکخراوەکان بەردەوامی‌و سەقامگیری دەبەخشنە کاری گرووپی‌و لێک تێ‌گەیشتنێکی هاوبەش دروست دەکەن‌و لەو ڕێگەیەوە شوناسێکی گرووپی بۆ ئەندامەکانیان بەرهەم دێنن.

**لاوان بە بەراورد لەگەڵ توێژی مام ناوەندو بەساڵاچووان‌و، بە هۆی توانایی جەستەیی‌و هەستی پڕجۆش‌و خرۆشیان، زیاتر بەرەو داهاتوو دەڕوانن، واتە خوازیاری بینین‌و ئەزموونی نوێن. لەڕستی‌دا لاوان خاوەن شوناس‌و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، فیکری‌و سیاسی سەقامگیر نین، بەڵکوو بە شوێن دەستەبەرکردنی شوناسێکی تاکەکەسی‌و گرووپی سەقامگیر دەکەون. هەر بۆیە گەڕان، پرسیارکردن‌و ناسەقامگیری بەشێکی سەرەکی لە سایکۆلۆژی لاو پێک دێنن کە ئەو تایبەتمەندی‌یانە نوێ‌خوازی، ئەکتیوی‌و دینامۆیی کە لە ئاکامدا گۆڕانخوازبوونی توێژی لاوانی لێ دەکەوێتەوە. بەو پێیە لاو چ وەک تاک‌و چ وەک توێژ بکەرێکی گۆڕانخوازی کۆمەڵگەیە**

### هەلومەرجی خەباتی مەدەنی‌و دامەزراندنی ڕێکخراوە سینفی‌یەکان لە ئێراندا

گەشەی کولتووری گشتی‌و بردنەسەری ئاستی وشیاری لەهەر کۆمەڵگەیەکدا لە ئەرکەکانی دەوڵەت دێتە ئەژمار. ئەمڕۆکە خودی خەڵکیش لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانە هەنگاویان هەڵێناوەو لە ڕێگەی چالاکی لە نێو ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە هەوڵی کەم کردنەوەی بۆشایی‌و کەمتەرخەمی‌یەکانی دەوڵەت لەنێو بەستێنی گشتی دان. لە ئێستادا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان(NGO) لە تەواوی دنیادا هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتەکان لە بوارەکانی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی، یارمەتی خەڵکی هەژار و ...، چالاکی دەکەن. چالاکی لەو ڕێکخراوانەدا دڵخوازانەیە و بە گشتی مەبەست لەو چالاکیانە قازانج‌و سوودکردن نییە. ئەو ڕێکخراوانە هەر ئەو جۆرە کە لە ناوەکانیشیان‌را دەردەکەوێ ڕاستەوخۆ بە بەشێک لە دەوڵەت ئەژمار ناکرێن، بەڵام ڕۆڵێکی گرینگ وەک پردێکی پێوەندی لە نێوان تاک تاکی خەڵک‌و دەسەڵاتداران‌و تەنانەت خودی کۆمەڵگەش‌دا دەگێڕن.

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی جۆراوجۆر چالاکی دەکەن‌و زیاتر بە ئاراستەی بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسی یان کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەندامەکانیان هەوڵ دەدەن. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە باشترکردنی شوێنی ژیان، هاندانی گرووپ‌و خەڵک بە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، بردنەسەری ئاستی خۆش بژێوی خەڵکی هەژارو ...، بە هێنانە بەر باسی بەرنامەیەکی هاوبەش‌و یەکگرتوو بکەین. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان یەکێک لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە قەڵەم دەدرێن‌و ڕادەی چالاکی‌و

ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەی هەر وڵاتێک دێتە ئەژمار. هەر بۆیە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان تێدەکۆشن لە یاساو پراکتیکدا یارمەتیدەرو هاندەری خەڵک بن بۆ کارو چالاکی لە نێو ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا. بۆ وێنە لە مادەی ٦٠ لە یاسای مەدەنی وڵاتی سویسدا هاتووە کە: «ئەنجومەنگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی، زانستیو ...، لەو کاتەوە دەستەی دامەزرێنەر(هیات موسس) لە چوارچێوەی بەرنامەو پێڕەوێک بیناسێنێت ئەگەر ئامانجی ئابووری نەبێ دەبێتە خاوەن کەسایەتی حقووقی. لە وڵاتی ئێران چالاکی گرووپیو خێرخوازانە لە کۆنەوەوە بوونی هەبووە، بەڵام پێک هێنانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە ناوەڕۆکو کارکردی ئێستا لەمێژ نییە. لەڕاستیدا ئێران لە شەپۆلی سێهەمی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانە لە ئاستی جیهاندا چووە ریزیانو پانتایی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە لە ماوەیەکی زەمەنیی درەنگتر گەیشتە ئێران. ڕەنگە بکرێ بڵێین کە ترۆپکی کاری ڕێکخراوەکانی ناحکوومی لە گەڵ هاتنەسەر کاری محەممەدی خاتەمی سەرۆک کۆماری باڵی ڕیفۆرمخوازی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦ دەستی پێکرد کە بە دروشمی پەرەدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی هاتە سەر کارو تا ڕادەیەک توانی بەستێنێک بۆ پێکهاتنو چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دروست بکاو بە پێشکەش کردن گەڵاڵەی پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ساڵی ١٣٨١ بە پارلمانی ئێران، ڕۆڵی «NGO"کانی جێگیر کرد، بەڵام بەداخەوە بە هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ئەحمەدینژاد چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بۆوە. دەوڵەتی ئەحمەدینژاد بە ڕاشکاوی چالاکی ئەو ڕێکخراوانەی لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەداو لە هیچ هەوڵێک بۆ لاوازکردنو بەرتەسک کردنەوەیان تەنەخی نەکردوە.

دەوڵەتی ئەحمەدینژاد سەرەتا بە دابەش کردنی ڕێکخراوەکان بە «ئەرزشی« و «نائەرزشی» ویستی ڕادەی ئەو ڕێکخراوانە کەم بکاتەوەو لە دوا هەنگاویشدا بە هێنانی پرۆژەی چاوەدێری بەسەر چالاکی، کارو ڕێکخستنی «NGO"کان بۆ پارلمان دەیەوێ بەستێنە بەرتەسکەکانی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە بە تەواوەتی لە نێو ببا. سەرەڕای تەواوی ئەو گوشارانە چالاکانی مەدەنی ئەو بیاڤە چونکە دڵخوازانە لەو بوارەدا کار دەکەن، بەردەوام هەوڵ دەدەن تا بە دیتنەوەی ڕێگەو شێوەی تازە درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن. هێندێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کە هەروا توانیویانە ئیزنی چالاکی نواندنیان هەبێ چالاکییەکانیان تا ئەو شوێنەی کراوە کەم کردۆتەوە. ئەو ڕێکخراوانەش کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی وەک مافی مرۆڤ، مافی ژنانو منداڵانو ...، چالاک بوون بە ناچاری ڕوویان هێناوەتە چالاکی نواندن لە بواری خزمەت گوزاری. کەشی ئەنجامدانی چالاکی بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانو لە نێو ئێتنیکەکانی ئێراندا زۆر بەرتەسکترە. چالاکانی مەدەنی لەو ناوچانە زیاتر ڕوویان بۆ چالاکیی شێوە "NGO"یی هێناوە. وڵاتی ئێران خاوەن کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییە، بەڵام بەداخەوە لە پێکهاتەیەکی سیاسیو کولتووری ناوەندگەراو یەک زمانە کەڵک وەردەگرێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. چالاکانی مەدەنی کەمە نەتەوەکان زۆربەی هەوڵو چالاکی خۆیان بو لابردنی ئەو هەڵاواردنە سیاسی، کۆمەڵایەتیو زمانییە چڕ کردۆتەوە. لە کوردستان چونکە ڕوانینێکی ئەمنییەتی بۆ چالاکانی مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا یەکجار زیاترە، هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوانە زۆربەی چالاکییەکانیان لە نێو بواری فەرهەنگی ئەدەبیدا چڕ کردۆتەوە. پێکهاتنی شێوە "NGO"کانی وەک ئەنجومەنە ئەدەبییەکانو ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی فێرکردنی زمانی کوردی یەکێک لە ڕێگەکانی مانەوەو بەردەوامیی چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە کوردستانە. "NGO"کان لە کوردستان هەرچەند کەمنو، لە ژێر گوشارێکی توندی ئەمنییەتی دان، بەڵام بە ناسینی وردی دەرفەتەکانو کەڵک وەرگرتنی تەواو لەو دەرفەتانە هەوڵ بۆ ڕاکێشانی خەڵک دەدەن.

بەڕێوەچوونی ڕێو ڕەسمە شکۆمەندەکانی نەورۆز لە لایەن چالاکانی مەدەنیی کورد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤو زیندووەو لەگەڵ بوونی هەموو ئەم لەمپەرانەشدا لە پوتانسیەلێکی گەورە بۆ گەشەکردن بەهرەمەندە. ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانیش لە نەبوونی دەرفەتی چالاکی کردندا دەتوانن وەک پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کار بکەنو لە ئەندامو لایەنگرانی خۆیان داوا بکەن بە چالاک بوون لەو جۆرە ڕێکخراوانەداو هەروەها پشتگیریی ماددی لە بەرنامە و پرۆژەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ئەو ڕێکخراوانە هەنگاو هەڵ بگرن.

**بارودۆخی لاوان لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا:**

پاش ئەوەی لە سەدەی مۆدێرنیتەدا کۆمەڵگا ڕوژئاواییەکان قۆناغی سوننەتو نەریتە باو و پیرۆزەکانیان تێپەڕ کردو دەسکەوتەکانی

مۆدێرنیتەیان کردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی خۆش بژیوی، لە هەموو بوارەکاندا کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکانیش کەوتنە بەرتەوژمی مۆدێرنیتەو سەرەتا شەپۆلێکی فراوان لە ئامرازو کەرەسە مۆدێرنەکان روویان کردە ئەو وڵاتانە. بەم شێوەیە قۆناغێکی ئاڵۆزو پڕ کێشە دەستی پێکرد کە هەمان قۆناغی تێپەڕ بوون لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنیتە بوو. لەو قۆناغە دایە کە نۆرمو بەهاو دژ بە یەکەکان دەکەونە بەرامبەر یەکتر. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە هەنگاوی بەرەو مۆدێرنیتە هاویشتووەو پێگەیەکی دیکەی لە سوننەتدا چەقیوە. لەو نێوەدا چینی لاوان زیاتر لە هەموو چینەکانتری کۆمەڵگا لەهەر دوو جەمسەری سوننەتو مۆدێرنیتەوە دەکرێتە ئامانج، نەبوونی دیمۆکراسیو حکوومەتی دیمۆکراتو دادپەروەریو ئاوێتە کردنی دوو چەمکی ناتەباو نەگونجای ئایینو حکوومەت وای کردوە کۆمەڵگای ئێران وەک کۆمەڵگایەکی ماندوو و نەخۆش بێتە ئەژمار.

لە لایەکی دیکەوە بوونی وەها حکوومەتێک دەبێتە کۆسپی گەورە لە بەردەم هاتنە ناوەوەی بەهاکانی مۆدێرنیتە. بە واتایەکیتر حکوومەتی نادیمۆکراتیکو ناسیکۆلار هاوکات لەگەڵ ئەو ساتە وەختە مێژووییەی بە گشتی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان تێیدا کە هەمان قۆناغی تێپەڕبوون لە سوننەتەوەیە بەرەو مۆدێرنیتە. دوو هۆکاری هاوتەریبو تەواوکەرن لە تێکدانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیدا.

وشیارترین توێژ لە بەرامبەر کۆی ئەو بارودۆخەدا توێژی لاوانیش کە قەیراناویترین قۆناغی تەمەنیاندا تووشی تەمەنێکی قەیراناوی ژیانی کۆمەڵگا بوونەتەوە. لێرەدایە شوناسی تاکە کەسی بەرەورووی پرسیارو گومان دەبێتەوە. چیتر سنوورەکانی جوانو ناشیرین، چاکەو خراپە یا باشەو عەیبە کورت نابنەوەو لە هێڵێکدا هەمووی ئەو چەمکانە تێک دەچرژێنو پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ دەکرێ. شەڕی رەهاگەریو رێژەگەری پێ دەنێتە قۆناغێکی یەکلا کەرەوەو نوێنەرانی هەرکام لەو دوو چەمکە هەوڵ دەدەن ئەندێشە، بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیان پەرە بستێننو باڵادەستی خۆیان بسەلمێنن. بەو پێشەکییەوە دەمانهەوێ لەو بەشەی راپۆرتەکەماندا بە کورتی ئاماژە بە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی بکەین کە ئەمڕۆکە بەرۆکی لاوانی گرتووەو بوونەتە خەساری کۆمەڵایەتی. لاوان لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەر نین لە هیچ کام لەو کێشانەی باسمان کردنو بگرە گەلێک هۆکاری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵاتی دیکە هەن کە لاوانیان کردۆتە قوربانی.

**نائومیدی:**

یەکێک لەو بنیاتانەی ژیانی لەسەر بنیات دەنرێ، ئومید بە ژیانو بە داهاتووە. ناکرێ مرۆڤ ئومیدی نەبێو، یا لە دەستی بدا لە هەمان کاتدا ژیانێکی بەختەوەر بژی. ئومید روانینە بۆ داهاتوویەکی گەش کە تێیدا مرۆڤ بتوانێ لانی کەم بەشێک لە ویستەکانی دەستەبەر بکا. لاوان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە خواستە ئینسانییەکانیان بێبەش کراون، هەر چەشنە ئازادییەکی کۆمەڵایەتییان لێ زەوت کردوون، تەنانەت ژیانی تاکە کەسیشیان لە بەرەدم دەست درێژی دایە وەک خواردن، خواردنەوەو جل لەبەر کردنو گوێدانە موسیقیو شایی و... هتد.

بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان تا ئێستاش خاوەن پێکهاتەیەکی عەشیرەتییە و دەتوانین بڵێین چەقین لە قۆناغی پێش مۆدێرنە تایبەتمەندییەکی گشتگیرە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان. پێوندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان ئاسەواری سەردەمی دەرەبەگایەتی پێوە دیارە، ئەو وێنەیە لە ژیانی راستەقینەیەو دەبێ دیانی پیا بنێین کە سەرۆک عەشیرەو ریش سپیو بە گشتی "پاپ" پەسندی دەکەن. لێرەدا لاوان پاشکۆی کردارو ئەندێشەی باوکانو پیاو ماقوولانن. ئەگەر نەبێتە زێدەرۆیی دەتوانین بڵێین بەشێک لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان بەم شێوەیە و بەشەکەیتریشی هەوڵەکانی بۆ دەرباز بوون لەو شێوازە لە ژیانو لە پەیوەندی تاکو کۆمەڵگا بێ ئەوەی ئاکامێکی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە، بەردەوامە. وەسفی ئەو کۆمەڵگایەی کە لاوانی کوردستانی تێدا دەژی لە راپۆرتێکی لەم چەشنەدا ناگونجێ. بەڵام بە کورتی دەبێ بڵێین لاوان لە قوربانییە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرو ئایینی لە لایەکو پیوندییە پێش مۆدێرنەکانی کۆمەڵگا لە لایەکی دیکەن. بەرچاوترین دەرکەوتی ئەو چەشنە ژیانە لە دەست دانی ئومێدو هیوا بە داهاتوو بە ژیان و بەختەوەرییە.

**ئێعتیاد:**

زۆر لە مێژە رێژەی تووشبووانی ئێعتیاد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بکرێ ناوی دیاردەی لێ بنرێ. ئەمڕۆ کەمتر شار و شارۆچکەو ئاوایی بەدی دەکرێ کە ئێعتیاد بەرۆکی ژمارەیەک لە خەڵکی نەگرتبێ کە بەداخەوە لاوان دیسان زیاترین رێژەی تووشبوونیان بەر کەوتوەو زیاترین رێژەی مۆعتادان لاوانن. هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆرن کە هەم خۆ لە هۆکاری نێوخۆییو هەم هۆکاری دەرەکی دەبیننەوە. بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لە گرینگترین ئەو هۆکارانە دەکەین.

بێگومان هەڵکەوتی جوغرافیایی

رۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێک لە ئێران کاریگەری لەسەر ئاسان دەسکەوتنی ماددە سڕکەرەکان هەیە. ئێران جیرانی گەورەترین بەرهەمهێنەری ماددە سڕکەرەکانە لە جیهانداو پردی پەڕینەوەی بەشی هەرە زۆری کالایانە بۆ رۆژئاوا. هەر بۆیە ئەو ماددانە بە ئاسانی دەست لاوان دەکەون.

پەرەگرتنی ئامرازەکانی راگەیاندنو گەیاندن وای کردوە کە بتوانین هەموو کونو کەلەبەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی سیاسی، ئابووریو تاکەکەسی جیهانی پێشکەوتوو ببینین، لە کاتێکدا دەستەبەر بوونی ئەو ژیانە لە کۆمەڵگایەکی وەک رۆژهەڵاتی کوردستان نامومکینە. لاوانی کورد ژیانێک لەو پەڕی سنوورەکانەوە دەبینێ و بەو پێیە ژیانێک دەبینێو زۆر لە ژیانی خۆیو کۆمەڵگاکەی جیاوازە، لێرە دایە لاوان تووشی قەیرانی شوناس دەبنو هەست بە بۆشایییەک لە ژیانیاندا دەکەن. بەو شێوەیە کرداری دزیو ئێعتیاد بە ماددە سڕکەرەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایییە دەروونییەکان دێتە ئاراوە، هەڵبەت دەوری بە ئانقەستی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدان بەو دیاردە نگریسە نابێ لە یاد بکەین.

**هەڵاتنی مێشکەکان:**

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە کۆسپێک لە بەردەم گەشەو بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاو کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر هەموو بیاڤەکانی ژیانی کۆمەڵگا جێ هێشتووە، راکردن یا دەرکردنی نوخبەی سیاسی، ئابووری، زانستی و ... ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیندانێکی بەرینو قەفەسەیەکی گەورەیە کە ئەستەمە نوخبەی کۆمەڵگا بتوانێ تەحەمولی بکاو راو بۆچوونی ئیدەکانی خۆی دەربڕێو، یان جێبەجێیان بکا. بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەو چینە لە کۆمەڵگای ئێرانیان سەرکوت دەکرێو دەرفەتی پێویستی بۆ گەشە پێ نادرێ یان دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانەوە.

دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان یان واباشترە بڵێین دەرکردنی مێشکەکان تەنیا تایبەت نیە بە ئێرانو ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو کۆچی مێشکەکان بە گشتی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا دبینرێ. بەڵام ئەوە سەرنج راکێشە بەرەو ژوورچوونی خێرایی هەڵاتنی مێشکەکان کە زیاتر لە لاوان پێک هاتوون لە چەند ساڵی رابردوو دایە. بە تایبەت بەدوای هاتنە سەرکاری باڵی توندڕەو و کەللەشەقی ئوسولگەراکان لە ئێرانو بوون بە سەرکۆماری ئەحمەدینژادو بەتایبەتیتریش بە دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمارو رووداوەکانی دوای هەڵبژاردن ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی خوێندەوارو چالاکانی سیاسیو مەدەنی پارێزەرانی ژینگە و ... نیزامیان جێهێشتو ژیانی تاراوگە نشینیان هەڵبژارد.

**بێکاری:**

لە کۆمەڵگای ئێران بە حەشیمەتی حەفتاوپێنج ملوێن کەسەوە ساڵانە زیاتر لە یەک ملوێن لاو دێنە نێو ریزی خوازیارانی کار کە بەشی زۆریان خوێندەوارنو دەرچووی زانکۆکانن. بە سەرنجدان بە دۆخی نالەباری ئابووری لە ئێران، بە سەرنجدان بەوەی کە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی یاسای ئامانجدار کردنی یارانەکان کە بەشێکی زۆر لە یەکەکانی بەرهەمهێنانی لە سەراسەری ئێران ئیفلیج کردوەو سەرئەنجام بە سەرنجدان بە نابەرپرسیاریەتی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ژیانو گوزەرانی لاوان بە شێوەیەکی تایبەت، دەرفەتی کار زۆر لەوە سنووردارترە کە بکرێ ژیانێکی شایستە بۆ ئەو رێژە زۆرە لە لاوان پێک بێ.

بێکاری ئەو دیاردە دزێوە کە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی دیکە وەک لادانە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەگرتنی خۆ کوژی، ئایدز، کۆچ بەرەو هەندەران، قەیرانی سایکۆلۆژی، لێک هەڵوەشانی بنەماڵەو ... هتد.

ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە نالەبارە لەنێو نەتەوە ژێر ستەمەکانو بە تایبەتی لەنێو لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بەرفراوانترو گشتگیرترە. روانینی دەسەڵاتدارانی ئێران بە پرسی کوردو لاوانی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتەکەیانە و لە لایەکی دیکەوە روانینی شۆڤێنیستانەی نەتەوەی باڵادەست سەبارەت بە کوردستان، کێشەی بێکاری لە کوردستان زۆر ئاڵۆزتر کردوەو هێندەی دیکە دەرفەتەکانی کارکردنی بۆ لاوانی کورد بەرتەسک کردوە.

**بارودۆخی خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکاری:**

لە نیو سەدەی رابردوودا لە بەراورد لە گەڵ چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرێ بڵێین خوێندکاران چالاکترین توێژی کۆمەڵگا بوونو بەردەوام لە ریزی پێشەوی خەبات لە دژی کۆنەپەرستیو چەوتدا بوون. بزووتنەوەی خوێندکارییو رۆڵی چالاکانی خوێندکارانو بە تایبەت لەو کاتانەدا کە کۆمەڵگا لە بێدەنگیدا بووە، چرای هیواو هومێدی ئازادیخوازان بووە. بۆیە هەموو رەوتو لایەنە سیاسییەکان

لە ئێراندا بە گرینگی‌یەوە بۆ ڕۆڵی خوێندکارانیان ڕوانیوەو هەوڵیان داوە زیاترین پێگە لەنێو ئەو توێژەدا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە گرینگی‌یەوە چاوی لە بابەتەکە کردووەو لە یەکەم ڕۆژەکانەوە هەوڵی داوە زانکۆو خوێندکاران لە کۆنترۆڵی خۆی‌دا بهێڵێتەوە. هەرلەم پێناوەش‌دا لە چوارچێوەی پرۆژەیەک بە ناوی شۆڕشی فەرهەنگی‌دا زانکۆکان بۆماوی نزیک بە دوو ساڵ داخران‌و نزیک بە ٢/٣ی مامۆستایانی زانکۆو ١/٣ی خوێندکاران دەرکران. دواتریش هەوڵی پەروەردە کردنی ئیدئۆلۆژیک لە زانکۆکان‌دا درا. بەڵام گۆڕانکاری‌یەکان‌و ڕووداوەکانی ساڵاکانی دوایی بە تایبەت لە دەیەی ١٣٧٠ دەریان‌خست کە دەسەڵات لە پرۆژەکەی‌دا زۆر سەرکەوتوو نەبووەو جارێکی دیکە زانکۆ، بوونەتەوە ناوەندێک بۆ ئاڵا هەڵگری بیری پێشکەوتن‌خوازانە لە هەر دوو ئاستی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا. نیوەی دووەمی دەیەی ١٣٧٠ و نیوەی یەکەمی دەیەی ١٣٨٠ لەڕاستی‌دا بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگەی، چالاکترین‌و کاریگەرترین بزاڤی دژ بە دەسەڵات بوون. هەر بۆیە دوای هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد پرۆژەیەکی بەربڵاو بۆ سەرکوت کردن‌و بێ دەنگ کردنی زانکۆ هاتە ئارایەوە کە هەندێک لە بەرپرسانی بە ئاشکرا دەستەواژەی شۆڕشی فەرهەنگی دووهەمیان بەکار دەهێنا. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا کە هەنگاو بە هەنگاو جێ‌بەجێ دەکراو تا ئێستاش بەردەوامە لە ماوەی پێنج ساڵدا بە سەدان چالاکیی خوێندکاری دەرکران، لە خوێندن بێ‌بەش کران. بە سەدان خوێندکار دەست‌بەسەرو حوکمی قورسیان بەسەردا سەپا. لە ژێر ناوی خانەنشینی‌دا بە سەدان مامۆستای جیابیر خانەنشین کران. وانەکانی خوێندن لە بەرژەوەندی ئیدئۆلۆژی ڕەسمی دەسەڵات‌دا گۆڕانکاری‌یان تێدا پێک هات. خوێندکارانی کچو کوڕ لە چوارچێوەی بەرنامەی هەڵاواردنی ڕەگەزی(تفکیک جنسیتی) لێک جیا کرانەوە، بە چەشنێک تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە پازدە زانکۆ لە ئێراندا بەرنامەی هەڵاواردنی ڕەگەزی جێ‌بەجێ کراوە. هەروەها چەندین بەرنامەی دیکە لە چەشنی "کرسی‌های آزاد اندیشی" و... لە چوارچێوەی سیاسەتی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لە زانکۆکان بەڕێوە دەچن. ئەمنییەتی کردنی کەشی زانکۆکان لە ئاستێک‌دا پەرەی سەندوە کە بە کراوە ئیمکانی کۆبوونەوەی چەند خوێندکار لە شوێنێکی زانکۆدا نەماوە. بۆیە لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی خوێندکاران لە بەراورد لە گەڵ ساڵەکانی پێشتردا زیادی کردوە.

**بارودۆخی خوێندکارانی کورد:**

بارودۆخی خوێندکارانی کوردو بزووتنەوەی خوێندکاری کورد وەک خوێندکارانی دیکەی ئێران بە دۆخێکی ئاستەمدا تێ‌پەڕ دەبێ. لە ساڵانی ڕابردوودا جموجۆڵی فەرهەنگی‌و سیاسی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان‌دا زۆر بەرچاو و دیار بووەو دەتوانین بڵێین ئەگەر خوێندکارانی کورد لە گەڵ خوێندکارانی نەتەوەو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەراورد بکەین ئەوە خوێندکارانی کورد لە ڕووی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و چالاکیی مەدەنی‌یەوە زۆر لە خوێندکارانی بەشەکانی دیکەی ئێران چالاکتر بوون. دەرکردنی دەیان گۆڤارو بڵاوکراوەی خوێندکاری بە زمانەکانی کوردی‌و فارسی، گرتنی دەیان کۆڕو سیمنارو کۆنفرانس لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە کوردستان، بەشداری چالاکانە لە ناڕەزایەتی‌یە خوێندکاری‌یەکان هەمووی دەرخەری ئەم ڕاستی‌یەن. بەڵام بەداخەوە خوڵقاندنی کەشی ترس‌و تۆقاندن‌و سیاسەتەکانی کۆنترۆڵی زانکۆ کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بۆتە هۆی ئەوەی کە جموجۆڵی خوێندکاری کوردیش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەی خوێندکارانی کورد کە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک دەست‌بەسەر کردن، بێ‌بەش کردن لە درێژەدان بە خوێندن، سەپاندنی حوکمی قورس‌و ... بە بەراورد لەگەڵ خوێندکارانی دیکەی ئێران زۆر زیاتر بووە.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ خوێندکارانی کوردو بزووتنەوەی خوێندکاری کورددا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کورد باڵێکی بەهێزی بزووتنەوەی میللی–دێمۆکراتیکی کوردستانە، هەربۆیە بە گرینگی‌یەوە دەڕوانێتە ئەو بزووتنەوەیە و پێی وایە کە ڕۆشنبیرانی لایەن‌و ڕەوتە سیاسی‌یەکانی کوردستان دەبێ زۆر بە هەستیاری‌یەوە بۆ ئەم بابەتە بڕوانن‌و هۆکاری یارمەتیدر بن تا سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچوون لەنێو خوێندکاران‌دا بزووتنەوەی خوێندکاری کوردو چالاکانی ئەو بزووتنەوەیە بکەنە گوتارێکی هاوبەش‌و یەکگرتوو.

**ڕوانگەی لاوان لەهەمبەر پرسی ئافرەتان بە گشتی‌و ئافرەتی کورد بە تایبەتی!**

لێکدانەوەی بارودۆخی ژنان‌و کچان لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە هێندێک بواردا دڵخۆشکەرەو جێی سەرنج‌و

تێ‌رامانەو لە هێندێک بواریش دڵتەزێنە، بە خۆشی‌یەوە ژنانو کچانی ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە تەنیا بە چەکی زانست دەتوانن خۆیان لە داوی کولتووری پیاوسالاری رزگار بکەن، رادەی قەبووڵی کچان لە زانستگاکانی ئێران حەفتا لەسەد زیادی کردووەو بە خۆشی‌یەوە ئێستا دەبینین کچان جگە لە باری چەندایەتی، لە باری چۆنییەتی(کیفیت)یش‌دا توانیویانە هەنگاوێکی باش هەڵبگرن. بۆوێنە لە دوازدە کەسێک کە لە تاقی‌کردنەوەی ئەم ساڵ(١٣٩١) لە چوار گرووپی ئامووزشی بوونەتە خاوەن پلەی یەکەم تا سێهەم، حەوت کەسیان کچن‌و بۆ یەکەم جار دەبینین کچێکی کورد توانیویەتی پلەی یەکەمی گرووپی علوومی تەجرووبی بە دەست بێنێ. بەرزبوونەوەی رادەی قەبووڵی کچان لە زانستگاکان بەداخەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو مەترسی‌یەک لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیە لە چەند ساڵی رابردوودا بە گەڵاڵە کردنی تەرحی جیاکردنەوەو هەڵاواردنی رەگەزی زانستگاکانو بێ‌بەش کردنی کچان لە هێندیک لە رشتەکان هەوڵ دەدەن پێش بە چوونی کچان بۆ زانستگاکان بگرن.

روانینی دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنو یاسای حیجابی زۆرەملی، بۆتە هۆی ئەوە کە چالاکی نواندنی کچان لە زۆربەی بوارەکان‌دا ئاستەنگی تێ‌بکەوێ، رەنگە بەرچاوترینی ئەو بوارانە بواری وەرزش بێ. کچانو ژنان لە ئێران‌دا ناتوانن لە وەرزشگاکان بۆ دیتنی کێ‌بەرکێ وەرزشی‌یەکان وەکوو پیاوان بەشدار بن، لە بەشداری زۆربەی رشتە وەرزشی‌یەکانیش لە ئاستی نێوخۆو جیهانی بێ‌بەشن. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پۆلیس لە ژێر سێبەری تەرحی ئەمنییەتی ئەخلاقی لە وەرزی هاوین‌دا پۆل پۆل ژنانو کچان دەستگیرو رەوانەی زیندانیان دەکەن. لە ئاستی کاری رێکخراوەیی ژنان، لە چەند ساڵی رابردوودا دەسەڵات لە هیچ کارێک بۆ داخستنی رێکخراوەکانی ژنان خۆی نەپاراستووە، بەداخەوە ئێستا دەبینین لە نێوخۆی ئێران رادەی رێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان‌دا لە پەنجەکانی دەست تێ‌ناپەڕن، گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان کە لەلایەن ئەو رێکخراوانەوە چاپو بڵاو دەکرانەوە تووشی داخران بوون، گۆڤاری راسان کە تەنیا گۆڤاری تایبەت بە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو داخراوەو هەر ئێستاش بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاک لە بواری مەدەنی‌و ژنان لە زیندان دان. بارودۆخی ژنان لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی ئێران زۆر خراپترە، کولتووری پیاو سالاری کۆمەڵگەی کوردەواری گەورەترین لەمپەرە لەبەردەم کارو چالاکی ژنان، کە لابردنی پێویستی بە کاری رێکخراوەیی‌و کولتوورسازی لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگەیە، هەروەها کاری میدیایی لەو بەشەدا زۆر پێویستە، بەڵام بەداخەوە میدیاکانی کوردی‌و بەتایبەت "تی. ڤی"یە کوردیەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات لەو بارەیەوە زۆر کەم کارن‌و ئەگەر بەرنامەیەکی هەفتانەش بڵاو دەکەنەوە تەنیا تایبەتە بە هەواڵو راپۆرت، بەداخەوە میدیای فارس بە باشی ئەم دەرفەتەی قوستۆتەوەو بە نیشاندانی رووخسارێکی نەرمو نیانو باش لە پیاوی فارس لە فیلمو سریاڵەکان‌دا وای کردوە کە کچانو ژنانی کورد حەزیان بە زەماوەندکردن لەگەڵ پیاوی فارس‌دا بێ.

ئێستاشی لەگەڵ بێ بەرزترین ئاماری خۆکوژی‌و خۆسووتاندنی ژنان تایبەت بە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانە، خەتەنەکردنی کچان لە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان نەریتێکی ناشایستی دژ بە ژنانە کە ئێستاش هەر بەردەوامە. لەم هەلومەرجەدا ئەوەی کە تا رادەیەک دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە لە دو ساڵی رابردوودا هاوپێوەندی‌یەکی باش لە نێوان چالاکانی ژنانی رۆژهەڵات لە دەرەوەی کوردستانو بە تایبەت لە باشووری کوردستان پێک هاتووە، کۆدەنگی ژنانی رۆژهەڵات لە رەوتی کونگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێرو بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ژنانی روژهەڵات لە باشوورو لە وڵاتی سوئێد تا رادەیەک دەتوانێ هیوابەخش بێ بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان بە گورتر بێ.

**ئەرکەکانمان لە ئێستادا:**

- هاندانی لاوانی کوردستان بۆ بەشداری لە نێو خەباتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا.
- پتەوکردنی ریزەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەو نێوخۆی وڵاتدا.
- گرینگی‌دان بە پێوەندی‌یەکانمان لە چوارچێوەی پێوەندی بە رێکخراوە هاوشێوەو تایبەتەکانی لاوان لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌دا.
- گرینگی‌دان بە کاری راگەیاندن بۆ پەروەردە کردنی کادری رێکخراوەیی.
- گرینگی‌دان بە کچانو ژنانی ئەندام لە رێکخراودا.

# بڕیارنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

به جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی

له بەستێنی دیالۆگ و هاوپێوەندییەکی نیشتمانیدا

کۆنگرەی 6

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١: بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵو گرینگی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیو، ئۆگریو پێوەندییەکی چڕوپڕی لاوان لەگەڵ دنیای ئینتێرنێتو ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پێوەندیی بەرینو بەربڵاو لەگەڵ ڕێژەیەکی زیاتر لە لاوان، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی پێویستەو لەسەر شانیەتی کە تینو تاوێکی دیکە بەم بوارە بدا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لاوانی پسپۆڕو شارەزا بۆ کار لەم بوارەدا بۆ لای خۆی ڕابکێشیو کاریان پێ بسپێرێ.

٢: یەکیەتیی لاوان لە بەرامبەر ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە چالاکییە مەدەنییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا نەک هەر بێتەفاوەت نابێ، بەڵکوو بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوان لەسەر شانیەتی بە وردی ئەم ڕووداوانە تەعقیب بکاو لەم بوارەدا چالاک بێو هەڵوێستو پلانی بەوەختو کاریگەری هەبێو ڕۆڵی زیاتر بگێڕێ.

٣: لەسەر کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشە بە چالاکی لە بوارەکانی دەورە، کارە هونەریو وەرزشییەکان، کۆڕو سیمینار، ڕاسپاردەکانی پەسندکراوی کۆنگرە زیاتر بخاتە بواری عەمەلییەوەو بە مەبەستی پەروەردەکردنی لاوەکانو چالاک کردنیانو هەروەها ئاشنا کردنیان بە بەرنامەو ئامانجەکانی یەکیەتی لاوان پلانو بەرنامەی گونجاو دابنێ.

٤: پێویستە بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتی لاوان لە کارو تێکۆشانەکانیدا بەشداریی ئەندامەکانی بگەیەنێتە ئەو پەڕی خۆیو هەستی بەرپرسایەتیی زیاتر لەنێو ئەندامەکانیدا پێک بێنێ. بەشدار کردنی ئەوان لە داڕشتنی بەرنامەو پلانەکانو تەنانەت بڕیارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرییشدا لە ڕێگەی وەرگرتنی نەزەراتو بۆچوونیان ڕێگایەکە کە کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەتوانێ ئاستی بەشداریو هەست بە بەرپرسایەتی کردن لەنێو لاوانی ئەندامدا بەرێتە سەر.

٥: پێویستە کۆمیتەی بەڕێوەبەری میکانیزمێکی گونجاو دابنێو فەزایەکی لەبار پێک بێنێ بۆ ئەوەی کچانی ئەندام لە یەکیەتی لاوان ڕۆڵو دەوری چالاکتریان لە تێکۆشانەکانی یەکیەتی لاواندا هەبێ. پێویستە فەزایەکی سالمی وا بخولقێ کە یەکیەتی لاوان ئێعتوباری لەوە زیاتریشی لەلای دایکو باوکی کچە لاوەکان هەبێو ئەوان نەک هەر لە بەشداریی کچەکانیان لە کارو چالاکیەکانی کچەکانیان لە یەکیەتی لاواندا نەبنە کۆسپ، بەڵکوو هاندەریان بنو دڵنیا بن لەوەی کاتی بێکاریی خۆیانو تەعتیلاتەکانیان بە بەرنامەی باشو بە کەڵک لە یەکیەتی لاواندا دەبەنە سەر.

٦: خوێندکاران ڕێژیەکی زۆر لە حەشیمەتی لاو پێک دێنن. کەوابوو مەسەلەکانی پێوەندیدار بە خوێندکاران بە تایبەتی بزووتنەوەی خوێندکاری بواری کارو تێکۆشانی یەکیەتی لاوانیش دەگرێتەوە. هەر بۆیە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی گرنگییەکی تایبەتی دەدا بەم بوارەو پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خوێندکارانو ڕەنگدانەوەی کێشەو مەسەلەکانی خوێندکاران لە ڕاگەیاندندا جێگای تایبەتیی هەیە.



# کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆڵو بەشداری کچانو ژنان لە کۆنگرەدا

**شەونم هەمزەیی**

کۆنگرە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیمۆکراسییە کە دەرفەت دەدا بەو ڕێکخراو و سەندیکا سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی کە لەنێو کۆمەڵگادا دروست دەبن تا بتوانن بە باشترین شێوازی سەردەمیانەو بەشێوەیەکی ئازادو یەکسان خۆیان ڕێک بخەنەوەو هەنگاو بنێن بۆ نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری لەنێو ئورگانو بەشە جیاوازەکانی حزبو ڕێکخراودا.

کۆنگرە وەک یەکەمو بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراو یان حیزبێک، بوارو مافی ئەوەی هەیە کە گۆڕانکاریو دەسکاری هەموو خاڵو برگەو یاسا نێوخۆییو دەرەکییەکانی نێو پێکهاتەکەی بکا. هەر ئەندامێکی بەشداربوو لە کۆنگرەدا وەک یەکو بەیەک ماف هەقیان هەیە، باسو خواس بێننە ئاراوەو داوای گۆڕانو ڕەخنەو گازندە لە کاری ڕابردوویانو پلانڵدانان بۆکاری داهاتوو بکەن.

کۆنگرە ڕۆڵی نوێبوونەوەو گۆڕانگاری، لەهەمان کاتدا توانایی دەسکاریو شیکاری لە ڕێبازو دارشتنەوەی دەقو قەوارەدا دەبێ. «دەق»، لە پوختەکردنو بەهێزکردنی خاڵو ئامانج لە پەیڕەو و یاساکانی نێو ئورگانیدا، «قەوارە» لە دارشتنەوەو هەڵبژاردنی چەند کەسانێک بۆ بەڕێوەبردنو بەرپرسیاری لە ئورگانو ڕێکخراودا، هەروەها دارشتنەوەی بەشە نێوخۆییەکانی دیکەی نێو ئورگانەکان. ئەم دوو ئامانجە سەرەکییە کۆنگرە دەبێ لە کەشو هەوایەکی دیمۆکراتیکدا بەڕێوەببردرێ، تا بتوانێ ڕێڕەوی شەرعییەتو ڕەسمییەتی خۆی وەربگرێو جێگەی ڕەزامەندی بەدەنەو دەوروبەر بێ.

لێرەدا بە پێویستم زانی باسێک لە کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆڵو بەشداری کچانو ژنان لە کۆنگرەدا بکەم.

بەڵام سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئاوڕێک بدەمەوە لە ڕابردوو، لە چۆنیەتی بەشداری کچان لە بوارە جیاجیاکانو چالاکی نواندنیان، هەروەک بۆ هەموومان ئاشکرایە لە ڕابردوودا بەشداریو چالاکی ژنان زۆر لە ئاستێکی کەمدا بووە، لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە جیهاندا بە سەدان ژنی کورد هەیە کار بۆ کوردایەتی دەکا، بەڵام ژنی کورد زۆر ستەمی بینیوە، بارودۆخی ژنان بە گشتیو بە تایبەت لە کوردستان، زۆر خراپەو بەردەوام لە چەوساندنەوەدا دەژین، بەهۆی ئەوەی لە بارودۆخی ئێستادا زۆربەیان پیاوەکەیان یان منداڵێکیان یان خزمێکی نزیکیان کوژراوە، یان لە بەندیخانەدا ژیان بەسەر دەبا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەرزن، چونکە کۆمەڵگەی کوردی پێ بەپێی پیاوان لەسەر شانی ژنانیش دامەزراوەو ماندوو بووە، ئێستاش هەروەک جاران قارەمانو قوربانیدەرەو دڵسۆزە. بەڵام دەبینین ژنان سەرەڕای هەموو چەوسانەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان لە خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیان بەردەوامن، هەروەها هۆکاری کەمتر بەشداری کردنی ژنانیش زۆر جار دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاریتر

وەک ئەوەی کە ژن خاوەن منداڵەو کاری ماڵەوە دەکا یان ئەو دابو نەریتو فەرهەنگەی کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە کە ژنان هەموو کات قوربانی ئەم دابو نەریتانەن، کولتووری کوردەواری بە یەکسانی سەیری ژنو پیاو ناکا بۆیە زۆربەی کات ژنان لە پەراوێز خراونو لە زۆربەی کارو بارو چالاکییەکان هەڵاواردراون.

هەروەک بۆ هەمووان ئاشکرایە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٧ی گەلاوێژی ئەم ساڵ(١٣٩١) بە دروشمی «بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگو هاوپێوەندییەکی نیشتمانیدا» دوای دوو رۆژ کاری بەردەوامو کۆمەڵێک لێدوانو باسو موناقشەی بەردەوامو بە هەڵسەنگاندنو وردبینییەکی تەواو لە خۆی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا، لە کاتێکدا کۆنگرەی لاوان گیرا کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە کوردستاندا رووی داوە، لاوانیش بێگومان هەموو کات رۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمەو بە یەکێک لە خاڵەکانی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەی دەزانم رۆڵی بەرچاوی ژنانو کچانە کە پێم وایە دەکرێ وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ لە مێژووی یەکیەتی لاواندا بێتە ئەژمار، چونکە یەکێک لە هەوڵو ئامانجەکانی یەکیەتی لاوان نەهێشتنی جیاوازی رەگەزییەو هەوڵدانی بۆ زیاتر بەشداری کردنی کچانو ژنان لە کارو چالاکییەکانە شان بە شانی پیاوان، هەروەک لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێکرد ژنان لە سەردەمی ئێستادا لە هەوڵەکانیان بەردەوامن، هەر لە پەیوەندی لەگەڵ کۆنگرەی لاواندا پێم خۆشە ئاماژە بە رۆڵی ژنان بکەم لە بەشداریان لە کۆنگرەکاندا هەروەک بەشداریان لە کۆنگرەی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، یان کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە توانیان رۆڵیان هەبێو زۆر ئەرک وەئەستۆ بگرن یان هەڵوێستو یەک دەنگیان لە کۆنگرەی نەتەوەیی ژنان کە لە هەولێر لە ماوەی ساڵی رابردوودا بەڕێوەچوو، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە یەکیەتی لاوان وەکوو رێکخراوێک توانی زۆر باش لەم بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێو بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدا رێژەی بەشداری ژنانو کچان زیاد بکا. لە گرتنی کۆنفرانسەکانو هەروەها بەشداری پێکردنیان وەکوو میوان لە کۆنگرەدا، بە خۆشحاڵییەوە ژنانو کچانیش زۆر باش توانیان لە بەرامبەر کۆنگرەدا بەرپرس بنو زۆر چالاکانە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ گەیاند لە بچوکترین ئەرکەوە کە کۆنگرە پێی ئەسپاردبوون، توانیان شان بە شانی کوڕانی لاو لە هەموو ئەرکەکانی کۆنگرە لە بواری راگەیاندنو پەیوەندی کردنو هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، تەنانەت لە رێو رەسمی کرانەوەی کۆنگرەشدا رۆڵی بەرچاویان بینی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ژنانی ئەندامی کۆنگرە لە زۆربەی باسو بابەتەکاندا چالاکانە بەشداربوونو بیروڕاو پێشنیارو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕیو هەوڵیان دەدا کاریگەرییان لەسەر بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرە هەبێ. هەروەها کاریگارییان لەسەر راپۆرتی سیاسیو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆو بڕیارەکانی کۆنگرەدا بوو. بەشێوەیەکی گشتی پرسی ژن جێگای تایبەت بەخۆی هەبوو، یەکێک لە خاڵەکانیتر کە جێگای ئاماژەیە راپۆرتی سیاسی کۆنگرە بوو کە بەشێکی تایبەت کرابوو بە پرسی ژنانو چالاکی ژنانو ئاستەنگەکانی بەردەمیان لە پێشکەوتندا، هەروەها یەکێک لە کارەکانیتری کۆنگرە هەڵبژاردن بوو، هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری بوو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی رێکخراو، بە خۆشحاڵییەوە ژنانو کچان زۆر باش بەشدارییان کردو خۆیان هەڵبژارد. ئەوەی جێگای سەرنجە کۆنگرە بۆ زیاتر بەشداری پێکردنی ژنان، بە تێکڕای دەنگ بڕیاری ئەوەیان دا کە ژنان پشکی تایبەتیان هەبێ، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی کۆنگرە کە وەک میوان بانگهێشت کرابوون لە ژنانو کچان بوون، بۆ ئەمەش کۆنگرە بڕیاریدا کە میوانیش مافی خۆ هەڵبژاردنی هەبێ بەبێ مافی دەنگدان، ئەوەش دووبارە رێگە خۆشکەرێکیتر بوو کە ژنان زیاتر بتوانن بەشدار بن، بە خۆشحاڵییەوە ژمارەیەکی زۆر لە کچانو ژنان وەک ئەندامی بەڕێوەبەری هەڵبژێردران، پاش کۆنگرەش زۆرێک لە ئەرکەکانی رێکخراوەییان وەئەستۆ گرتووەو دڵسۆزانە بە پێی توانا کار دەکەن، ئەمانەو گەلێک خاڵیتریش لە تایبەتمەندییەکانی کۆنگرە بوو کە وای کرد شێوازێکی نوێو گۆڕانکارییەکیتر لە قەوارەی ئەم رێکخراوەدا دروست بێ کە ئەوەش یەکێک لە ئامانجەکانی یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

# «پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»

## کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان/ لقی کۆیە

برووسکەی پیرۆزبایی...

بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

گەرمترین‌و جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین ئومیدەوارین ئەم کۆنگرەیە ببێتە چەترێک بۆ ئەوەی تەواوی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر سایەی‌دا بە خەباتی مەدەنی‌و جەماوەری بتوانن تەواوی هەوڵەکان وەگەر بخەن بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات....

دوبارە پیرۆز.....

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی
کوردستان/ لقی کۆیە
٢٠١٢/٨/٧

## ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆبەڕێز/کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سڵاو و ڕێز:

وێرای پیرۆزبایی بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتان، بەوهیوایەین کۆنگرەو بڕیاراتو پەسەند کراوەکانی بە سەر کەوتوویی بەئاکام بگاتو ئامانجەکانی بپێکێ.

بەڕێزان، لەهەلو مەرجێکدا کۆنگرەکەتان دەبەسترێ کە دۆخی لاوان لە کوردستان بە هۆی پیلانە شوومەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران زۆر مەترسیدارەو هەر ڕۆژ لاوانی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری وەڵات بە دیاردەگەلێکی نوێوە گیرۆدە دەبن، بەداخەوە ئەم دیاردانە تەنها لەیەک ڕاستادا نیە، بەڵکوو لە هەموو بارەکانی وەک کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری‌و سیاسیەوەیەو بەتەواوی تەنگی بە لاوان هەڵچنیوە.

هەربۆیە لە وەها هەلو مەرجێکدا پێویستە ریکخراوەکانی لاوان زیاتر لە رابردوو گرینگی بەو دۆخە بدەن، هاوکات لە گەڵ خەسارناسی ئەو وەزعە، بە بەرنامەو پلانەوە لە راستای قازانجەکانی لاوان هەنگاو هەڵگرن‌و هەوڵی تەواو بخەنەگەڕ بۆ وریاکردنەوەیان لە بەرنامەو پیلانەکانی رژێم. لە هەمان کاتدا پەرە بدرێ بە وشیاری نەتەوەیی لە نێو ئەو توێژە ئەساسی‌و گرینگەی کۆمەڵگای کوردستان.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەمان بەبۆنەی بەستنی کۆنگرە بەریزەکەتان!

ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی
ئیران
دەستەی بەڕێوەبەری

## پەیامی یەکیەتیی گشتی قوتابیانی کوردستان بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێز: یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سڵاوێکی تێکۆشەرانە!

بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەتانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین‌و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ ڕێزدا:

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتیی گشتی قوتابیانی کوردستان

## پەیامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان لە یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سڵاو و ڕێزێکی بێ سنوور...

بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیەکەمانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی یەکەبەیەکەی ئەندامانتان دەکەین، بە بۆنەی ئەنجامدانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیەکەتان، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڕێزان ئێوە لە کاتو ساتێکدا کۆنگرە دەبەستن کە خەریکە گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی ناوچەکە ئاواتی بەشێکی‌تری کوردستان دێنێتەدی، ئەوەیش ئازاد کردنی ڕۆژئاوای کوردستانە! بەو ئومێدەی پرشکی گۆڕانکاریەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا باکوورو ڕۆژهەڵاتی بووکی کوردستانیش بگرێتەوەو هەمووومان لە ژێر سێبەری ئاڵای بەرزی کوردستانی گەورە پشووی ئازادی بدەین.

ئێمە لە یەکێتیەکەمانەوە بە گرینگی‌یەوە دەڕوانینە ئەم کۆنگرەتان بەو هیوایە بڕیارو ڕاسپاردەی گرینگی لێ بکەوێتەوە بۆ یەکخستنەوەی یەک هێزی تواناکانی توێژی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەر گۆڕانکاری‌یەکدا ئێوەی لاوان پێشەنگ بن وەک چۆن لە ڕابردووش‌دا پێشەنگ بوونە....

سەرکەوتوو بێت کارەکانی کۆنگرە.

بە ئومێدەوە کۆنگرەی داهاتووتان لە مهابادی شارەکەی پێشەوا قازی بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا...

یەکیەتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق

مەکتەبی سکرتاریەت

## پەیامی پیرۆزبایی فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان ڕێکخەران، بەڕێوەبەرانو بەشداربووانی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتانو کۆنگرەو لاوانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازین.

گەنجان بزوێنەرو بڕبڕەی پشتی خەباتی ئازادو ڕزگاری‌خوازانەی هەموو گەلانن، بۆیە هیواداریین ئەم کۆنگرەتان چالاکانە لە هەموو گۆڕەپانەکاندا بڕەو بە تێکۆشانەکەتان بدەنو تێکرای ئومێدەکانی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بهێنێتە دی، چونکە بەرپرسیاریەتیەکی مێژوویتان لەسەر شانە.

بێ‌گومان گەیشتن بەو ئامانجە لە گرەوی پتەوکردنو پێشخستنی یەکڕیزی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. هەر بۆیە هیواداریین کە ئەم کۆنگرەیە بتوانێت لەو بوارەشەوە ئەرکو بەرپرسیارێتی خۆی پێک بێنێتو لە پێناو کەم کردنەوەی ناکۆکیەکانو هاتنەدی یەکڕیزی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی بڕیاری گرینگو پێویست دەربخات. ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان ئەم چەند پێشنیارەتان لە پێناو زیاتر بەرەودان بە خەباتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش دەکەین، ئەم پێشنیارانەمان لە سەر بنەمای بڕاوی تەواومان بە وزەو توانای لە بن نەهاتوو و داهێنان و بوێری گەنجانو لاوانە. هەر ئەوەش هانمان دەدات داواتان لێ‌بکەین زیاتر دەرگا بە ڕووی گەنجاندا بکەنەوەو ببنە مەکۆی هاندەری خەباتی پێشکەوتووخوازانەی گەنجانو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێمە لە ئەندامێتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی چالاک لە ناو فیدراسیۆنەکەمان خۆشحاڵین‌و هیواداریین لە دوای ئەم کۆنگرەیە بەشداریتان پڕ ڕەنگترو چالاکانەتر بێت لە جاران.

له گەڵ ڕێزدا:
سۆران ڕەمەزان عەلی سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان

## بە ناوی خودای گەورە
## پەیامی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بۆ شەسەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە لایەن فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیەوە بۆ بەستنی "شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کە ئەندامن لە فیدراسیۆنەکەمان، پیرۆزبایی گەرمیان ئاراستە دەکەین، هیواداریین کە کۆنگرەکەتان پڕ سوودو بایەخ بێت بۆ ئێستاو داهاتوو!

بەڕێزان: ئێوە لە کاتو ساتێکدا کۆنگرە دەبەستن، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاڵو گۆڕانکاری‌یەکی خێراو لەبەرچاودا دەبیندرێ‌و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی سەر حوکم خەریکە کۆتایی‌یان پێ بێت.

ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ مافو خەباتی تێکۆشەرانی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ وەدی هێنانی مافو ئەرکە پیرۆزەکەتان...

هەر سەربەرزو سەرکەوتوو بی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی کۆیە
٢٠١٢/٨/٧

## یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وێڕای سلاوێکی گەرم
ب/ پیرۆزبایی

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی نوێی ڕێکخراوەکەتان جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین‌و ئاواتە خوازین بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لە ڕاستای وەدیهێنانی خواستەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بێت، ئاگادارین، ئینشعاباتو ئەودابڕانانەی لە ماوەی ٦ ساڵی ڕابردووی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەداخەوە کاریگەری لەسەر ڕێکخراوەکانی لاونیش دانا، هەست بە بەرپرسیاریەتی ئێوەی بەڕێز پاش جودابوونەوە بەهۆی گۆڕینی ناو و لۆگۆی ڕێکخراویی توانی پێوەندییەکی دوستانە لەگەڵ ئێمە لە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دروست بکات، بەو هیوایەی لە داهاتودا زیاتر بتوانین هاوکاری یەکتربین لە ڕاستای دەستەبەر بوونی مافو ویستەکانی لاواندا.

« جارێکی دیکە پیرۆزباییتان پێ دەڵێین‌و ئاوتمان سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەکەتانە«.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هەیئەتی ئیجرایی
١٣٩١/٥/١٦ی هەتاوی

## یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق/ لیژنەی کۆیە

بەڕێزان: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بەڕێزان: ئەندامانی کۆنگرەی شەشەم!

سلاوێکی هاوڕێیانە!

لە ناخی دڵمانەوە جوانترین پیرۆزبایی‌تان لێ‌دەکەین بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کورستان، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین. بۆ نوێ بوونەوەی ڕێکخراوەکەتان بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵگاو هاتنە ئارای کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و ئازاد کۆنگرەکەتان ببێتە فاکتەرێک بۆ هوشیار کردنەوەی لاوی کورد و ئاشنابوون‌یان بە مافەکانی خۆیان‌و بەسەردەمی دێموکراتی.

دیارە لای هەمووان ئاشکرایە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە قوربانی‌دان‌و خەباتی نەپساوەی هەیە لە خزمەت کردنی توێژی لاوان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێگای باسە چەندین لاوی لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا قوربانیان داوەو گیانی خۆیان کردوە بە قوربانی بۆ گەل‌و نیشتمانەکەیان‌و ئازادی خاکی کوردستانەوە. هەروەها چەندین سەرکردەی بەتوانا لە ناو ئەم ڕێکخراوەیە هەڵکەوتوون کە ئێستا لە کایەکانی‌تری کۆمەڵگا خزمەت دەکەن.

ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان عێراق لیژنەی کۆیە هاوکاری ئێوەی بەڕێزین لە تێکۆشان بۆ هاتنە ئارای کۆمەڵگایەکی مەدەنیو ئازادو هەروەها هاوخەمو هاوبەشی ئەو دایکە جەرگ سووتاوانەین کە رۆڵەکانیان رۆژانە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران بە پەتی سێدارەوە هەڵدەواسرێن تەنها لە بەر ئەوەی کە کوردن، یان بە دەیان لاوی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانەکانی ئێران، لە لایەن جەللادەکانەوە ئەشکەنجە دەدرێن، بۆیە بەڕێزان تێکۆشانی لاوانی رۆژهەڵات کاروانێکی دوورودرێژە لە خەباتو قوربانیدان.

هەر لەم کۆنگرەی بەرێزتانەوە ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق لیژنەی کۆیە هاوڕاو هاو هەڵوێستین لە گەڵ لاوانی رۆژئاوای کوردستان پاڵپشتی خۆمان دووبارە دەکەینەوەو هاوبەشی خەمی ئەوخێزانە کوردانەین کە رۆڵەکانیان بوونەتە قوربانی دەستی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بۆ تەواوی گەلی سوریا. هیوادارین کۆنگرەکەتان ببێتە مایەی بەدیی هێنانی مافە رەواکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

دووبارە پیرۆزبایتان لێدەکەین، سەرکەوتوو بێت شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

نەمریو سەربەرزی بۆشەهیدانی کورد

سەرکەوتوو بێت هێزی پۆڵاینی لاوانی کورد

دیار نامیق سکرتێری لیژنەی کۆیە
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی لە
کوردستانی عێراق
کۆیە ٢٠١٢/٨/٧

## پەیامی کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵات بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

بەرێزانو تێکۆشەرانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان!

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵاتەوە پیرۆزبایی دەستپێکی شەشەمین کۆنگرەتان لێ دەکەینو هیوادارین بە باشترین ئەنجامەوە کۆتایی بە کارەکانتان بێنن. هەروەها رۆڵو کارکردی ئێوەی خۆشەویست لە دەورەی رابردووی کارەکانتاندا بەرز دەنرخێنینو هاوکاتیش پەیامی ئێمە بۆ کۆنگرەکەتان دەربڕینی پشتیوانیو هاوکاری کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵاتە بۆتان بۆ ئەوەی هەر دروشمێک کە خزمەت بە یەکڕیزیو هاوخەباتی لاوان بکات لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا، بگاتە ئەنجامو قۆناغی بە کردەوە دەرهاتن.

وێڕای ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز:
دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵات
ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پەیامی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

تێکۆشەرانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان!

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرو ئەندامەکانی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی شەشەمین کۆنگرەی رێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەین.

هەروەها هیوامان گەیشتن بە باشترین دەرەنجامەکانە بۆ کۆنگرەکەتان.

لێک هەڵپێکانی وزەو تواناییەکانی لاوانی خەباتکاری کوردی رۆژهەڵات لە زەرفێکی دیاری کراودا بە جۆرێک کە بتوانێت هێزی رێکخراوەکانیان کۆ بکاتەوە، بە دڵنیاییەوە پێشهاتێکی پێویستو جێگای چاوەڕوانی تێکۆشەرانو خەمخۆرانی بواری لاوانی کوردستان بوو کە لە ماوەی مانگەکانی رابردوودا بە بەشدرای رێکخراوەکەی ئێوەشەوە گەیشتە قۆناغی بە کردەوەو دەرهاتن کە لێبڕاوەییو هەوڵەکانی یەکیەتی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێناوەدا دیارو بەرچاو بووە.

باوەڕمەندبوون بە گرینگایەتی رۆڵی لاوان لە بزووتنەوەی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستاندا، بێگومان چ بە سەرنج بۆ مێژووی بزووتنەوەکە و چ بە سەرنج بۆ رووداوەکانی ئێستای جوغرافیای سیاسی کوردستانو ناوچەکە، پتر لە هەموو کات بەرچاوو ئاشکرایە. بۆیە لە راستیدا وەک یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی فیدراسیۆنەکەمان جارێکی دیکە پشتیوانی دەردەبڕین لە هاوخەباتیو هاوکاری لە گەڵ ئێوەو هەموو رێکخراوە بەشدارەکانی

ئەو فیدراسیۆنەو هەروەها پشتیوانی دەردەبڕین لە دروشمی سەرەکی کۆنگرەکەتان کە لە خاڵە پێویستو کۆڵەکە سەرەکییەکانی هاوخەباتییە.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەینو ئاواتمان سەرکەوتنی هەرچی زیاتری کۆنگرەکەتانە.

دەستەی بەڕێوەبەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پارتی ئازادی کوردستان
## گرووپی کاری قوتابیانولاوان

بەڕێز دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم.

خۆشحاڵین بە بۆنەی سازدانی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان، بەناوی خۆمانو سەرجەم ئەندامانی گرووپی کاری قوتابیانو لاوانی پارتی ئازادی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی بەڕێزتانو گشت ئەندامانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئەندامانی کۆنگرە دەکەین.

یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەلومەجێکدا کۆنگرەی شەشەمی خۆی پێک دێنێ کە هەلکردنی شنەبای ئازادییو گەردەلوولی ڕاماڵینی دەوڵەتو سیستەمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەو ڕزگاریی بەشێکی دیکە لە نیشتمانەکەمان، ڕۆژئاوای کوردستان، پەیامی تێکرمانی تاجو تەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانو هەلاتنی خۆری ئازادییو سەربەخۆیی بۆ گەلانی ئێران بەگشتیو نەتەوەکەمانی بە تایبەتی هەلگرتووە. لەم هەلومەرجەدا پتەوکردنی ڕیزی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستانو هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکان لەپێناو سەربەخۆییو بەدەوڵەت بوونی کورد دا ئەرکی ئێستاو داهاتووی لاوانە.

وێڕای ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان، هیواداریین بڕیار و ڕاسپاردەکانی ببێتە هەوێنو هاندەری پێکهاتنی هاوکارییەکی بەرفراوان لەنێوان هەموو ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستان، ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوەو جارێکی دیکە پێ لەسەر پتەوکردنی پێوەندی نێوانمان دادەگرێتەوە.

بەڕێزەوە:

گرووپی کاری قوتابیانو لاوانی پارتی ئازادیی کوردستان

١٧ی گەلاوێژی ٢٧١٢

٧ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## یەکیەتیی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان

بەڕێزان؛

سکرتێرو ئەندامانو دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی(٦)ی ‹›یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان››!

بەناوی ‹›یەکیەتیی لاوانی شۆڕشگێری کوردستان›› خۆشحاڵین بەوەی کە لە دەسپێکی شەشەمین کۆنگرەکەتاندا بەشدارینو بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین.

بەڕێزان!

گومان لەوەدا نییە لە هەر کۆمەڵگایەکی تەندروستدا توێژی لاوان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایەن، بەڵام ئەمە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە جۆری دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە.

بەداخەوە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا توێژی لاوانیش وەک سەرجەم چینو توێژەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایە، لە مافە ڕەواکانی خۆیان بێبەرین.

هەرچەند کە بە درێژایی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لاوانی پێگەیشتوو، هیچکات دەستەوەستان نەبوونو بە درێژایی ئەم سێ دەیەی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشێکی بەرچاوی لاوانی کورد بوون بە بزوێنەرو هێزی بازوو و هێزی بەرەنگاریو هێزی هزری شۆڕشگێڕانەی ناو ڕیزەکانی حیزبە کوردستانییەکان.

هەرلەو پێوەندییەدا، ئێستا کە یەکیەتییە تێکۆشەرەکەتان لە بەستنی کۆنگرەی شەشەمی خۆی دایە، «یەکیەتیی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان›› پێشنیار دەکات کە:

١: تاوتوێکردنی پرسی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، جیاواز نییە لە پرسو چارەنووسی سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. کەوابوو ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەرکی لاوانی شۆڕشگێڕی سەرجەم حیزبە کوردستانیەکان قورستر دەکاتو دەبێ زۆر لە جاران زیاتر لاوان لە ململانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا ڕۆڵ بگێڕن.

٢: لە ڕوانگەی ئێمەوە هەلومەرجەکە وادەخوازێت کە لە کۆنگرەی شەشەمی «یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان»دا پرسی لێک نزیک بوونەوەی حیزبە ڕۆژهەلاتییەکان زۆر بەجیددی تاوتوێ بکرێو لەو پێناوەشدا هەنگاوی بە کردەوە هەڵبهێنرێت.

٣: ئێمە وەک دۆستو دڵسۆزانی

هەردوو ڕێکخراوی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەخوازین کە پرسی یەکخستنەوەی ناوماڵی دیمۆکراتەکان تەوەرێکی گرنگی باسی ناو کۆنگرە کەتان بێت.

لە کۆتاییدا ئاواتمان سەرکەوتنی هەرچی زیاتری کۆنگرەکەتانە.

بژی کورد پایەدار بێت کوردستان!

«یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان»

٢٠١٢/٨/٧




## پەیامی کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بابەت: پیرۆزبایی!

بەڕێزان، ئەندامانو کارگێڕانی کۆنگرەی شەشەم

سەرەتا لە سەر ناوی کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(KCR) پیرۆزبایی شەشەمین کۆنگرەتان لێدەکەین.

ئێوە لە کاتێکدا کۆنگرەی شەشەمینتان دەبەستن کە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژانە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بنەڕەتی دەبێتەوەو ڕۆژانە لە لایەن گەلانی هەرێمەکەوە بەرخۆدانێکی بێهاوتا بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئازادو دیموکراتیک لە ئارا دایە. بێ گومان پێشەنگی ئەم سەرهەڵدانو تێکۆشانە کە ڕۆژانە گەورەترین بەها پێشکەشی ئەم ئامانجانە دەکەن، جەوانانن.

ئەمڕۆکە بازنەی ئەم تێکۆشانو بەرخۆدانانە بەرفراوانتر دەبێتەوەو وەک ئەرکو بەرپرسیارەتی لەسەر شانی هەموو ئێمە جەوانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە پێشەنگایەتی ئەم ڕەوتە بکەینو ئەرکو بەرپرسیارێتی نەتەوەییو جەوانانەمان پێک بێنین.

ئێمە وەک کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەیی خۆمان بۆ هەر چەشنە هاوکاری لەگەڵ هەموو ڕێکخراو و بزووتنەوەی جەوانان ڕادەگەیەنینو بەو هیوایە کە کۆنگرەکەتان بە بڕیاری باشو شیاو، سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێت.

کوردیناسیۆنی کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(KCR)

٢٠١٢/٠٨/٠٦

## برووسکەی ناوەندی لاوانی پێشڕەو بە بۆنەی گرتنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی لاوانی یەکیەتیەکەتانو سەرجەم لاوانی کوردستان دەکەین.

هەر بەو جۆرەی کە هەمووان ئاگادارین هاوکات لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیو هێرشی بێبەزەیانە بۆسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان، جەماوەری خەڵکو لاوانی شۆڕشگێڕی گەلی کورد بوون کە لە ڕیزەکانی پێشەوە، موقاومەتێکی بێوێنەنەی لە خۆیان نیشانداو بوونە هەوێنی خەباتێکی ڕەوا کە تا ئێستاش بەردەوامە. ئێستاش ئێمە وەک لاوانی کوردستانو ئەو نەسڵەی کە ئەرکی بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتە وەئەستۆ گرتووە، پێویستە کە بە گوڕو تینێکی تایبەت، مەیدانی بەو بیرۆکەیە چۆڵ بکەین کە تۆوی بێ هیوایی لە نێو لاواندا دەچێنو دەیانەوێت وزەو توانای لاوان بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لەوانە مانەوەی کۆماری ئیسلامی بقۆزێتەوە.

پڕۆژەی سیستماتیکی گیرۆدە کردنی لاوانی کورد بە ماددەی سڕکەرو بێکارکردنو نەبوونی ئابووری، سەرمایەگوزاریو پڕۆژەی خزمەت گوزاری لەنێو کوردستان نموونەگەلێکن لە سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمە بە مەبەستی تواندنەوەی ئەو کۆمەڵگایە کە تێیدا لاوان لە هەموو توێژەکانی دیکە زەرەرمەندتر دەبن. بەڵام خاڵی جێگەی شانازی بۆ لاوی کورد ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو بێ مافیانەو ئەو گرفتو لەمپەرانەی کە لەسەر ڕێگەی گەشەی لاوی کورد دەنراوە، ئەم توێژە لە دژوارترین کاتەکاندا هەڵوێستی شیاو و شۆڕشگێڕانەی لە بەرانبەر سیستەمی دەسەڵاتی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی گرتوەتە بەرو ئێستاش لە زۆرێک لە بوارەکان لەوانە خوێندنی باڵاو ئۆلەمپیادەکانو وەرزش کۆمەڵێک پلەی باڵای بەدەست هێناوە.

ئێمە وەک لاوانی کورد کە بڕیاری ڕاوەستانمان داوە، ئەو ئەرکە مێژووییو چارەنووس سازە لەسەر شانمانە کە لە لایەکەوە هەوڵ بدەین بۆ هەرچی زیاتر پووچەڵ کردنەوەی ئەو سیاسەتەی کە لاوی کوردی پێ سڕ دەکرێو پەراوێز دەخرێت، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ئێمەی ڕێکخراوەکانی لاوان بەبێ بەرتەسک بینی حیزبیو فیکری، بە گوتارێکی هاوبەشەوە بەرەوڕووی

ئەو پرسە گرینگە ببینەوە، کە ئەویش بەبێ خۆدەربازکردن لە ئیدۆلۆژیيە حیزبییەکان مسۆگەر نابێت.

کۆمەڵگای کوردستان ئەمڕۆکە کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگ لەباری بیروبۆچوون‌و پێگەیشتوو لە باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەوەیە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستان، کۆنگرەی شەشی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەستێنێکی کراوە بۆ هێنانە ئارای باسێکی وەها بێنێتە ئاراوە، کە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکان‌و لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە تەواوکەری خۆیەتی، بکەوێتە دیالۆگو ڕاگۆڕینەوە بۆ ئەوەی بتوانییمان بە ئیستراتیژیيەکی هاوبەشەوە، هەم بەرگری لە مافو دەسکەوتەکانی شۆڕشی خەڵکی کوردستان‌و بزووتنەوەکەی بکات، لە لایەکی دیکەشەوە خۆی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازادو دیمۆکراتیکو عەداڵەت خواز کە پارێزەری مافەکانی مرۆڤە ئامادە بکات.

ئێمە پێمان وایە کە لاوی تێکۆشەری کوردی نێو حیزبەکان کە ئەمڕۆکە خاوەنی ڕێکخراوەی تایبەتن، دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کە، نەخۆشی‌و ڤایرۆسی لێک ترازانەکان کاریگەی لەسەر یەکگرتوویان دانەنێت‌و ڕێککەتنەکانی خۆیان بە ئاراستەی هاوپەیمانی‌یە دوو لایەنە حیزبەکان، کە کاریگەری مەنفی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان داناوە، نەبەن. داهێنانی یەک گوتاری لەنێو لاوانی کوردستان ڕۆژهەڵات بەبێ سێکتاربوون، سارێژکردنی برینەکانی جەستەی حیزبەکان بە پرۆژەیەکی درێژخایەن، دامەزراندن‌و سەقامگیرکردنی مەدەنییەت لە کۆمەڵگای کوردستان، هەوڵدان‌و پێداگری هەمیشەیی لە بابەتی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، بنیاتنان‌و پاراستنی کۆمەڵگایەکی عەداڵەت خواز، ڕاوەستان بەرانبەر بە کلتووری دواکەوتووانەو بەرگری لە مافی بەرابەریی ژن‌و پیاو، تێکۆشان لە پێناو پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و بەرزترین دیمۆکراسی‌یەکان، ئەرکی سەرشانی ئێمەی لاوی کوردو بە تایبەتی ئێوەی بەڕێز لە حاڵی گرتنی کۆنگرەی شەشی ڕێکخراوەکەتان دان.

ئێمە جارێکی دیکە لەلایەن ناوەندی لاوانی پێشڕەو سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین‌و هیوادارین بە پەسەندکردنی بەرنامەو پێڕەوێکی شیاو، ئەمڕۆیی‌و دیمۆکراتیک، بتوانن کاریگەری ئەرێنی خۆتان لەسەر بزاڤی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان دابنێن‌و دڵنیاین کە لاوی کورد زەرفیەتی دامەزراندن‌و پاراستنی وەها کۆمەڵگەیەکی هەیە.

ناوەندی لاوانی پێشڕەو
١٧ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی
٧ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بۆ بەڕێز/یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

برووسکەی پیرۆزبایی

بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیروزبایی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان لی دەکەین، ئومێد دەکەین کۆنگرە ببێتە وێستگەیەکی‌تر بۆ بەرەو باشترو زیاتر بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگو هاوپەیوەندی‌یەکی نیشتمانی‌دا وەک چۆن لە دروشمەکەتان هاتووە، ئێمەش لە ڕێکخراوەی ئازادیی لاوانی کوردستان بەڵێنی هاوکاری‌و پشتیوانی خۆمانتان بۆ دووپات دەکەینەوەو بەهیواین ئێمەو ئێوەو ڕێکخراوەکانی‌تری لاوان بتوانین خزمەتی زیاتری لاوان بکەین‌و تۆزێک لە خەمەکانیان کەم بکەینەوەو، لە کۆتاییشدا هیوادارین حەوتەمین کۆنگرەتان لە شاری مەهابادی کوردان گرێ بدەن‌و بە ڕزگارکردنی ئەو پارچەیەی‌تری کوردستان ئەو ئاواتە لە مێژینەیەی کوردان بێتەدی.
سەرکەوتوبێت شەشەمین کۆنگرەی یەکێتیەکەتان
لەگەڵ ڕێزدا
مەکتەبی سکرتاریەت

# وەڵامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان به ریکخراوەکانی لاوان و قوتابیانی کوردستان

### پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان

بەرێزان رێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان!
کۆمەڵەو جڤاتو ناوەندەکانی پشتگیریو داکۆکیکار لە مافەکانی لاوان!
لاوانو گەنجانی سەربەرزو نەوەی داهاتووی گەلی کورد!

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانو بەتایبەتی شۆڕشی نوێ لە قۆناغی هەنووکەییداو ئاوڕدانەوەیەک لە دیاربوونی رۆڵو پێگەو شوێن پەنجەی لاوان لە پێشڕەوی ئەم راپەڕینو سەرهەڵدانە مەدەنی، کۆمەڵایەتیو سیاسییانەی کورد لە دوو سەدەی رابردووداو بەرچاویو داواکاری زیاتری لاوان بۆ بەدەست هێنانی داخوازە جڤاتی، مرۆڤیو سیاسییەکانیان هەتا ئەمڕۆ تا دێ پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێو بەرجەستەتر دەبن.

ئاگاییو تێگەیشتووی لاوان لە چارەسەرکردنو دواکەوتنی پرسە تایبەتییەکانی خۆیانو گشتییەکانی کۆمەڵگا کە لەگەڵ دیاردەی بە جیهانی بوونو تێکەڵاوی گەلانو پێوەندییە مرۆییەکان لەم سەرو ئەو سەری گوی زەوی بە ئاستێک گەیشتووە کە دەتوانین ئەو پێوەندیو لێک تێگەیشتنە وەک ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لێک بدەینەوەو لەگەڵ وەژان هاتنی ئەندامێک تێکڕای مرۆڤایەتی هەست بە ئێشو ئازارەکان دەکاو خەمخۆری پێشان دەداو ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی لەنێو گەنجانی کوردیشدا دەبیندرێو رەنگدانەوەی هەیە. خۆی ئاگادار بوون لە کێشەو گرفتەکانو پرسی گەنجانی کورد، ئاگادار بوون لە ژیانو بارودۆخی یەکتر، هاوپێوەندی، نزیکایەتیو هاوسۆزی دەربڕین بۆ یەکتر نیشانەی گۆڕانو بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەشە توندو تۆقێنەرەیە کە نەیارانی کورد بەسەر گەلەکەمانو بەتایبەت بەسەر لاوان لە چەند سەدەی رابردوودا بە زۆرە ملێ دایان سەپاندبوو.

بەهۆی پەیدا بوونو بەکارهێنانی ئامێرەکانو تێکنۆلۆژیای نوێ وەک میدیاو ئینتێرنێتو بە تایبەتی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووکو تویتێر لە زەقکردنو دەرخستنی کێشەو گرفتەکانی لاوان، ئەمڕۆ دەبینین کە لەنێو گەنجانو بەتایبەت رێکخراوەکانی لاوان لە هەر چوار پارچەی نیشتمانەکەمان ئەو سنوورە ناوچەیی، پارچەییو هەرێمییە تێکشکاون کە پێشتر گەنجێک کوردستانی بوونی تەنیا لە چوارچێوەی پارچە یا دەڤەرێکی کوردستاندا دەبینییەوەو دەنگو هاوارو بە فریا گەیشتنی گەنجی کورد لەم چوارچێوە بەرتەسکەدا تێنەدەپەڕی.

بەهاتنی سەدەی ٢١ و گەیشتنی کتوپڕ، لە ناکاو و خێرایی پێشکەوتنەکانو گەشەکردنی مرۆڤایەتی، چەسپاندنی زیاتری خەباتی مەدەنیو بەربڵاویو زۆربوونی کۆمەڵو رێکخراوە مەدەنییەکانو رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە دابەزاندی دەسەڵاتە تاکڕەویو دیکتاتۆڕەکانو سەندنەوەی بەشێک لە دەسەڵاتی حکوومەتەکان، لێرەدا هەوڵدانێکی زیاتر بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤو لاوانو گرینگی پێدانی لایەنی پەروەردەییو زانستی لە جیهاندا پڕۆسە کراو ئەو پەیامەی گەیاندە رێکخراوەکانو گەنجانی کورد کە ئەم قۆناغە قۆناغی مافەکانی مرۆڤ، خەباتی مەدەنی، خوێندەواریو زانستو پڕۆسەی کرانەوەی فەزای دیالۆگی ئازادە لەگەڵ جیهانی دەرەوەداو رێگری ئازادی رادەربڕینو گەشەکردنو سانسۆڕکردنی سنوورە مرۆییو ئەخلاقییەکان تەنیا لە بیرە وشکو هەستە تەماحکارەکاندا پاشکۆیان ماوە.

ئەمڕۆ ئێمە وەک توێژی لاو و رێکخراوەکانی لاوان لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەروەها وەک بەشێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانو دەرەوەی

وڵات زیاتر ئەو ئەرکە ئینسانیو ئەخلاقیو نیشتیمانییەمان دەکەوێتە سەر شانو دەبێ بەرپرسیارەتی گەورەتر بگرینە ئەستۆ لە هەمبەر پرسی نەتەوەکەمانو پرسی گەنجانو ئاشنا کردنی سیمای ئەمڕۆی لاوی کورد بە دونیای دەرەوەو دەبێ لاوانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکگرتووانە لە دەرەوە خۆیان وەک نوێنەرو راسپاردەو هەڵگری پەیامی نەتەوەیەک پێشان بدەنو ئەم پرسە بێننە بەر باس.

ڕێکخراوەکانی گەنجان لەهەر چوار پارچەی کوردستان!

ئەمڕۆ ئێمە کۆمەڵێک ئەرکی مێژووییو نەتەوەیی گەورەمان کەوتوتە سەر شانو جێبەجێ کردنیان ڕاستەوخۆ پێوەندی هەیە بە پرسی گەلی کوردو، بە تایبەت لاوانی کورد کە دەسەڵاتداران، بەڕێوەبەرانو مودیرانی دوارۆژی کورد پێک دێنن، ئەو ئەرکەش گرنگیدانو پاراستنو پەرەپێدانی شوناسی نەتەوەییە وەک: زمان، کولتوور، مێژوو و شارستانیەتو پرسی بە جیهان ناساندنی کەیسی ژینۆساید، کۆمەڵکوژییەکانو پاکتاوکردنی گەلی کوردە. نالەباری دۆخی مافەکانی مرۆڤو مافەکانی لاوان لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستان بە گرتنەبەری پرۆسەی درێژ خایەنو جێگیرکردنی کولتووری زۆرەملێ کە دوژمنان ویستیان لێکترازاندنو تێکشکاندنی ئیرادەی نەتەوەییو هەستی هاوپێوەندی گەنجانی کورد، لە ڕتاندن، ئاوارکردنو دابڕانیان لە خوێندنو نەدانی ئیمتیازی خزمەتگوزاری بۆ گەنجان، ئەزیەتو ئازار، بەندکردنو گرتن، ڕاونانو سووکایەتی کردن بە کەرامەتو هەستی گەنجانی کورد، لە بێکاریو تێوەگلاندن بە ماددە سڕکەرە هۆشبەرەکان ڕابگرە تا داپڵۆسینو داسەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، کەسایەتییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو تێکدانی باری گوزەرانی تێکڕای خەڵکی کوردستان هەمووی ئەوانە بنبڕو چارەسەرکردنیان لە دەستپێکدا کەوتۆتە سەر شانی لاوانی کورد.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەر چوار پارچەی نیشتیمانی دابەشکراو!

ئێستا لەگەڵ هاویشتنی هەر هەنگاو و جووڵەیەک بۆ پێشەوە، ئێمە پێویستمان بە کۆدەنگی، هاوکاری، هاوفکریو پشتیوانی یەکتر هەیەو دروست کردنی ئەو نزیکییەش لە چەند لایەندا بۆ ئێمە وەک هەل ڕەخساوەو تا ئێستا لانی کەم ڕێکخراوەکانی کوردی توانیویانە فەزایەکی ئەگەرچی تێر نەکراو و کەمیش بێ لە دیالۆگ لە نێوان لایەن، هێزو ڕێکخراوەکانو خەڵکی کوردستان لە باکوور بۆ باشوورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا تا ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە ژیان بەسەر دەبەن، دروست بکاو گەلی کوردو لاوان بەتایبەتی بە قەناعەت بگەیەنێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجو خواستو مافەکانی ئەم نەتەوە بەشخوراوە، تەنیا یەکیەتیو تەباییو یەکڕیزی نێو ماڵی کورد دەتوانێ ئەو داهاتووە گەشو پرشەنگدارە بۆ نەتەوەکەمانو نەوەکانی داهاتوو دروست بکات.

سەرکەوتنو گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەمانو وەدیی هاتنی داخوازییەکانی لاوانی کورد هیوامانە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی نیشتمان پەروەرو خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

پێشڕەوانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان!

بە چاولێکخشانێک بە مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی مافخوراوی کوردستان، لاوان ئەوهێزە بوون کە لە ریزی پێشەوەی ئەو شۆڕشە بەرفراوانەدا بوون. لاوان وەک هێزێکی کاراو دیاری نێو ئەو گۆڕەپانە ڕۆڵی گرینگو بەرچاویان گێرا، ئەوە بوو کە لەگەڵ هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو ڕەخساندنی هەلو مەرجی لەبار بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک کورد توانی خۆی سەقامگیر بکاو هێزێکی کارا لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە دەوری ڕووناکاییەک کۆبکاتەوەو چەندین جەریانو ڕەوتی جۆراوجۆر لەو بەشە لە نیشتمان سەریانهەڵ داو بووە هۆی دەسپێکێک بۆ ئەوەی کە کورد بە تەواوی داواکارییە نەتەوایەتییەکانی بەلاوە گرینگترو پڕبایەختر ببێ. هاوکات ئەو جەریانانە بوونە هۆی ئەوەی کە کورد بتوانێ بۆ یەکەم جار هێزێکی گەورە دروست بکاو بەرەنجامی ئەو هێزەش بووە هۆی ئەوە کە کاریگەرترینو بەهێزترینو گەورەترین وەرچەرخانی مێژووی گەلی کورد سەرهەڵ بدا کە ئەویش کۆماری کوردستان بوو کە بووە هۆی دەستپێکو هەوێنی پەرەپێدانی بیری نیشتمانپەروەریو مافخوازی نەتەوەی کورد. لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری نەتەوەیی کوردستان، ئەو

دەرفەتەش بە لاوان درا کە جیاواز لە هێزیکی سیاسیو حکوومی بەرفراوان بتوانن بۆ خۆیان هێزێکی گەورەی مەدەنیو سینفی لە ژێر چەتری کۆماری کوردستاندا دابمەزرێنن‌و تویژی لاوانیش تێیدا خۆیان ببیننەوە. بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان یەکەم هێزی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەرکەوت‌و ئەوەش لەو سەردەمەداو بۆ ئەو کاتی کۆمەڵگا رۆژهەلاتی‌یەکان شتێکی نامۆ بوو، بەلام بە پشتیوانی کۆمارو سەرکردایەتی ئەوکات‌و شەخسی پێشەوای مەزن ئەو رێکخراوەیە لە ماوەیەکی کەمدا توانی لەسەر پێی خۆی رابوەستێ‌و لە چەندین شارو شارۆچکەی رۆژهەلاتی کوردستان بنکەی چالاکی دابمەزرێنێ‌و هاوکات لاوان هێزی سەرەکی لە پاراستی کۆماریشیان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێک دەهێناو لەم نێوەشدا دەتوانین ئاماژە بەناردنی پۆلێک لە لاوان کە نێردرابوون بۆ باکۆ بۆ درێژدانی خوێندن‌و، یا ئەو لاوانەی کە لە راگەیاندنەکانی ئەو سەردەمەدا کاریان دەکردو بەشێکی بەرچاوی لاوانیش بوون بە پێشمەرگە بۆ پاراستنی کۆمارو دەستکەوتەکانی کورد. لە ماوەی ئەم ٦٧ ساڵەی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان‌و دەست بەسەر داگرتنی رێژیمی پاشایەتی حەمە رەزاشا لەو سەردەمەدا بەسەر خاکی کوردستان، رووخانی کۆماری کوردستان، بە سەرکوتی خەڵک‌و کوشتن‌و ئەشکەنجەو تۆقاندنی لاوانی رۆژهەلات‌و بنبڕ کردنی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد دەبینین کە بەدەیان‌و بگرە بە هەزاران رۆڵەی بە وەجو فیداکاری گەلەکەمان لەو سەردەمەدا کەوتنە بەر هێرشی دوژمنان‌و نەیارانی کورد.

دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەسەلاتداریەتی رێژیمی پاشایەتی پەهلەوی بەسەر ئێران‌و رووخانی ئەو رێژیمە لە ساڵی ١٣٥٧داو خەبات‌و تێکۆشانی گەلی کوردو بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران‌و لە هەرە بەرچاوترینی ئەوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌و مافخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، دیسان گەلی کورد نەی‌توانی بە ئامانج‌و ئاواتی لەمێژ ساڵەی خۆی بگاو وەک هەموو ولاتانی پێشکەوتووی جیهان خاوەن دەسەلات‌و، دەوڵەتی خۆی بێ‌و بتوانێ لە داهێنان‌و بەرهەمهێناندا، لانی‌کەم بچووکترین کەرەسەکانی ژیانی خەڵکی کورد بەرهەم بهێنێ‌و منداڵان‌و لاوانی کورد لە قوتابخانەکان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن هەر وەک ئێستاش دوای نزیک بە ٣٤ ساڵ بەسەر دەسەلاتداریەتی رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێ‌دەپەڕێ‌و گەلی کورد هەر وا بێ‌بەش لەو مافانەیە.

یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی لاوان‌و گەنجەکانی تازە پێ‌گەیشتووی کۆمەڵگای ئێران‌و لاوانی کورد دەبینین ئێستاشی لەگەڵ بێ لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا نەبوونی ئازادی رادەربڕین‌و هەست کردن بە مەسەلەی نەتەوایەتی وەک مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی کە لەگەڵ ئەو سیستمە دەسلاتداری‌یەی حکوومەتی ئاخوندی لە گەڵی بەرەوروون‌و نەیان توانیوە تەنانەت لە خوێندنگەو قوتابخانەکانی ئێران بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن کە ئەویش لە بەرچاوترین هەرەشەو تۆقاندنە بۆ سەر نەتەوەکان‌و گەلی کورد کە یەکێک لە نەتەوەکانی ئێران دێتە ئەژمار، بە درێژایی مێژوو یەکێک لەو نەتەوانە بووە کە بەردەوام لە پەراوێز خراوەو بە ژێر پێ‌خرانی مافەکانی لە گەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند.

بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کەشی زاڵ بەسەر ئێراندا، هەموو رێگەکانی لە بەردەم کۆمەڵگای جیهانی‌دا بە بۆمبەست گەیاند. ئەم رێژیمە بە گوشار خستنە سەر خەڵک‌و ئەمنییەتی کردن‌و دەست تێوەردان لە ژیانی خەڵکی ئێران‌و لە باری ژیان‌و گوزەرانی کۆمەڵگاو بوونی سانسۆرو رووبەڕوو بوونەوە، بە دڕندانەترین شێوە لەگەڵ چالاکانی مافی مرۆڤ‌و خەڵکی ئاسایی‌دا لە گەڵ هەڕەشە، کوشتن‌و رفاندن‌و دەست بەسەرکردنی هەزاران لاوی ئازادی خواز، رۆژ بە رۆژ ئەم دەسەلاتە پێگەی خۆی لەدەست دەداو بەرەو داڕمان‌و رووخان دەچێ. هەروەک رۆژانە دەبینین‌و دەبیسین بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان وەک چالاکانی بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ‌و رووناکبیران‌و رۆژنامەنووسان‌و کۆڵبەرانی سەر سنوورەکان‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان لە کرێکارو وەرزێرو ... هتد، دەکەونە چاڵەڕەشەکانی ئەو رێژیمەو لەژێر دەستی رەشی جەلاداندا گیان دەسپێرن. ئەگەرچی دونیای بەرژەوەندی زلهێزەکان لە رابردوودا چاوپۆشی لە هەموو ئەو رووداوانە دەکردو تەنانەت رێکخراوەکانی داکۆکی‌کاری مافەکانی مرۆڤیش ئەو دەرفەتەیان نەبوو کە پێشێلکاریەکانی ئەو رێژیمە لەقاو بدەن‌و لە بەرامبەری‌دا هەڵویست بگرن، بەلام ئەمڕۆ شتەکە بە تەواو مانا گۆڕاوەو کەوتۆتە دۆخێکی دیکەوە، هەرچەند کە ئێستاش کەم‌تەرخەمی پێوە دیارەو بە پێی پێویست هەوڵی بۆ نادرێ، وەک روون‌و ئاشکرایە جیهانی تەکنۆلۆژی‌و زانستە پێشکەتووەکان بە تایبەت میدیاو راگەیاندنەکانی وەک رۆڵی ئینتێرنێت‌و ماڵپەڕە کۆمەلایەتی‌یەکانی وەک فەیس‌بووک‌و توویتەر، کۆمەڵگای جیهانیان ناچار کرد کە ئاوڕی جیددی لە پرسی

ئاوڕی جیددی لە پرسی هەنووکەیی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد لە ئێران بدەنەوە.

کەم نەبوون ئەو لاوە خوێن گەرمو بەهەستو بەجەرگانەی کە لە مەیدانەکانی بەربەرەکانیدا بۆ بەرگری لە مانو مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان، پاراستنو پارێزگاری کردن لە کەرامەتو سەروەری خاکی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان، بوون بە پێشمەرگەو لە سەنگەری بەرخۆدان یا لە مەیدانەکانو سەرشەقامەکانی شارەکاندا گیانی خۆیان بەخت کرد. بە هەزاران لاوی ئەم کوردستانە ئاوارەی هەندەران بوون، یان بە ماددە سڕکەرە هۆشبەرەکان تێوەگلاون، ڕێژەیەکی بەرچاویان تووشی سەر لێشێواوی هاتوونو چاوەڕێی چارەنووسی نادیارنو بێ داهاتوون.

ئەرکی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمبەر ئەو هەموو زوڵمو نادادپەروەریانەی کە چەندین ساڵە بۆ گەلی کورد ڕوو دەدەن لە بەرامبەر ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییدا، ئەوەیە کە نەهێڵن چیتر لەوە زیاتر ئەو هەڕەشە و تۆقاندنە لەنێو دڵیاندا جێ بگرێو بە سیاسەتو لێک نزیک بوونەوەو هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی، لانیکەم گۆشەیەک لە کەمو کووڕییەکانی نەتەوەکەمان کەم کەنەوەو بە زیاتر گرینگیدان بە مەسەلەی خوێندن بە زمانی زگماکیو هەست کردن بە مەسەلەی نەتەوایەتیو بەشداری کردن لە ڕێو ڕەسمە ساڵانەییەکان هەر وەک ئێستاو ئەو ساڵ زیاتر لە هەموو ساڵێک لە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاوی خەڵک ڕێزیان لەو هێما نەتەوەییە گرتو بەرەو پیری ساڵی تازە چوون، کە ئەوەش لە جێی خۆیداو لە مێژووی چەندین دەیەی خەباتی گەلی کورددا بە خۆشییەوە دەتوانین بڵێین کەم وێنە بووە لە چاو ساڵانیترو بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەو لە جاران زیاتر لەنێو لاوانو کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەو هەژار دەبێتە چەشنێک خەبات بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆڕیو لە لایەکیترەوە پتەوتر بوونی پشتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستانو بە تایبەت ڕێکخراوەکانی لاوانو چالاکانی لەو بوارەدا دیتە ئەژمار. ئەوەش ئەرکی هەر لاوێکی ئەو کوردستانەیە کە بە پشتیوانی کردنو لەقاودانو دڵ دانەوەو هاوخەمی بنەماڵەی زیندانییە خۆڕاگرەکانو چالاکانی بواری مافی مرۆڤ کە درێژەدەری ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیین، پێویستە خاوەنداریەتی لەو دەسکەوتەو بەها نەتەوەییانە بکەنو چرای سەرهەڵدانو بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە داگیرساوەیی بهێڵنەوە.

**بە چاولێکخشانێک بە مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی مافخوراوی کوردستان، لاوان ئەوهێزە بوون کە لە ریزی پێشەوەی ئەو شۆڕشە بەرفراوانەدا بوون. لاوان وەک هێزێکی کاراو دیاری نێو ئەو گۆڕەپانە ڕۆڵی گرینگو بەرچاویان گێرا**

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سڵاو لە ئیرادەو یەکگرتووی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پەیامی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست رۆژی جیهانی لاوان

لەساڵی ١٩٨٥ی‌زایینی‌دا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جاری یەکەم رۆژی جیهانی لاوانی دەست نیشان کرد. بەو پێیە لە ١٢ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٩٨ کۆبوونەوەیەک لە شاری لیسبۆنی پێتەختی پۆرتەغاڵ لەسەر ئەم مژارە بەرێوەچوو کە ئەنجامەکەی بەفەرمی ناسینی رۆژی جیهانی لاوان بوو. دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەسمی لەسەر ئەم بابەتە پێی داگرتو لە ئاکامدا لە رۆژی ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ بە پەسندکردنی بریارنامەی ٥٤/١٢٠ رۆژی ١٢ی ئاگۆستی وەک رۆژی جیهانی لاوان بەرەسمی ناسی. لەو کاتەوە ئەم بابەتە وەک گرینگی ١٥ایەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە ئەژمارو هەڵوەستەی لەسەر دەکرێ. بەتایبەت شرۆڤەو لێکدانەوەکانی تایبەت بە لاوان کە پێوەندی بە مەسەلەی توندوتیژی لاوانەوە هەیە بۆتە تەوەری سەرەکی ئەم رێکخراوە جیهانی‌یە. بۆیەش بابەتەکانی لاوان بە فەرمی لە لایەن هەموو وڵاتەکانی جیهانەوە بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بوونەتە بابەتی سەرەکیو هەڵوەستەیان لەسەر دەکرێ. بۆ نموونە بردنەسەری ئاستی ئیمکاناتی ماددیی‌و مەعنەوی‌و پێک هێنانی هەلومەرجی کارو پەروەردەی لاوان جێگای تایبەتو گرینگی حاشا هەڵنەگری هەیە لە سیاسەتەکانی هەموو وڵاتەکانی پێشکەوتووی جیهان‌دا.

هۆکارێکی گرینگی دیکە بۆ بەرەسمی ناسینی ١٢ی ئاگۆست رۆژی جیهانی لاوان لە لایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پێک هێنانی میکانیزمی زانستی تایبەت لە چوارچێوەی چالاکی‌یەکانی کۆمەڵگای جیهانی‌و دەوڵەتان‌دا بە مەبەستی باشتر بوونی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری‌و پەروەردەی لاوان لە سەرانسەری جیهان‌دا بووە.

ئەوەی راستی بێ لاوان‌و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لێک جودا نین‌و گرێ دراوی یەکترو لە بنەڕەت‌دا تەواوکەری یەکترن. لە رۆژگاری ئەمرۆمان‌دا سیستەمی تەوژمی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەسەر لاوانیش پەیڕەو دەکرێ، لاوان تووشی بێ بەزەیی‌یانەترین شێوەی دەسەڵاتی جەستەیی هاتوون. هەوڵدانی لاوان بۆ ئازادی تەنیا بە هۆی سنووری تەمەنی جەستەیی‌یەوە نییە، دەگەرێتەوە بۆ بوونی ئەو سیستمە فشارەی کە لەئارا دایە. ئەم هەوڵو گەرانی ئازادی‌یە پێویستە لەسەرجەم ئەو بوارو گۆڕەپانانەی ژیان پێشکەوێت کە لاوان جێگای خۆیانی تێدا دەگرن. سەبارەت بە بابەتی لاوان کە وەک ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی‌و ستاتۆیەکی سۆسیال پێناسەی دەکەین، لەڕاستی‌دا رووبەڕووی چینێکین. لەوانەیە پێناسەی چین بەشێوەو شێوازی جیاجیا بکرێ. هەندێکیان بەگوێرەی پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان، هەندێکیشیان بەگوێرەی لایەنگری کردن لەناو کۆمەڵگادا پێناسەی دەکەن. هەروەها بەگوێرەی بزووتنە سیاسی‌یە جەماوەری‌یەکانی دژ بە دەسەڵاتە سیاسی‌یە باڵادەستەکانیش پێناسە دەکرێ. لەم بوارەدا پێناسەیەک هەیە کە بەردەوام بەکاری دەهێنین: ژنان یەکەم چینن کە تووشی چەوسانەوە هاتوون. بەگوێرەی ئەم دەستەواژەیە، وەک ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی دژ بە چەوسانەوە، بە واتای بوونە وەڵامی لێگەڕینی هێزی یەکسانی، ئازادی‌و دێموکراسی وەک چین پێناسەی دەکرێ. دەشێ ئەم پێناسەیە بۆ لاوانیش پێش بخرێ، بەشێوەیەکی گشتی وەک کاتەگۆری(ریزبەندی) تەمەن پێناسە بکرێ. راستە، بەڵام پێویستە لە هەمان ئاست‌دا لە گۆڕەپانە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووری‌و ئابووری‌یەکان تەنانەت لەم چوارچێوەیەدا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیش‌دا پێناسە بکرێ. ئەم بابەتە بەلای هەموو کەسێکەوە پەسەندکراوە کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا لاوان جێگایەکی گرینگیان هەیە. هەربۆیە پێویستە رێکخستن بوونی ناسنامەش لەنێو ئەم بە کۆمەڵگابوونەدا بێت. بەم بۆنەیەوە ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وەبەرچاو گرتنی بارودۆخی لاوانی کوردستان‌و ئێران‌و هاوکات فەزایەک کە لە رۆژهەڵاتی ناوین‌دا هاتۆتە ئاراوە لە کاتو ساتێک‌دا بەرەوپیری ١٢ی ئاگۆست رۆژی جیهانی لاوان دەچین کە، لاوانی ئێمە لە روژهەڵاتی کوردستان‌و پارچەکانی دیکەی وڵاتی دایک( کوردستان) لەژێر بێ‌بەزەیی‌یانەترین هەلومەرجەکانی دەسەڵاتداریەتی دەوڵەت، نەتەوەو ئەقڵییەتە کلاسیکەکانی سیستەمە داگیرکەرەکان‌دا پشوویان لێ براوەو تووشی ئاسیمیلە بوون. لەنێو ئەو سیستەمانەدا هاتوون‌و رۆژانە خەریکین بەهاو نرخی ئەم داگیرکاری سیستماتیکە بە گیان، رووحو جەستەی خۆمان دەدەین.

پەیامیمان وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بو لاوانی نێوخۆی وڵات ئەوەیە کە: لاوانی بەش مەینەتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لەم قۆناغەی ئێستادا بە رووحێکی گشتی‌و باوەڕ بەخۆبوونەوە خاوەنداریەتی لە نۆرمو بەها نەتەوایەتی‌یەکانی توێژی لاوان‌و سەرجەم گەلەکەمان بە پێی دروشمی «بە جەماوەری کردنی

## بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

لاوان توێژی سەرەکی کۆمەڵگان کە کاریگەری‌یەکی حاشا هەڵنەگریان لەسەر پاشەڕۆژ هەبووە. بەم واتایە کە ئەم توێژە دەکرێ بەهێزی سەرەکیو داینەمۆی گۆڕانکاریو وەرچەرخانی کۆمەڵگا پێناسە بکرێ. کەواتە ئاستی زانیاریو چالاک بوونو ڕێکخستنی لاوان باشترین پێوانەیە بۆ دیاری کردنی ئاستی زانیاری، چالاک بوون و ڕێکخستنی کۆمەڵگا. بە چاوخشاندنێک بە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو وردبوونەوە لەسەر شۆڕشو وەرچەرخانە مەزنەکانو ئەو دەورەی کە ئەم توێژە بینیویانە بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستیانەیە. هەر بۆیەشە تەواوی سیستەمەکان لە سەرووی بەرنامەکانیاندا کۆنترۆڵ کردن، ئاراستە کردنو هەروەها کەڵک وەرگرتن لەم وزە کۆمەڵایەتی‌یە دەگرنە دەستو بەشێوەیەکی ئاکتیڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

هەر لەکاتی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەکوو ئیرادەی لاوان سەری هەڵداو تەواوی سەرکەوتنەکانی بە ڕێژەیەکی مەزن بە پشت بەستن بەم وزەیەوە مسۆگەر کردو جێگەو ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەم بەشەی کۆمەڵگای بۆ گەڕاندنەوەو دینامیکی ڕەوتی پێشکەوتنی شۆڕشو کۆمەڵگای کوردستانو تەنانەت ئەتنیکەکانی دیکەی ئێران خوڵقاند. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە شادەمارەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان لاوانو خوێندکارانن. سەرەڕای ئەم ڕاستیانە ئەگەر بڕوانینە ڕەوشی ئەم بەشەی کۆمەڵگا لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەوا دەبینین لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دوایی‌دا بە تایبەت لە ژێر دەسەڵاتداری کوماری ئیسلامی‌دا لاوانو خوێندکاران تا ڕادەیەکی زۆر بێ کاریگەر کراونو بە هەموو شێوازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سایکۆلۆژی، ئاکاریو هتد

**لاوان توێژی سەرەکی کۆمەڵگان کە کاریگەری‌یەکی حاشا هەڵنەگریان لەسەر پاشەڕۆژ هەبووە. بەم واتایە کە ئەم توێژە دەکرێ بەهێزی سەرەکیو داینەمۆی گۆڕانکاریو وەرچەرخانی کۆمەڵگا پێناسە بکرێ**

خراونەتە نێو ڕەوشێکی خراپەوەو لە هەموو ڕوویەکەوە بێ ڕۆڵو بێ هیوا هێڵراونەتەوە. لە سیستەمی ئابووری‌یەوە بگرە، هەڵبەت ئەگەر بتوانرێت باسێک لە هەبوونی سیستەمێکی وەها لە روژهەڵاتی کوردستان دا بکرێت، تا دەگاتە سیستەمی پەروەردە، چاپەمەنیو ڕاگەیاندنو ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنو شەڕی تایبەت لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە. لە هەمان کاتدا دەبینین هێرشی کولتووری بێگانە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکان بە تورکیا، ئێران، ئێراقیشەوەو هەروەها هێزە جیهانی‌یە مۆدێرنەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە و ئامانجی سەرەکی هەموو ئەمانەش لە خشتە بردنی دینامیکی پێشکەوتنو گۆڕانکاری کۆمەڵگا واتە لاوانو خوێندکارانن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان هەروا پاشکەوتوو بێو وەک هەمیشە لە ڕەوشی بن بەستبوونو بێچارەیی‌دا بمێنێتەوە.

کوماری ئیسلامی بە دامەزراندنی هەندێک ڕێکخراوی ڕووکەشیانە لە ژێر ناوی ئەم دوو توێژە لە لایەک دەخوازن بۆشایی سەرچاوەگرتوو لە بێ سیاسەتی‌یان سەبارەت بەم بەشە سەرپۆش بکەنو لە ڕێگای دیماگۆژی‌یەتەوە گەل هەڵخەڵەتێنن، لە لایەکی دیکەش بە تەواوی ئەم وزەیە بخەنە خزمەت بەرژەوەندی خویانو تەنیا بەشێوەیەکی تەکنیکی مامەڵەیان لە گەڵدا بکەنو بواری هەر چەشنە هەناسەدانێکیان لە کەشو هەوای پێشکەوتنخوازیو گۆڕانکاری‌دا لێ بستێنن. ڕووخانی لایەنی پۆزەتیفی وزەی لاوانو خوێندکاران لە ئێرانو روژهەڵاتی کوردستاندا لە هەر لایەکەوە بە تایبەت لە لایەنی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتیو ئاکاری‌یەوە، وەهای کردوە کە ئەمڕۆ ئاسۆی ژیانی داهاتوویان، لە وڵات زیاتر، لە هەندەران ببیننەوەو هەڵاتن لە وڵاتێک کە ئەوان زیاتر لە هەموو کەسێک خاوەنینو چاوەڕوانی ئایندەسازی‌یان لێ‌دەکرێ ڕۆژ

لەدوای ڕۆژ لە لاواندا بەشێوەی فیزیکیو لە خوێندکاراندا بەشێوەی هـزری لـە زیـادبـوون دایـە. ئیدی ڕەوشی بن بەستبوون، بێچارەییو پاشکۆیـەتیو وابـەستـەیی لەهەر لایـەکـەوە تـەنـانـەت لـە ڕووی ئاکاریشەوە وەهای کردوە خاوەنانی ڕاستەقینەی ئاییندەی کۆمەڵگا، لەو پەڕی بێ هیواییدا بەجێی بێڵنو خۆ لە کێشەکانی دەربـاز کـەن. بێگومان ئەمەش ڕەوشێکی شیاو و چارەنووسێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکوو ڕەوشێکی بە تـەواوی گرێدراوی چەق بەستنو لە جووڵە کەوتنو بێ ڕۆڵ مانەوەی ئەم دوو توێژەو لە ئەنجام دا پاشکەوتوومانەوەی کۆمەڵگایە.

لەوەها هەلو مەرجیکدا یەکیەتیی لاوانـی دیـمـۆکـڕاتـی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستـان شەشەمین کۆنگرەی خۆی بە سەرکەوتویی بەڕێوە برد. ئەگەر بە بەروارد دەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوتری یەکیەتی لاوان بمانهەوێ کۆنگرەی شەشەمی لاوان شرۆڤە بەکەین دەتوانین بڵێین کە لەم کۆنگرەیەدا چەندین گۆڕانکاری بن چینەیی هاتۆتە ئاراوە. بەشداری کچانی لاو بە ڕێژەیەکی دیار زیاد بووە کە ئەوە وەک وەچەرخانێکی پۆزەتیڤ لە مێژووی یەکیەتی لاواندا دەکرێ بەراورد بکرێ. بەشداربوونی ژنان لەم کۆنگرەیەداو جێگرتنیان لە بەڕێوەبەری کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی روژهەڵاتی کوردستاندا بە نیشانەی پێشکەوتنی زێهنییەتو بەبنەماگرتنی پارادێگمای ئازادی ژنان دێتە ئەژمارو خوی لە ئەساسدا پێشکەوتنی فکری لاوان لەسەر هێلی گشتی سۆسیالیزمی دیمۆکڕاتیک کە بنچینەی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانە دەگەیەنێ. هەروەها خواستو ویستی لاوان لەو بوارەدا هەڵگری پیامێکە بۆ هەموو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کات کاتی تێکۆشانی شێلگیرانەو بەهێزە بۆ ئازادیو ڕزگاری نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو وەدی هاتنی خەونە مێژووییەکەی کوردانە لەم بەشە لە وڵاتی دایکدا. بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین قۆناغی نوێ، واتە قۆناغی چارەسەریی دیمۆکڕاتیانە بە پێشەنگایەتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان هەلو دەرفەتێکی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ لاوان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵو کاریگەریی شیاوی خۆیان بە دەست بخەنو بە پێی تایبەتمەندی سەرەکییان کە دینامیزمی گۆڕانکاریو پێشکەوتنە، هەڵسوکەوت بکەنو بە خۆڕێکخستنو زانابوونو چالاک بوونیان، تەواوی گەل بکێشنە نێو هەولو تێکۆشانی دیمۆکڕاتیانەو پێشەنگایەتی بۆ چارەسەری بنچینەیی کێشەکان بکەن و بەم شێوەیەش ببنە پێشەنگی تێکۆشانی دیمۆکڕاتیانەو بە دیمۆکڕاتیزەبوونی کۆمەڵگاو هەروەها شەڕێکی هزری، زانستی، کولتووریو کردارییانە لە دژی وابەستەییو پاشکۆبوونو نەزۆکی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگادا بەڕێوە ببەن. بە تایبەت پێویستە لاوان پشتگیری کردن لە داخوازییەکانی بە بەرزکرنەوەی ئاستی پەروەردەو خوێندنو دەستەبەرکردنی شوێنو پێگەی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگاداو ڕۆڵو جێگایان لە قۆناغی چارەسەریدا هەوڵ بدەن تێکۆشانی دیمۆکڕاتیک لە هەموو بوارەکاندا بگەیەننە لوتکەو شان بەشانی لاوانی کۆمەڵگا لە ڕۆژهەڵاتو بەشەکانی دیکەی کوردوستاندا بەرەو گۆڕانکارییەکی بنچینەیی هەمەلایەنە هەنگاو هەڵگرن.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی
کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

**بەشداربوونی ژنان لەم کۆنگرەیەداو جێگرتنیان لە بەڕێوەبەری کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی روژهەڵاتی کوردستاندا بە نیشانەی پێشکەوتنی زێهنییەتو بەبنەماگرتنی پارادێگمای ئازادی ژنان دێتە ئەژمارو خوی لە ئەساسدا پێشکەوتنی فکری لاوان لەسەر هێلی گشتی سۆسیالیزمی دیمۆکڕاتیک کە بنچینەی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانە دەگەیەنێ**

## بەڕێز: یەکیەتیی گشتی قوتابیانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم!

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی ٦ی خویدا جەختی لەسەر دیالۆگو هاوکاری لاوانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان کردەوە. هیوادارین پێوەندی ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ یەکیەتیی گشتی قوتابیانی کوردستان بەرفراوانتر و پتەوتر بێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بەڕێزان: دەستەی بەڕێوەبەری فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

سڵاوێکی گەرم!

کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزرانی "فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران" بە هەنگاوێکی پێویستو ئەرێنی بۆ داهاتووی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەمدا. یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ بۆ هاوکاریو هاوفکری زیاتری ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستان هەوڵ بدا.

بەڕێزان، بە پێویستی دەزانین جەخت لەسەر پشتگیری هەمەلایەنەی یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چالاکتربوونی فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بکەین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بەڕێز: فێدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان!

سەرەتا سپاسی بێ پایانی خۆمان پێشکەشی ئێوە "فێدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان" دەکەین کە بە پەیامو پێشنیاری بەسوود کۆنگرەکەی ئێمەتان دەوڵەمەند کرد. کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەشێکی ئازادو دیمۆکراتیکدا ئاسۆیەکی نوێ بۆ بەشداری لاوان دیاری کرد. کۆنگرە جەختی لەسەر پتەوترکردنی پێوەندیی‌یەکانی لەگەڵ لاوانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کردەوە، هیوادارین یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەندامێکی فێدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهانی بتوانێ هەرچی زیاتر گرنگی بە پرسی لاوان بە ڕێکاری ئاشتیانەو مەدەنیی‌یانە بدا.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ ی زایینی

## بەڕێزان: یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی لە کوردستانی عێراق

بەڕێز: دیار نامیق

سڵاوێکی گەرم!

کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی هێنا. کۆنگرە گۆڕانەکانی سووریەی بە وەرچەرخانێکی گرینگی دۆخی کوردو بە تایبەتی بە وەرچەرخانێکی گرینگی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە قەڵەم دا. دامەزرانی کوردستانێکی دیکە لە سووریە ئومێد بە ئازادبوونی بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاد دەکا. بەڕێزان ئێمە وەک بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦ی یەکیەتی لاوان جەخت لەسەر هاوکاریو پێوەندی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق دەکەین. هیوادارین هاوکاری ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر چوارپارچەی کوردستان هەرچی زیاتر بێو ئەو هاوکاریە خزمەت بە بەرەوپێشچوونی پرسی ڕەوای کورد لە ئاستی ناوچە و جیهان بکا.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

**بەڕێزان:**
**یەکیەتیی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان!**

سڵاو و حورمەت!

بە بۆنەی ناردنی پەیامو بەشداریتان لە کۆنگرەکەمانداو دەربڕینی هاوخەباتیو هاوچارەنووسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سپاسو پێزانینی خۆمان پێشکەشی یەکیەتییەکەتانو سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی یەکیەتییەکەتان دەکەین.

خۆشەویستانی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان هەروەک لە پەیامەکەتاندا ئاماژەتان بە خەمی لێکترازانەکان لەنێو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا کردبوو، کۆنگرە بە پەرۆشەوە ئەم لایەنەی هێنایە بەرباسو ئومێدی خواست سەرجەم ئەو حیزبانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی لێکدابڕانو لێکترازان بوون، ڕێبەرایەتی ئەم حیزبانە بە دەرک کردن بە هەلومەرجی جیهانیو، بە تایبەتی ناوچەکە و گرینگی پرسی کوردو داهاتووی کورد خەمی لێک نزیک بوونەوەو بنیات نانەوەی بنەماڵەی گەورە بکەنە هەوێنی کارەکانیانو بە بڕیاری وێک خستنەوە دڵی دۆستانو گەلی کورد شاد بکەنو پیلانی دوژمنان پووچەڵ بکەنەوەو ترسو دڵەڕاوکێی زیاتریان بۆ دروست بکەن.

لە کۆتاییدا وێڕای دووپات کردنەوەی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتییەکەتان ئامادەین لە پێناو پرسی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بەڕێزان: ناوەندی لاوانی پێشڕەو!**

سڵاو و ڕێز!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٦ی یەکیەتییەکەمان بە بۆنەی ناردنی پەیامو بەشداریتان لە کۆنگرەکەماندا پێزانینی خۆی بەرامبەر بە ئێوەی خۆشەویست دەردەبڕیو ئاواتەخوازە کە بەهەموو هێزو توانایەکەوە درێژە بە دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتییەکەتان بداو لەم پێناوەدا خزمەت بە بەرەوپێش بردنی خەباتی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. چاوەڕوانو ئومێدی زیاترمان لە یەکیەتییەکەتان هەیە. بێشک هەوڵدانی لاوان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییو چینایەتیو سینفییەکان گرەنتییەکە بۆ درەوشانەوەی داهاتووی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا.

هەر شادو سەرکەوتوو بن.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بۆ یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

بابەت: پێزانین
وێڕای سڵاو و ڕێز:

بەڕێزان بە بۆنەی بەشداریتان لە کۆنگرەکەمان بە ناردنی پەیام سپاستان دەکەین. هاوکاریو هاوئاهەنگیمان لە ڕەوتی کۆنگرەی نەتەوەیی لاوان لە هەولێرو پێک هێنانی فیدراسیۆنی لاوان دڵگەرممان دەکا کە لە داهاتووشدا ئێمە وەک دوو ڕێکخراو کە خاوەن مێژوویەکی هابەشو ئامانجی نێزیک بە یەکین، جیا لە بیروڕای سیاسیمان هەنگاو هەڵگرین بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانمانو تەنانەت بە ئەنجام گەیاندنی چالاکیو پرۆژەی هاوبەش.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ ی زایینی

## بۆ بەڕێز: کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لقی کۆیە

بە ناوی "یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" گەرمترین سڵاو و ڕێزی خۆمان پێشکەشی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لقی کۆیە دەکەینو بە بۆنەی ناردنی برووسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەکەمان دەست خۆشیو ماندوونەبوونیتان لێدەکەینو ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/ ٧ ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دروشمی "بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپەیوەندییەکی نیشتمانیدا" دەستی بە کارەکانی خۆی کردو دوای دوو ڕۆژ کارو چالاکی بەردەوام لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٢/٨/٩ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێناو بە پەسەند کردنی کۆمەڵێک ئەرکی ڕێکخراوەییو نیشتمانی بۆ وەدیهێنانی ئاواتو ئامانجەکانی نەسڵەکانی ئەم نەتەوەیە کە بە خەباتی بەردەوامو دەربەدەریو تاڵ کردنی ژیانی خۆیان لە بیری لاوانو نەوەی داهاتوو دابوون، بۆ بەدەست هێنانی ئاواتو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکەیان، هیوا دەخوازین کە لە داهاتوودا بە هاوکاریو هاوپەیوەندییەکی زیاتر لە پێناو گەشە کردنی لاوانی وڵاتەکەمان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نەتەوەییەکان ببینە سەرمەشقی ڕێگای ئەویندارانی خاکو نیشتمان.

سەرکەوتنو سەربەرزی بۆ کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لقی کۆیە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی
لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی
کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بۆ بەڕێز؛ فێدراسیۆن ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە

وێڕای ڕێز و سڵاو:
بەڕێزان!
یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧ / ٨ / ٢٠١٢ لە ژێر درووشمی " بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپەیوەندی یەکی نیشتمانی‌دا " دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و دوای دوو ڕۆژ بەردەوام و ئاڵ وگۆڕ و ئایدۆلۆژییەکی نوێ و هاوچەرخ لەگەڵ سەردەمی ڕامیاری و هاوپەیوەندی لەگەڵ فێدڕاسیۆن و ڕێکخراوە سنفی و دێمۆکراتیکەکان لە هەموو جیهان و لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لاوان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە دەست تێوەردان لە ئەساسنامە و داڕشتنەوەی بنچینەیی کاری ڕێکخراوەیی و لە کۆتایی‌دا بە هەڵبژاردنێکی نوێ لە لاوانی تێکۆشەر و بە توانا، لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٩ / ٨ / ٢٠١٢ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.
لە لایەن ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی فێدڕاسیۆنەکەتان بۆ کۆنگرەی شەشی یەکیەتی لاوان دەست خۆشی لە ئێوە دەکەین و هیوادارین لە داهاتوودا بە مەبەستی زیاتر پتەو کردنی پەیوەندی نێوانمان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانی‌یەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هاوڕێ و هاوکارمان بن.
بە هیوای سەرکەوتن، هاوپێوەندی و چالاکی بەردەوامی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنی یەکانی کۆیە

یەکیەتی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی
کوردستان
١٩ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی
٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## بۆ بەڕێز: ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

وێڕای ڕێز و سڵاو:
بە ناوی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەرمترین سڵاو و ڕێزی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و وێڕای دەست خۆشی لە ڕێکخراوەکەتان بە بۆنەی ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەکەمان، هیوای بەردەوامی کار و چالاکی و بە دەست پێ کردنی ئاڵ وگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەتی لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان خەبات بۆ ڕزگاری گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ریکخراوەکەتان بە ئاوات دەخوازین.
بەڕێزان!
ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧ / ٨ / ٢٠١٢ ی زایینی لە ژێر دروشمی " بە جەماوەر کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپەیوەندییەکی نیشتمانی‌دا" شەشەمین کۆنگرەی خۆی بەست و دوای دوو ڕۆژ بەردەوامی و کار و چالاکی و ئاڵ وگۆڕ لە کاروباری نێوخۆیی ڕێکخراوی لاوان لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ / ٨ / ٢٠١٢ ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرە هێنا و بە ئایدۆلۆژییەکی نوێ و بیرێکی پێشکەوتن خوازانە بە مەبەستی هاوکاری و هاوپەیوەندی زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و جیهانی و زیاتر ناساندنی دۆخی لاوان و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە دونیای دەرەوە، هیوای پەیوەندی زیاتری ڕێکخراوەکانی لاوان و ڕێکخراوە سنفی و دێمۆکراتیکەکان بە ئاوات دەخوازێ.

بە هیوای سەرکەوتنی ریکخراوی ئازادی کوردستان

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان

## بۆ بەڕێز: یەکیەتی لاوانی دێمۆکڕاتی لە کوردستانی عێراق مەکتەبی سکرتارییەت

وێڕای ریز و سڵاو:
لە لایەن ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی شەشەمی لاوان و وێڕای دەست خۆشی و ماندوو نەبوونی لە ڕێکخراوەکەتان پێتان ڕادەگەیەنین کە:
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ریکەوتی ٧ / ٨ / ٢٠١٢ ی زایینی شەشەمین کۆنگرەی خۆی دوای سێ ساڵ لە ژێر دروشمی "بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپیوەندییەکی نیشتمانی‌دا " دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و بە ئاڵ و گۆڕێکی ئەکتیڤ لە بەرنامە و ئەساسنامە و کارو باری ڕێکخراوەیی و بە تایبەتی پەیوەندی و هاوکاری زیاتر لەگەڵ

ڕێکخراوەکانی کوردستانی و جیهانی بە مەبەستی خەباتی مەدەنی بە دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و... لە ڕۆژی ٩ / ٨ / ٢٠١٢ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، هەروەها لەوەها بارودۆخێک کە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زاڵە و لەو نێوەدا ڕۆژئاوای کوردستانیش لە ژێر فشاری ڕێژیمی بەشار ئەسەد دایە، ئاواتە خوازین کە لە داهاتوودا زیاتر لە جاران بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکان لە پێناو دامەزراندن و سەقامگیر کردنی ژیانی ئاسایی لاوانی هەر چوارپارچەی کوردستان هەنگاو هەڵبێنین.

سەرکەوتوو بێ یەکیەتی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق

مەکتەبی سکرتارییەت

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

19ی گەلاوێژی 2712ی کوردی

9ی ئاگۆستی 2012ی زایینی

## بۆ کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان KCR

بەڕێزان، ئەندامان و هەڤاڵانی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(KCR)

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 8ی ئاگۆستی 2012ی زایینی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی "بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپێوەندیی یەکی نیشتیمانی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. جێی شانازی یە پێتان ڕابگەیەنین کە کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی هێناو ڕێکخراوەکەمان بە پەسندکردنی کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردەی نوێ لاوان بەرەو قۆناغێکی تازە لە خەبات و تێکۆشان هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سپاس و پێزانینی خۆمان لە پیامی گەرمو بە سۆزی ئێوە هەڤاڵانمان ڕادەگەیەنین. پەیامی گەرمی ئێوەمان پێ گەیشت و هیواداریین لە یەک سەنگەردا بتوانین خاوەنداریێتی لە ویست و خواستی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین و بە بە هێزکردنی تێکۆشانی نەتەوایەتیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە سەرکەوتن نێزیک ببینەوە. هەڤاڵانی هێژا بەرخۆدان و پێشەنگایەتی ئێمەی لاو هەوێنی یەک گرتنەوەو تێکۆشانی هاوبەشمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەکا. لەسەر ئەو بنەمایە بە هاوکاریو تێکۆشانی هاوبەشمان گرەنتی سەرکەوتنی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر دەبێ.

ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بوونی خۆمان بۆ هەر چەشنە هاوکاریو تێکۆشانێک بۆ بەهێزبوونی بزووتنەوەی سەراسەری لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنین. هیواداریین هاوکاریەکانمان لە گەڵ ڕێکخراوەکەتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهیزتر بێت.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

19ی گەلاوێژی 2712ی کوردی

9ی ئاگۆستی 2012ی زایینی

## بۆ لاوانی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان

بەڕێزان، دەستەی بەڕێوەبەریو ئەندامانی هێژای لاوانی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان!

سەرەتا سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئێوە بەڕێزان دەکەین بۆ پەیامی گەرمو پڕ لە سۆزتان بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەکەمان. جێگای ئاماژەیە کە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 19ی گەلاوێژی 1391ی هەتاوی بەرامبەر بە 9ی ئاگۆستی 2012ی زایینی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دروشمی "بە جەماوەری کردنی خەباتی مەدەنی لە بەستێنی دیالۆگ و هاوپێوەندی یەکی نیشتمانی دا" دوای دوو ڕۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. ئێمە وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بوونی خۆمان بۆ هەر چەشنە هەوکاری یەک لەمەڕ لێک نزیک بوونەوەو تێکۆشانی هاوبەش لەسەر بنەمای بزووتنەوەی سەرتاسەری لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئێوە بەڕێزان ڕادەگەیەنین. هیواداریین بتوانین لە تاراوگەدا ئاڵتێرناتیڤێکی شیاو بین بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

19ی گەلاوێژی 1391ی هەتاوی

9ی ئاگۆستی 2012ی زایینی

## پەیامی سپاس و پێزانینی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران

وێڕای ڕێز و سڵاو و پێزانین و ئەمەگناسی بۆ بەڕێزان ئەندامان، کارگێران و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران!

پەیامی ئێوەی بەڕێزو ئازیز بۆ

شەشەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەمان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز دەنرخێنین‌و دەق‌و ناوەڕۆکی پەیامەکەتان بەسوودو جێگای پەسەندی ئێمەیە و ئەوەش خۆی نیشانەی هاوپێوەندی‌و نزیکی لە هاوخەباتی‌و هاوکاری‌و هاودەنگی‌و پشتیوانی ڕێکخراوە سەربەرزەکەتانەو خۆشحاڵین کە شان بە شانی یەکترو هەنگاونان بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی پڕ دەستکەوت‌و بەنرخ بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگای مەدەنی‌و لە سەنگەری ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا بە دژی نادادپەروەری‌و نایەکسانی‌و سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری‌و بۆ پشتیوانی‌و داکۆکی لە مافی ڕەوای گەلی کورد بە گشتی‌و لاوان بە تایبەتی هاوڕاو هاو بۆچوونین‌و ئەوەش خۆی دەرخەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە هێزی لەبن نەهاتوو و پتەوی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی چاوەڕوانی یەک دەنگی‌و یەک هەڵوێستی‌و یەک گوتاری لە ئێمەن. بۆ ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێی شانازی‌یە کە لە گەڵ ڕێکخراوە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکەتان لە ئاستێکی باشی هاوپێوەندی داین‌و ئەوەش سەربەرزی‌یە بۆ یەکیەتی لاوان کە بتوانین هەموو هێزو توانایی خۆمان لە گەڵ ئێوەی بەڕێز لاوانی خەبات بۆ شۆڕش‌و خزمەت بە پێشکەوتن‌و گەشەکردن‌و پشتیوانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان بکەین.

دیسان ڕێزو سپاسی بێ‌پسانەوەمان هەیە بۆ هەموو بەڕێزان لە ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پەیامی ڕێزو ئەمەگناسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گرووپی کاری لاوان‌و قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان

بەڕێزان‌و تێکۆشەرانی گرووپی کاری لاوان‌و قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان!

وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێزو سپاسی بێ پسانەوەی خۆمانتان پێ دەڵێین بەرامبەر بە ناردنی پەیامی پڕ بەهاو بەنرخ‌و پڕ ناوەڕۆکی ڕێکخراوەکەتان گرووپی کاری قوتابیان‌و لاوانی پارتی ئازادی کوردستان کە پێشکەشی شەشەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەمانتان یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانتان کردبوو و ئێمەش ئەو پەیامەی ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەرو دڵسۆز بەرز دەنرخێنین‌و بە هێندی وەردەگرین‌و هیواخوازین کە هەردەم لە پێشکەوتن‌و خزمەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان بە گشتی‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هاوهەنگاو و هاوکارو یارمەتی‌دەری یەکتر بین‌و وەک بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببین بە چرای ڕووناکایی‌و دەستپێک‌و سەرچاوەیەکی ئیلهام بۆ پشتیوانی‌و پشتگیری لە لاوانی کورد.

سڵاو لە لاوانی خۆڕاگرو پێشڕەوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

## پەیامی ڕێز و پێزانینی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەڕێز ڕێکخراوی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات

بەڕێزان‌و خەباتگێڕانی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات!

لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سپاس‌و ئەمەگناسی خۆمانتان پێ‌ڕادەگەیەنین بە بۆنەی ناردنی ئەو پەیامە پڕ ناوەڕۆکو بەسوودەی ڕێکخراوەکەتان، ڕێکخراوی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتی‌یەکەمان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جێگای شانازی‌و سەربەرزی‌یە کە هاوشان‌و هاوخەبات‌و هاوکار لە یەک گۆڕەپاندا بۆ سەرخستنی پرۆسەی کۆمەڵگای مەدەنی‌و کەشی دیالۆگی ئاشتی‌و چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاو هەنگاو و هاوهەڵوێستین، ئەوەش لە جێی خۆیدا دڵگەرمی‌و هاندەرمان دەبێ بۆ بەردەوامبوونمان لە تێکۆشان‌و بەربەرەکانی‌و ورەدانە بەخەباتی گەرم‌و گوڕو بێ‌پسانەوەی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و پتەوترکردنی یەک دەنگی‌و یەک گوتاری نێو ماڵی کوردو لاوان بەتایبەتی‌و هەروەها ڕێ‌خۆشکەرە بۆ هەرچی زووتر گەیشتن بە خواستە سیاسی‌و سینفی‌یەکانمان.

سەرکەوتن‌و سەربەرزی بۆ خەباتی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

# پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوە سینفیو دیمۆکڕاتیکەکان بۆ جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ





ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕێو ڕەسمێک بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێک هات. لەو ڕێو ڕەسمەدا هاوڕێ سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوە سینفیو دیمۆکراتیکەکانی پێشکەش کرد. ئەوەش دەقی پەیامەکە:

بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات! ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی!

تێکۆشەران! ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات!

میوانە خۆشەویستەکانو بەشدارانی جێژنی شەستو حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان!

بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی ڕێکخراوە سینفییەکانو بە نوێنەرایەتیی لە لایەن هەموو ئەندامانو لایەنگرانیانیشەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی جێژنی شەستو حەوتەمین ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانتان لێدەکەین. پیرۆزبایی لە خۆمان، لە ئێوەو لە هەموو خەڵکی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕی کوردستان دەکەینو لەو بیرەوەرییە مێژوویییەدا، لە بەرامبەر گیانی پاکی دامەزرێنەرانی حیزبو لە سەرووی هەموانەوە پێشەوای نەمر قازی محەممەد، هەروەها لە بەرامبەر کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی شەستو حەوت ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبەکەمان، سەری ڕێزو وەفاداری دادەنوێنین.

بەڕێزان!

ئێزنمان بدەن لەم بۆنە پیرۆزەدا سڵاو و ڕێزی بێپایانی خۆشمان پێشکەشی ئەو کیژو لاو و شێرەژنانەی کوردستانو، هەروەها ئەو زیندانییە خۆڕاگرانەی کە هەنووکە لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ئاخوندی دان، بکەین کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی گەلەکەمانو، بە تایبەتی لەو سێ دەیەی دواییدا کە هێزی سەرەکیی خەباتگێڕانی مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانەی حیزبو گەلەکەمانیان پێک هێناوەو زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵەکەمان لە بەرز ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ وەدیی هێنانی ئاواتو ئامانجی گەلەکەماندا ڕۆڵیان بووە. شەستو حەوت ساڵ خەباتی بێوچانو مێژووی پڕ لە دەسکەوتو سەروەریی حیزبی دیمۆکرات، مێژووی بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆریەتو کۆنەپەرستیو خەبات لە پێناوی وەدیی هێنانی ئاشتیو ئازادیو دیمۆکراسی، شانازییەکی گەلێک مەزنە بۆ ئەو حیزبە. ئەو شانازییە گەورەو بێوێنەیە، بە چوونی

**"دامەزرانی ئەم دوو یەکیەتییە لەو سەردەمەدا یەکەم ئەزموونی ڕێکخراوی سینفی لە مێژووی کورددا لە لایەک نیشانەی تێگەیشتوویی سیاسیو بیری پێشکەوتنخوازانەی ڕێبەری حیزبو کۆماری کوردستانو لە لایەکیتریشەوە دەرخەری ئاستی دیمۆکڕات بوونی حیزبو ڕێبەرانیەتی، هەربۆیە جێی خۆیەتی ئێمەش لێرەوە ڕابگەیەنین کە شانازی بە مێژووی شەستو حەوتەمین ساڵی دامەزرانمانەوە دەکەین"**

سەربەرزانەی ڕێبەرانی حیزب بۆ بن پەتی سێدارەو قوربانگەکانیان، بە سەر دانان نەک سەر دانەنواندنی ڕۆڵەکانی لە بەندیخانە و ئەشکەنجەگاکانی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتیو ئاخوندی، بە گیان بەخشینی هەزاران تێکۆشەرو ئەندامو لایەنگری لە سەنگەری بەرخۆداندا، بە تەحەممول کردنی دەردی تاراوگەنشینیو دووره وڵاتی ڕۆڵە وەفادارەکانیو بە ڕەنجو ماندوویی نەناسی لە گوتن نەهاتووی هەزاران کەس لە دێموکراتو دێموکرات دۆستو خۆشەویستەکانی کوردو کوردستان، وەدەست هاتوە.

بەشداربووانی ئازیز!

یەکیەتیی لاوان بەرهەمو دەسکەوتی حیزبی دێموکراتە کە بە هەوڵو هیممەتی ڕێبەرانیو، لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی، وێڕای یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. دامەزرانی ئەم دوو یەکیەتییە لەو سەردەمەدا یەکەم ئەزموونی ڕێکخراوی سینفی لە مێژووی کورددا لە لایەک نیشانەی تێگەیشتوویی سیاسیو بیری پێشکەوتنخوازانەی ڕێبەری حیزبو کۆماری کوردستانو لە لایەکی تریشەوە دەرخەری ئاستی دێموکرات بوونی حیزبو ڕێبەرانیەتی، هەربۆیە جێی خۆیەتی ئێمەش لێرەوە ڕابگەیەنین کە شانازی بە مێژووی شەستو حەوتەمین ساڵی دامەزرانمانەوە دەکەین. یەکێکیتر لەو دەسکەوتو شانازییانەی حیزبی دێموکرات گرینگی دان بە خوێندنو خوێندەوارکردنی کۆمەڵگای نەخوێندەوارو هەروەها ناردنی خوێندکاران بۆ درێژەدانی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتدا بوو. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ئازادی بیروڕا دەربڕینو نەگیرانو بێحورمەتی نەکردن بە کەس لەسەر دەربڕینی بیروڕا یەکێکی دیکە لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتە.

هەرچەند ئەرکی سەرەکی ڕێکخراوێکی مەدەنی، گرینگی دان بە کێشە سینفیو کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام بارودۆخی کوردستانو پێویستیی ئامادەبوون لە جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان، ئەو یەکیەتییانەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە هاوشانی حیزبی دێموکرات بێنە مەیدانی خەباتی سیاسیو نەتەوایەتییەوەو لەم پێناوەشدا بە سەدان کیژو لاوی شۆڕشگێڕی بوونەتە قوربانی ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی کورد.

هاوڕێیانی هێژا!

ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆمان لە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕینو لێرەوە پەیمان دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێ دەکەینەوەو پێمان وایە هەروەک تا ئێستا بە کردەوە نیشانی داوە درێژەدەرو وەفاداری ڕێبازی هەموو شەهیدانو ئازادیخوازانی گەلی کورد بووە، لەمەودواش هەروا وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا.

سڵاو لە هەموو ئازادیخوازانو کیژو لاوی ژیرو وریای نەتەوەکەمان!

سڵاو لە خۆڕاگری زیندانیانی سیاسی نەتەوەکەمان کە لەبەردەم هەر چەشنە مەترسییەک دان!

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی!

بەرزو پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

25ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

15ی ئاگۆستی ٢٠١٢ی زایینی

“

***ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆمان لە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕینو لێرەوە پەیمان دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێ دەکەینەوەو پێمان وایە هەروەک تا ئێستا بە کردەوە نیشانی داوە درێژەدەرو وەفاداری ڕێبازی هەموو شەهیدانو ئازادیخوازانی گەلی کورد بووە، لەمەودواش هەروا وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا.***

”



# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی خۆڕاگرو قوتابیو خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

لە کاتێکدا پێ دەنێینە ساڵی تازەی خوێندن کە پتر لە دە میلیۆن خوێندکارو قوتابی لە ئێراندا هەیەو ئەمساڵیش لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەزبەر، یەکەم زەنگی کردنەوەی خوێندنگاکان لێدراو پتر لە نیو میلیۆن منداڵو مێرمنداڵ لە نەتەوە غەیرە فارسەکان پێ دەنێنە ساڵی یەکەمی خوێندن.

پتر لە سەدەیەکە لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران پەروەردەو فێرکردنو خوێندن بە شێوەی سیستماتیک پەیڕەو دەکرێ. بە درێژایی ئەم مێژووە تەنیا زمانی فارسی، زمانی فەرمی سیستمی پەرەوەردەو خوێندنو شوێنە حکوومیو ئیدارییەکان بووەو باقی نەتەوەکان واتە کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکەمانو کەمە نەتەوەکانیتر لە خوێندن بە زمانی زگماکی کە سەرەتاییترینی مافەکانی هەر تاکێک دێتە ئەژمار، بێبەش بوونەو تەنانەت حاشا لە بوونیشان وەک نەتەوە دەکرێو ئەوە بەرهەمی ئەو سیاسەتە فاشیستییەی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی بووە کە بەداخەوە تاکوو ئێستاش پێڕەوی لێ دەکرێ.

ئەگەر بە وردی ئاوڕێک لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، هەر چەندە بە رواڵەت چەند ماددەیەک سەبارەت بە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام حاشا هەڵنەگرە کە دانانی چەند ماددەیەک لەنێو یاسای بنەڕەتی وڵاتدا تەنیا چەواشەکارییو فریدانی نەتەوە زوڵم لێکراو و نیشتمانە داگیرکراوەکان بووە.

حاشای لێناکرێ کە ساڵانە بە دەیان هەزار کەس بە چەندین هۆکارو کێشەی کۆمەڵایەتیو تایبەتییەوە واز لە خوێندن دێننو زۆربەی ئەو کەسانەش لە نەتەوە غەیرە فارسنەکانن کە بەداخەوە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەیەو چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆر وەک لایەنی ئابووری، سیاسی، کولتووریو کۆمەڵایەتی بەشێک لە لاوانی کوردی ناچار کردووە واز لە خوێندن بێنن. خالێکی جێگای سەرنج لەمەڕ ڕێگری لە خوێندن بە زمانی زگماکیو پەروەردەی زۆرەملی بە زمانێکیتر، خۆی لە خۆیدا گەلێک کێشەو گرفتی دروست کردوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئاسیمیلەو تواندنەوەی کولتووریو داسەپاندنی فەرهەنگو شارستانیەتی نەتەوەی سەردەست بکەین بەسەر نەتەوەکانیتر کە وای کردوە تاکی نەتەوەی ژێر دەست جگە لە تەریک کەوتنەوە لە دابو نەریتو کولتوورو شارستانیەتی خۆی، بە شێوەی ڕێژەییش بچێتە ژێر هەژموونی کولتوورو شارستانییەتو دابو نەریتی نەتەوەی باڵا دەست. بەڵام بە خۆشییەوە نەتەوە خۆڕاگرەکانی ئێرانو نەتەوەی کورد بە تایبەتی ئەمڕۆکە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگای جیهانیو پێشکەوتنە خێراکانو گرینگیو پڕ بایەخی شارستانیەتە دێرینەکان، هان دراون کە گوشار بۆ کۆمەڵگای جیهانی بێنن کە پرسی پاراستنو زیندوومانەوەی زمانی زگماکی کەمە نەتەوەکانی بەلاوە گرینگتر بێو بە خۆشییەوە وای لێهاتووە کە لەو سەردەمەدا زیاتر پارێزگاری لەو زمانانە بکرێو تەنانەت لە هێندیک شوێنی جیهان هێندێک کەمە نەتەوە هەن کە ڕێژەی ئەندامانی لە ١٠٠ کەس تێناپەڕێ، بەڵام بە شێوازێکی پڕ بایەخ دەسکەوتو شوناسو شارستانیەتیان دەپارێزرێ.

لاوانی ناسیۆنالیستی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە سەرەتای وەرزی خوێندندا بە تەواوەتی هێزی مرۆییو فیکریو مەعنەوییان بۆ پاراستنو پارێزگاری کردنو پەرەپێدانی زمانی زگماکییان تەرخان بکەنو لەمەوبەدوا پێویستە بە شێوەیەکی جیددی کار بۆ ئەوە بکرێ کە هەوڵی بە فەرمی دانپێدانانو خوێندنی زمانی زگماکی ببێ بە یەکێک لە سەرەکیترین ویستو بەرنامەی تێکۆشانی هێزو ڕێکخراو لایەنە سیاسیو مەدەنیو سینفیو مێدیاکانی کۆمەڵگای کوردی.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی



# پەیامی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران لە ٣٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهید کرانی نەمر فواد مستەفا سوڵتانی

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نوێنەرایەتی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، پەیامی ئەو فیدڕاسیۆنەی لەو سیمینارەدا پێشکەش کرد کە لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەییەوە خوێندرایەوە. ئەوەش دەقی پەیامەکە:

بەشدارانی کۆڕیادی هێمای خەباتو خۆڕاگری شەهید فواد مستەفا سوڵتانی!

ئەمڕۆکە ٣٣ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی یەکێک لە ڕێبەرو ئوستوورەو کەسایەتییە کاریزماییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە شەهید فواد مستەفا سوڵتانیدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەرچی ٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا بە شەهید بوونی ناوبرا خەسارێکی قەرەبوو نەکراو لە ڕەوتی بزاڤی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت، بەڵام سەر باقیی ئەمەش شوێن پەنجەو کاریگەرییەکانی کاک فواد هێشتا بەسەر جەستەی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستانەوە بوونی هەیەو کەسایەتییو توانامەندیو هەنگاوە پراکتیکییەکانی ناوبراو تاکوو هەنووکەش شیاوی ڕاڤەو هەڵسەنگاندنن. شەهید فواد یەکێک لەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕانە بوو کە لە دوای سەرکوتی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ی تێکۆشەرانی دیمۆکرات لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە بە هاوکاری کۆمەڵێک لە خوێندکارانی ڕادیکاڵو چەپ لە ژێر کارتێکەری ئەو لاپەڕە زێڕینەی مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بناغەی ڕێکخراوێکیان دانا کە دواتر بە کۆمەڵە ناوزەد کرا. زۆری نەکێشا کە بەهۆی چالاکی بێوچان بە مەبەستی وشیارکردنەوەی زەحمەتکێشان تاکوو مانگی گەلاوێژی ١٣٥٧ی هەتاوی کەوتە بەندیخانەو بەداخەوە هەر تەنیا پاش یازدە مانگ لە ئازادبوونیو دوای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی لە ٩ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاویو تەنیا دوازدە ڕۆژ دوای فتوای دژە گەلیی خومەینی دژی گەلی کورد لە سەنگەری بەرەنگارییدا شەهید کرا.

**“ شەهید فواد وەک زانایەکی سیاسی لە بواری تیۆرییەوە، یەکێک لە پێشەنگەکانی دژایەتی لەگەڵ سۆسیالیزمی دەوڵەتی بە گشتیو مێتۆدی سۆسیالیزمی رووسی بە تایبەتی بوو ”**

لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرە مەزنە ئەوەی جێی بایەخە لە ڕوانگەی ئێمەوە خوێندنەوەیەکی نوێو شیکاریی کردنێکی ئارەزوومەندانەی شێوازو ڕاسپاردەکانی ناوبراوە بۆ نەوەی نوێو چالاکانی چەپ لە کوردستانە.

شەهید فواد وەک زانایەکی سیاسی لە بواری تیۆرییەوە، یەکێک لە پێشەنگەکانی دژایەتی لەگەڵ سۆسیالیزمی دەوڵەتی بە گشتیو میتۆدی سۆسیالیزمی ڕووسی بە تایبەتی بووەو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی شۆڕشە جەماوەرییەکاندا، بە مەبەستی پڕ کردنەوەی بۆشایی تیۆرییەکانی ئەم مژارە بە چەشنێکی هاوڕا لەگەڵ ئانتۆنیۆ گرامێشی، بەردەوام تەرکیزی لەسەر ئامادەکاری کولتووریی‌و فکریی‌و هەروەها بەرەودان بە باوەڕ و هزر، پێش لە دەستپێکی هەر چەشنە شۆڕشێک کردۆتەوەو لە ڕوانگەی ناوبراو شۆڕشی سۆسیالیستی پێویستی بە ئامادەکاریی کولتووریو فکری هەیە، پێش لە خۆسازدانی سیاسیو نیزامی، کە بە پێی دۆخی سەردەم ئەم جۆرە گۆشەنیگایە دەکرێ بە نوێگەرایی لە خەباتی چەپ لە کوردستانو تەنانەت ئێرانیشدا ناوزەد بکرێ. جیا لەمە ڕوانگەی ڕێئالیستی کاک فواد لە هەمبەر ڕادەی تواناو پتانسیەلی بزاڤی شۆڕشگێری لەهەر قۆناغێکی دیاریکراودا، یەکێکی دیکە لە لێهاتووییەکانی ناوبرا دێتە ئەژمار. هەروەها شەهید فواد لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئایین‌دا تێکۆشاوە فامکردنی کاڵ لە چەمکی ئایین لە ڕێگەی پەروەردەکردنی زانستییەوە بسڕێتەوەو لە ئاستی پراکتیکیشدا، شەهید فواد بە حەق فەسڵێکی نوێی لە مێژووی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی

**شەهید فواد جیا لەمانە یەکێک لەو کاراکتێرو کەسایەتییە سیاسیانەی کوردستان بووە کە لە هاندانو بەشداری کردنی ژنان لە شۆڕشو دامەزراندنی شووراکان بە تایبەت لە شارو ئاواییەکانی سنە و مەریوان ڕۆڵی مێحوەری گێڕاوە.**

کوردستان کردۆتەوەو شانازی هێنانە ئارای میتۆدێکی نوێ لە بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەیی لە لایەن چاوەدێرانی سیاسییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ ناوبرا تۆمار کراوە.

شەهید فواد لە وەڕێ خستنی مانگرتنی ٢٤ ڕۆژەی زیندانییە سیاسییەکانی گرتووخانەی سنە لە سەردەمی دەسەڵاتداری پاشایەتیو هەروەها ورە بەخشین بە مانگرتووان دەوری هەرە سەرەکی گێڕاوەو دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش لە ڕێکخستنی کۆڕەوی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ ئوردووگای کانیمیران بە نیشانەی نارەزایەتی لە هەمبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی ڕێبەری نواندوە. شەهید فواد جیا لەمانە یەکێک لەو کاراکتێرو کەسایەتییە سیاسیانەی کوردستان بووە کە لە هاندانو بەشداری کردنی ژنان لە شۆڕشو دامەزراندنی شووراکان بە تایبەت لە شارو ئاواییەکانی سنە و مەریوان ڕۆڵی مێحوەری گێڕاوە.

پاش دەرچوونی فتوای خومەینی دژ بە گەلی کوردو تەنیا شەش ڕۆژ دوا بە دوای ئێعدامی دوو برای لە لایەن ئاخووند خەڵخاڵی جەللادەوە، کاک فوادیش وەکوو یەکێک لە پێشەنگەکانی بەرخۆدان لە بەرامبەر داگیرکارییدا لە تەمەنی لاوێتی واتا لە ٣١ ساڵەییدا لە سەنگەری بەرەنگاریی جەماوەرییدا شەهید دەکرێ.

بەرز بێ یادی ڕێبەرو شۆڕشگێری لاو، شەهید فواد مستەفا سوڵتانی!

سەرکەوتوو بێ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی
کوردستانی ئێران
٩ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی

# بەیاننامەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئاخێوو گوتاری فاشیستی هێندێک پارتو لایەنی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەر بەو روانینو هزرە سوننەتیو دژە مۆدێرنە سەرەڕای حاشاکردنی ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی – جوغرافیایی فرەنەتەوە، ئێستاش باوەڕیان بە سیستمێکی ئیداری – سیاسی ناوەندگەرا هەیە. لەحاڵێکدا بێگومان لە هزری سیاسیی مۆدێرندا هیچ نیشانەیەک لە دەستەبەرکردنی دێمۆکراسی لە یەکە سیاسی – جوغرافیاییەکانی فرەنەتەوەدا بەبێ دان پێدانان بە "مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان" نابیندرێ. مافی دیاری کردنی چارەنووس خاڵێکی بنەڕەتییە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا، کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانی ئازادیخوازو یەکسانخوازەوە پەسند کراوەو لەبەرچاونەگرتنو حاشا لێکردنی، بە کردەوە بەواتای کەوتنە بەرەی ئەو هێزو دەوڵەتە ناوەندگەرا تۆتالیتێرانەوە کە کەوتوونە ژێر سێبەری چەمکە فاشیستیو غەیرە مرۆییەکانی وەک "تەواویەتی ئەرزی" کە دەست بۆ هەر جۆرە جینایەتێک لە پێناوی پاراستنی پێکهاتەو ئیستاتۆی خۆیان، دەبەن.

دەبێ ئەو خاڵەشمان لەبەرچاو بێ کە یەکێک لە سەرەکیترین چوارچێوەکانی مافی مرۆڤ، مافی خەڵکی کۆمەڵگایەکو گرووپێکی نەتەوەییە بۆ دیاری کردنی چارەنووسیان. ئەم ئەسڵە تا ئەو ئاستە گرینگە کە بە کوڵەکە و ئەساسی هەموو مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن. لەڕاستیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مافی مرۆڤ، دەستەبەرکردنی ئەسڵی مافی دیاری کردنی چارەنووس گرینگییەکی تایبەتی هەیەو، بەبێ وەدیهاتنی ئەم ئەسڵە نابێ چاوەڕوانی ئەوەمان بێ کە دەوڵەتی هەڵنەبژێردراو بە نیسبەت ئەسڵەکانی مافی مرۆڤەوە پابەند بێو، لەوەها کاتێکدا هیچ گرەنتییەک بۆ دووپات نەبوونەوەی سەرلەنوێی مێژووی هاوچەرخی شوومی ئێرانو فەرمانی جیهادەکان بە دژی نەتەوەی کوردو دووپات بوونەوەی جینایەتەکانی وەک قارنێو قەلاتان نیە.

**بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەر بەو روانینو هزرە سوننەتیو دژە مۆدێرنە سەرەڕای حاشاکردنی ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی ــ جوغرافیایی فرەنەتەوە، ئێستاش باوەڕیان بە سیستمێکی ئیداری ــ سیاسی ناوەندگەرا هەیە**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ...

بەشێکی زۆر لە لایەنو پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لە لیبراڵو کۆماریخوازەوە بگرە تا دەگاتە چەپو کمۆنیست کە ساڵانێکی زۆرە لە وڵاتانی ئورووپایی یان لەوبەری ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارامو کیلۆمیترها دوورتر لەو ئێرانەی کە بۆ پاراستنی "تەواویەتی ئەرزی"یەکەی بەرۆکیانی بۆ دەدڕن، لەگەڵ ئەوەی ئێستاش هەر لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن دانو هیچ دەسەڵاتێکیان نیە، بەڵام بەوحاڵەش ناوە ناوە بە هەر بیانوویەکەوە بێ لە دیواری نەتەوەی کورد وەسەردەکەونو بە بەراوەژوو نیشان دانی راستییەکانو بڵاوکردنەوەی فێدڕاڵۆفۆبی(فدرالیسم هراسی)و دەرخستنی رووخساری راستەقینەیان ئەوە دەسەلمێنن کە لە کردەوەو شێوەی بەرخوردیان لەگەڵ مەسەلەی کورددا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نیە، بەم جۆرە هەوڵە پرپووچانەیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە بە کۆمەڵگای ئێران ئەوە تەزریق بکەن کە نەتەوەی کورد خوازیاری لەتو پەت کردنو هەڵوەشانەوەی ئێرانە.

وە بەڵام نەتەوەی کورد ...

مێژووی خەباتو بەربەرەکانی نەتەوەی کورد سەلماندوویەتی کە ئەم گرووپە نەتەوەییە بەردەوام بۆ دابین کردنی دێموکراسیو سەقامگیری لە ئێراندا هەوڵی داوەو دێمۆکراسی بە پێویستیو گەرەنتی دابین بوونی ویستە نەتەوایەتییەکانی خۆی زانیوە.

بەپێی فاکتۆرە عەینیو زەینییەکان حاشا لەو راستییە ناکرێ کە میللەتی کورد گرووپێکی نەتەوەییو ئەگەر نەتەوەی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا خوازیاری مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیش بێ، داوای مافی رەوای خۆی کردوەو هیچ کەسو لایەنێک ناتوانێ بە هاوارو دروشمدانی "وا ئیرانا" لە بەرامبەر هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا راست وەبێو حاشا لە بوونو مافی رەوای نەتەوەیەک بکا. بەڵام بەو پێیەش پارتو لایەنە سیاسییەکانی نوێنەری نەتەوەی کورد لەسەر ئەو بنەما گرینگە کە مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبێ لە رێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکرێ، رێکاری فێدڕالیزمو یەکیەتیی خوازیارانە بۆ داهاتووی ئێرانیان پێشنیار کردوەو وەک دروشمێکی ستراتیژی خۆیان هێناویانەتە گۆڕێ.

بە سەرنجدان بەو شتانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەکرێ بە کورتی بڵێین کە، ئەمە ئاخێوو گوتارو کردەوەی پارتو لایەنە سیاسییەکانو کەسایەتی ئێرانییەکانە کە دەبێتە هۆی لێک هەڵوەشانی ئەم یەکە جوغرافیاییە کە ئێستا پێی دەڵێن ئێران، نەک هەڵوێستی سیاسی رێبەرانو پارتە کوردستانیەکان.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی
رۆژهەڵاتی کوردستان
١٣٩١/٦/٢٦
٢٠١٢/٩/١٦

**بەشێکی زۆر لە لایەنو پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لە لیبراڵو کۆماریخوازەوە بگرە تا دەگاتە چەپو کمۆنیست کە ساڵانێکی زۆرە لە وڵاتانی ئورووپایی یان لەوبەری ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارامو کیلۆمیترها دوورتر لەو ئێرانەی کە بۆ پاراستنی "تەواویەتی ئەرزی"یەکەی بەرۆکیانی بۆ دەدڕن، لەگەڵ ئەوەی ئێستاش هەر لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن دانو هیچ دەسەڵاتێکیان نیە، بەڵام بەوحاڵەش ناوە ناوە بە هەر بیانوویەکەوە بێ لە دیواری نەتەوەی کورد وەسەردەکەونو بە بەراوەژوو نیشان دانی راستییەکانو بڵاوکردنەوەی فێدڕاڵۆفۆبی ( فدرالیسم هراسی)و دەرخستنی رووخساری راستەقینەیان ئەوە دەسەلمێنن کە لە کردەوەو شێوەی بەرخوردیان لەگەڵ مەسەلەی کورددا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نیە،**



## یەکەم مەرجی ئازادی، باوەڕو بەجێهێنانی ئاشتیو دۆستایەتییە!

# ڕۆژی جیهانی ئاشتی پیرۆز بێ!

مێژووی مرۆڤایەتی، ئاوێنەیەکی ژەنگاوی لە نەفرەتو بوغزو نایەکسانییە کە بە تاڵان بردنی بایەخە مرۆڤایەتییەکانو داسەپاندنی نایەکسانی دژە مرۆڤانە، بەردەوام لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەو کەسانە دان کە بە ئیستیلاح سەرکەوتوونو رووخساری مرۆڤایەتییان نەماوەو ئینسانییەتیان لە گێژاوی زوڵمو زۆرو ترسدا بە قامچی شەیتانی خۆیان بێزار کردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤە بەرپرسو یەکسانخوازەکان بە تێکۆشانو فیداکاری بێوێنەیان تەنانەت گیانی خۆشیان فیدای وەدیی هێنانو بە ئاکام گەیشتنی ئاشتیو ئازادیو بزەی مرۆڤایەتی دەکەن.

دروست کردنی ئەهرامی میسر بە قامچی تۆقێنەرو بێبەزەییانەی فیرعەونەکان، شەڕی خاچ پەرستەکان، لەشکرکێشی ئیمپڕاتۆڕەکان، شەڕەکانی جیهانی یەکەمو دووهەم، شەڕی ویتنام، کۆمەڵکوژی جولەکەکان، بۆمب بارانی ئەتۆمی هیرۆشیماو ناکازاکی، کیمیا بارانی هەڵەبجەو سەردەشت، قەتڵو عامەکانی قاڕنێو قەڵاتانو کوشتارەکانی ئیمپڕاتۆڕی عوسمانی لە دۆڵی زیلانو هەزاران شێوازی دیکەی کۆمەڵکوژی لە لایەن خواوەندەکانی ترسو تۆقێنەر بەدژی مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی لەباربردنی ئاشتیو ئازادیو دۆستایەتی لەبەر سێبەری ناهومێدیو شکستدا بوون، بەڵام مرۆڤی دوێنێو ئەمڕۆ بە جەسووریو بوێرییەوە نەمامی ئازادی پاراستووە.

گەلی کوردیش وەک یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەم کێشمەکێشە مێژووییەدا کەوتۆتە بەر ئەشکەنجەو ئازاری زاڵمانو داگیرکەرانو هەستی بەو ئازارو مەینەتییانە کردوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە شێلگیرانەو بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادیو یەکسانیو هەڵاتنی خۆری رزگاریو ئاشتیو ئازادی لە تێکۆشان نەوەستێ. شەهیدبوونی بێوێنەترین رۆڵەکانی ئەم گەلە هەڵگری ئەو راستییەیە. گەورەترین نموونەی ئەو تێکۆشەرانە پێشەوا قازی محەممەد، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سادقی شەڕەفکەندیو هەزاران رۆڵەی تیکۆشەری دیکەی ئەم گەلە بەش مەینەتەیە کە لە رێگای ئاشتیو ئازادیدا گیانی پاکیان بەخت کردو بە جیهانیان سەلماند کە لە وڵاتی ئێمە کورداندا خۆری ئازادی هەر هەڵ دێ.

ئێمەی لاوانی کوردیش خۆمان بە درێژەدەری رێچکەو رێبازی هەموو شەهیدانی رێگای ئاشتیو ئازادی دەزانینو دەستی دۆستایەتی خۆمان بەرەو لای مرۆڤایەتی درێژ دەکەینو هاوشانی ئێوەی مرۆڤ دۆستانی ئاشتیخواز تا گەیشتن بە ئامانج کە جیهانێکی مرۆڤایەتی بەدوور لەهەر جۆرە هەڵاوارنو دەمارگرژییەکی کوێرکوێرانەیە، هەوڵ دەدەین.

هیواداریـن لە رێگای ئاشتیو یەکگرتووییەوە بەسەر ئەهریمەنی چەپەڵو زۆرداردا سەرکەوین.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی



# بەیاننامەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ کردەوەی تیرۆریستی ١١ی سێپتامبر

١١ی سێپتامبر تەنیا رۆژێک نەبووە کە مرۆڤە مەزهەبی‌یە توندڕەوەکان تێیدا کردەوەی تیرۆریستی‌یان ئەنجام داوەو لە درێژایی مێژووداو لە فۆرمی جۆراوجۆردا، بەهۆی ئیدئۆلۆژیگەلی رەهاگەراوە لە خاکو خوێن وەردراون.

ئەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانی زێدە خوازی دەسەڵاتویستان، هیچ رۆڵێکیان لە پێوەندی‌یە حکومەتیو سیاسی‌یەکانی دەسەڵاتی زاڵدا نەبووە.

قوربانیگەلێک کە لە رێگەی سازکردنو ئاوەدان کردنەوەی قووچەکەکانی میسردا گیانیان بەخت کردو بەردەوام لە رێگەی قامچی زێدەخوازی، نەزانیو خۆویستی دەسەڵاتدارانەوە، ئەشکەنجە دەکران، لە شەڕەکانی نێوان موسڵمانو خاچ پەرەستاندا، هەزاران منداڵو لاوی بێتاوان بوونە قوربانی، کوورەکانی مرۆڤ سووتێنی هیتلێر، قوربانی‌یەکانی شەڕی ڤیتنام، تەقینەوەکانو کردەوە خۆکوژی‌یەکانی گرووپەکانی توندئاژۆی ئیسلامی لە فەلەستین، عێراق، ئەفغانستانو ....، رووداوی ١١ی سێپتامبرو تیرۆری رێبەرانی وەک دوکتور سادقی شەڕەفکەندی بەهۆی تیرۆریستەکانی رژێمی ئیسلامی ئێرانو سەدان کارەساتی دیکە، هەمیشە زەربەی لە پەیکەری مرۆڤایەتی داوەو ئاشتیو دۆستایەتی خستۆتە مەترسی‌یەوە. لاوانی کوردستانو نەتەوەی کورد وەک هەمیشە لە لایەک رقو بێزاری خۆیان لەم ناعەداڵەتیو کردەوە دژە مرۆڤانە دەردەبڕنو بە توندی مەحکومی دەکەن، لەلایەکیترەوە لەسەر دامەزراندنی نەزمێکی نۆیی جیهانی لەسەر بنەماکانی دادپەروەریو ئازادیی شیلگیرانە پێدادەگرن.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان

**لاوانی کوردستانو نەتەوەی کورد وەک هەمیشە لە لایەک رقو بێزاری خۆیان لەم ناعەداڵەتیو کردەوە دژە مرۆڤانە دەردەبڕنو بە توندی مەحکومی دەکەن، لەلایەکیترەوە لەسەر دامەزراندنی نەزمێکی نۆیی جیهانی لەسەر بنەماکانی دادپەروەریو ئازادیی شیلگیرانە پێدادەگرن**



# لاوان لە نیو نیگایەک‌دا

**عەباس حەقبین**

بۆ ئـەوەی بـەڕوونـی لـە کێشەو سۆسـیـۆلـۆژی، لـە ئاسـتـی لاوان‌دا تێ‌بگـەیـن، پـێویـسـتـە بـوارەکـانـی پێوەندی‌دار پۆلێن‌بەندی بکەین. لاوان وەک چینێکی هەرە بەهێزو گەورە بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا، یەکێک لەو ئامانجە سەرەکی‌یانەیە کە قەیرانە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان قورسایی لـەسـەر دانـاوە. ئـەو بـوارانـەی کە پێویستە بیان خەملێنین بریتین لە:

١ــــ پـاڵپـشـتـی هـێـز(دەسـەڵاتـی سیاسی) بۆ نیهادینەو پشکوتنی هێزو توانای لاوان.

٢ــ تویژینەوە لە پێوەندیو کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لاوانو نهێنی‌یە جەستەییو جنسی‌یەکانی لاوان.

٣ــ هـەسـت بـە فـەزای ئـاوەڵای فکری لە خێزان‌دا بۆ بیروڕا دەربڕینو گۆڕینەوەی بیروڕا.

٤ــــ بـە نـەریـت کـردنـی دیـاردە ئەکتیڤو بەرهەمهێنەکان بە هاوبەشی کۆمەڵگاو دەسەڵات.

لاوان وەک بەهێزترینو چالاکترین چینی کـۆمـەڵـگـا، پوتانسیەلی هـەر گەلو نەتەوەیەکن، وەگـەڕ خستنو کانـاڵـیزەکردنـی ئـەم هـێـزە ئـەرکـی سیـسـتـمـی دەســـەڵاتـــدارە واتـــە: «حکوومەت»:

ئەلف: پاڵپشتی هێزێکی دەسەڵاتدار بۆ تێ‌گەیاندنو پێ‌گەیاندن:

گـەشـەی فکریو روونـاک‌بـیـری هەر تاکێک بەستراوەتەوە بە فەزای خێزانو کۆمەڵگاو ئـەو جـەوەی کە تێیدا دەژێ واتە، بارودۆخی شوێنی ژیان(ژینگە). سیستمەکانی دەسەڵاتدار هەرکام بەشێوەیەک کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی لاوانو بەکارهێنانیان بـۆویـنـە سیستمە دیـکـتـاتـۆرەکـان، سۆسیالیستو سـەرمـایـەدارەکـان، بـەگـشـتـی نـیـزامـێـکی بـەرهـەمـهـێـنو ئـەمـرۆیـی لـە راسـتـــای ویـسـتـی جـەمـاوەری‌دا پێویستە ئـەم لایەنانە لەبەرچاو بگرێ وەک پاراستنی بەها کۆمەڵایەتیو میتافیزیکی‌یەکانو خوو و خدانەی کە بڕوایان پێ‌یە وەک سیلەی رەحمو رێزو خۆسەویستی، پێوەندی رەوابتەکانی پێکەوە گرێ داوە، بۆیە پێویستە ئەمانە زۆر بە باشی پێناسە بکرێنو ویڕای رۆشنگەری لەمانەدا، هەوڵ بۆ پاراستنیان بدرێ. کەم نین ئەو وێنانەی کە لە ژیانی رۆژانـەدا رەحمو رێزو خۆشەویستی گرێی لێ کردوونەوەو رێگەچارەی بۆ داناون.

بـەپـێـی حـەتـمـیـەتـی نـیـزامـێـکـی میتۆلۆژی لـە دەسـەڵات‌دا دەتـوانـێ کار ئاسانی بکا بۆ دۆزینـەوەی ئەو بەهاو نرخە رەوشتیانەو پاراستنیان. ئـەگـەرچـی سوننەتی بـەڵام دێرینو پارێزەر، ئەم بەهایانەی گەلی کوردی تا ئێستا راگرتووەو خاڵێکی بەهێز بووە لە بـواری بەرگریو پاراستنی ئەم گەلەدا بە شێوەیەکی سوننەتی. لـەڕاسـتـی‌دا ئـەم ئـەرکـە لـە ئەستۆی خێزانو حکوومەت دایەو هەر دووک پێویستە هەوڵی نیهادینەبوونی بدەن. بنەمای هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لە پێناو گەشەو بەردەوامی‌دا ئابووری‌یە. لاوی کورد کاتێک هەست بە ئەمنییەتی ئابووری واتە ئاسوودەیی ژیان بکا لە بـواری ئـابـووری‌دا، هەستی بڕوا بـەخـۆبـوونو بـیـرکـردنـەوەی زیاتر لەودا دەپشکوێو بە هیواو ئومێدەوە

بەرەو داهاتوو دەڕوانێو هەنگاو دەنێ. بۆوێنە نەبوونی کێشەی بێکاری یان دابین بوونی خێزانی وەک خانوبەرە، ڕێگە لە کێشە فکریو کۆمەڵایەتییەکانی لاوان دەگرێ. بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گونجاو دەکرێ بەختەوەرییان دەستەبەر بکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە تووشی هەڵەکانی وەک دزی، قەتڵ، قاچاغو ... هتد، نابنەوەو پێکهاتەی خێزان نەشو نمایەکی نوێ بەخۆوە دەگرێو بەها پێشووەکانی کە باسمان کرد تێیدا پارێزراو دەبن. بۆیە حکوومەت پێویستە بە ئەرکی خۆی بزانێ لەپێناو دابین کردنی خانوو هەلی کارکردن بۆ گەنجەکان، پلانو میکانیزمی گونجاو بگرێتەبەرو بەشێوەی درێژخایەن هەنگاوی بۆ بنێ.

دیاردە دزێوە سوننەتیەکان کۆسپێکی دیکەی سەر ڕێگای لاوانە کە پێویستە بە ڕێگەی دوو لایەن(گەلو دەسەڵات) هەنگاوی پێکهاتەشکێنی بۆ بنرێو نوێگەری تێدا بکرێ لە پێناو مانو پاراستنی ئەو ڕەسەنیەتە دێرینەی کە هەیەتی. بۆ وێنە عەیبە عەیبە زۆر نهێنی شاراوەی لە ناخی گەنجەکاندا دەهێڵێتەوە کە وەک گرێ کوێرەیەک، کەلێنو کێشەی کۆمەڵایەتیو فرەلایەنیش دەهێنێتەوە سەر ڕێگایان. ئەوە لەلایەکو لەلایەکی دیکەوە ژیانەوەی کولتووری خوڵقێنەرو هەوڵدان بۆ گەشەو زیندوو ڕاگرتنیان، پێوەندی نێوان لاوەکانو هەستی نەتەوایەتیان بەهێز دەکات، بۆوێنە ئاماژەکردن بە نەورۆزو کایە کۆنەکانی وڵاتی کوردەواری ئەدەین.

پێک هێنانی فەزای ئاوەڵای فکری لەپێناو لاوی ڕۆشنبیرو بلیمەتدا، یەکێکی دیکەیە لە ئەرکەکانی حکوومەت، ئەم دیاردانەش لە ڕێگای دروست کردنی سیستمی پەروەردەیی وەک مەکتەبو مزگەوتو ئازادی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەستەبەر دەکرێ. هەڵبەت ئەم خوێندنەو ئاستی کاردانەوەی بەستراوەتەوە بە نیزامە حکوومییەکان، بۆوێنە خوێندکاری زانکۆ لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا چەندە دابین دەکرێو پارێزەرێ، نیو هێندە لە سیستمە دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران، نەک دابین ناکرێ، بەڵکوو دەخرێنە سووچی بەندیخانەکان بەهۆی دەربڕینی بیروڕای جیاوازەوە. ئەمە خۆی قەیرانی نیزامە ئایدۆلۆژیکو داخراوەکانی سیستمی دیکتاتۆرییە. بەڵام لاوی کورد دەتوانێ لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە شوناسو گەشەی خۆی دەستەبەر بکا. بۆیە بوونو دابین کردنی ئەم ڕێکخراوانە، یەکێکی دیکەیە لە ئەرکەکانی حکوومەتی دیمۆکراتیک. لاوی کورد لەژێر دەسەڵاتی کەشی ئاوەڵای فکریو ڕێکخراوەییدا دەتوانێ بوارەکانی وەرزشی، هونەری، زانستیو، هەروەها بیروڕاو هەستو سۆزی دەروونیو ناسینی جەستەییو جنسیەکان، تێپەڕو هاوسەنگی جسمو هێز پێک بێنێ، وەک دەڵێن «ئاوەزی ساغ لە جەستەی ساغ دایە».

ب: پێوەندی خێزانو دەسەڵات:

لە سیستمە مەدەنییەکاندا هەر تاکێک خوی بە بەرپرسیار دەزانێ لە ئاست پاراستنی ئەو سیستمەدا، بۆیە پێوەندییەکانی نێوانیان بەهێز دەکەنو توێژەری کۆمەڵایەتیو توێژینەوەی کۆمەڵایەتییان بۆ دەکرێ وەک بەشێک لە میتۆلۆژی. ئەم هاوهەنگاوییە ئەڵقەی پێوەندییەکانی نێوان لاوانی بەرجەستەتر دەکا. ئەرکی دایکو باوکو خوشکو برا لە خێزاندا زۆر شاراوەو نهێنی ئاشکرا دەکاو بەهاو نرخە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکان دائەڕێژێ. خێزان چ قازانجێکی هەیە؟ دابڕانی خێزان چ زیانێکی هەیە؟ ئەرکی تاکەکانی خێزان چن؟ بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەند پرسیاری دیکەش بەستراوەتەوە بە پێوەندی نێوان ئەندامەکانی خێزان، بۆیە هەر چەندە متمانەو بڕواو خۆشەویستی جێگر بووبێ، بە هەمان ئەندازەش کێشەی خێزان کەمتر دەبێ. بۆوێنە درۆو دزیو دەستدرێژی سێکسیو ... هتد، وەک سیمایەکی دزێو لە خێزاندا پێناسە دەکرێو لەگەڵ گەشەی لاو دەبێتە باوەڕێکی ڕەوشتیو بەکردەوە دووری لێدەکاو بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە ڕێک کەوتنێکی کۆمەڵایەتی.

کاتێک لە سیستمە دیمۆکراتیکەکاندا جەماوەر ئابووری حکوومەت لە ڕێگەی ئیدارە جەمارییەکانەوە دابین دەکا، پێوەندییەکی ئیداریش دروست دەبێ کە پێش بە فاکسیۆنالیزمو ئانارشیزم دەگرێو متمانەیەکی دوو لایەنەی ئیداری ئەو پێوەندییە ڕادەگرێو لاوان لە گۆڕەپانی ئەم واقیعەدا دەتوانن هەست بە قورساییو نرخی خۆیان بکەنو بیرو کردەوەیان لە خزمەت بەختەوەری دابنێن بە گەڕانو دۆزینەوەی نوێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستمی دەسەڵاتدار سیستمێکی نادیمۆکراتیک بێ، نەبوونی ئەو پێوەندییە ئیدارییە، بۆشایی دەخاتە نێوان خەڵکو دەسەڵاتو بێمتمانەیی کۆسپو تەگەرەی جۆراوجۆر دەخاتەوە کە بەستراوەتەوە بە ئاستی ئەو بۆشاییە پێکهاتووە کە زۆرترین قوربانیەکانی ئەم قەیرانە لاوەکانن کە ئەم شێوە سیستمانەیان بۆ قەبووڵ ناکرێ بەتایبەت سەردەمی ئەوڕۆ لە ژێر تیشکی گۆڕانو تێکنۆلۆژی نوێدا، ئاستی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا داخراوەکانیشدا گۆڕاوەو سەقامگیری ئەو سیستمە کۆنانە گەڵێگ ئەستەمە. بۆوێنە لە سیستەمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیدا لاوەکان وێڕای ڕووخانە دەروونییەکانو بێ هیوایی باری گوزەرانو ژیانیان یا لە ژێر تەوژمەکاندا دەچەمێ یا لە سەنگەرو سووچی زیندانەکانی بەرگریدا پەرپەر دەبن. ئەم ڕاستییە بەژانە

گۆڕەپانی ژیانی نایەکسانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەشێوەیەک داگرتووە وێڕای ستەمی ئایینیو نەتەوەیی واتە کوردبوون، سێبەرێکی بەسامی بەسەردا کێشاون.

ج: بوارێکی دیکەی تایبەت بە لاوان، فەرهەنگی دیالۆگی خێزانی‌یە، ئەمنییەتی بیروڕای تاکە بۆ گەیشتن بە شوناسی پێویستو پێشگیری لە ون بوون لەنێو گەڕان بەدوای شوناسی کەسایەتی‌دا.

لایەنە بەدیی‌هێنەرەکانی ئەم واقیعە وەک ئاڵقەی زنجیر، پێوەندی بە بوارەکانی پێشووەوە هەیە لە سیستەمو کۆمەڵگا داخراوەکان‌دا بەتایبەت «ئیسلامی سیاسی»دا. لە ژێر هەژموونی ئەم نیزامەدا گەڕان بەدوای شوناس‌دا، زۆربەی گەنجانی بەرەو سڕبوونی فکریو ناهومێدی لەم ڕێژیمەدا بردووەو بەوپەڕی لەخۆبردوویی‌یەوە هەوڵی گۆڕینی ئەم نیزامە دەدەن. ئەم لەخۆبردوویی‌یە بە ئاستێک گەیشتووە کە گیانی شیرینی خۆیان پێشکەشی بارەگای ئازادی دەکەنو لە سەنگەری بەرگریو بەرخۆدان‌دا بە دوای شوناسی تاکو نەتەوەکەیانەوەن.

گەڕان بەدوای ئەم شوناسەو ون بوون تێی‌دا، کاتێک ڕوودەدا کە تاکی لاوی کورد بۆ خۆدزینەوەو هەڵاتن لەو واقیعانە کە پێویستە بەرەڕوویان ببێتەوە، ڕوودەکاتە ماددە هۆش‌بەرەکان یا بۆ بژیوی‌یەکی کەم دەبنە جاشو خۆفرۆشی ئەو حکوومەتەو نسکۆیی بەبیری نەتەوەییو نرخەکانی خۆی دێنێ. ئەمەیە ئەو ون بوونەی کە خۆیو خێزانیو کۆمەڵگاکەی تووشی شەرمەزاری ئەکا بەدوور لەهەر نوێ‌خوازیو پێکهاتەشکێنی‌یەک لەتابۆی نەناسین‌دا دەبێتە قوربانی دەستی داگیرکەران. ئەم دیمەنە بەئازارانە بەشێک بوون لە واقیعەکانی لاوی کورد لە ئەوڕۆی سەدەی ٢١دا.

د: پاراستنی نەریتی ئەکتیڤو بەرهەم‌هێنەرو نوێ‌گەری لە نەریتی کۆن:

هەوڵدان لەم بوارەدا بەستراوەتەوە بە ئاستو شێوازی سیستەمو کراوەبوونیان. هەرچەندە کراوە بن بەهەمان ئەندازە بەرهەم‌هێن دەبنو بەپێچەوانەشەوە. بۆوێنە نەریتی عەیبە سنووردار نیەو هەر تاکێک بە کەیفی خۆی بەکاری دێنێ، ئەگەر لاوی کورد نهێنی‌یە جنسیەکانی تایبەت بە تەمەنی لاوی خۆی لەکاتی خۆی‌دا زانینی ئەوە وەک واقیعێکی ئاسایی بەکای دێنێ، بەڵام ئەگەر عەیبە عەیبەی خێزانو داخراوی سیستەمی پەروەردەیی لەم نهێنی‌یە جنسیانەی تێ‌نەگەیاندو بەگرێ کوێرەیی مایەوە. ئەوە لە ئاکام‌دا ئەم گەنجانە تووشی نەخۆشی‌یە سێکسی‌یەکانی وەک «ئایدز، سووزەنەکو لەش فرۆشی دەبنەوە وێڕای لەدەستدانی نرخو بەها تاکە کەسیەکانی خۆیان، خەساری کۆمەڵایەتیو خێزانی دروست ئەکەنو بنەماکانی یەکیەتی کۆمەڵایەتیو خێزانی وەلەرزە دەخەن.

بۆیە گۆڕان لە نەریت‌دا ئەو نەریتە ماندگارو خەسارەکانی کەمو بەرهەم‌هێن دەبێ. بۆ بەختیاری نەریتی نەتەوەیی پێویستە هەر تاکێک لە کۆمەڵ‌دا خۆی بە بەرپرسی ئەو نەریتە بزانیو بە وشیاری‌یەوە پەیڕەوی بکا. ئەم کورتە باسە بەشێک بوون لە واقیعو ئازارەکانی لاوی کورد لە ئەوڕۆی سەدەی ٢١و سەردەمی نوێ‌گەریو زانستو تێکنۆلۆژی‌دا.



**بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستمی دەسەڵاتدار سیستەمێکی نادێمۆکراتیک بێ، نەبوونی ئەو پێوەندی‌یە ئیداری‌یە، بۆشایی دەخاتە نێوان خەڵکو دەسەڵاتو بێ‌متمانەیی کۆسپو تەگەرەی جۆراوجۆر دەخاتەوە کە بەستراوەتەوە بە ئاستی ئەو بۆشایی‌یە پێکهاتووە کە زۆرترین قوربانیەکانی ئەم قەیرانە لاوەکانن کە ئەم شێوە سیستمانەیان بۆ قەبووڵ ناکرێ بەتایبەت سەردەمی ئەوڕۆ لە ژێر تیشکی گۆڕانو تێکنۆلۆژی نوێ‌دا، ئاستی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا داخراوەکانیش‌دا گۆڕاوەو سەقامگیری ئەو سیستەمە کۆنانە گەلێک ئەستەمە**




# ئاڵۆزییەکانی سووریاو ئاسۆی کوردەکان

**وریا ساڵحزاده**

شۆڕشە جەماوەرییەکەی سووریا کە ماوەی ساڵو نیوێکی بەسەردا تێدەپەڕێ، نزیکەی سی هەزار قوربانیی گیانی لێکەوتوتەوەو تا ئێستا ئەنجامێکی ئەرێنی ئەوتۆی نەداوەتە دەست هاوولاتیانی سووریە. ڕەوتی ڕووداوەکان تێمان دەگەیەنن تا "بەشار ئەسەد"و حکومەتەکەی لەنێو خاکی سووریادا بوونی هەبێ، هیچ پلانو بەرەوپێش چوونێک لە راستای چاکسازی بارودۆخی سووریادا سەرکەوتوو نابێ، چونکە لە لایەک دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ولاتەدا ڕێگە بەهەر چەشنە گۆڕانکارییەک دەگرێ کە لە خزمەت گەلو پرۆسەی دیمۆکراسیدا بێو، لە لایەکی دیکەش ڕێژیمی تاک حیزبی بەعسی سووریاو دەسەلاتی بۆ هەمیشەیی بەشار ئەسەدە کە لە حافز ئەسەدی باوکیەوە بۆی بەجێ ماوە. هەر ئەم هۆکارانەش وا لە ڕژێمی سووریا دەکا کە زەبرو زەنگێکی لە جاران زیاتر بە کار بێنێ بە دژی گەلەکەیو لە هیچ شێوە کوشتارێک سڵ نەکاتەوە.

لەڕاستیدا بوونی ئەو هەموو کوشتارو لەنێوبردنە لە سووریادا سەرچاوە فیکرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانیو هێزەکانی سووریاو بەشار ئەسەد تەنیا جێبەجێ کاری پرۆژە چەپەڵەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامین. هۆکاری ئەو هەموو پشتگیرییەی کۆماری ئیسلامیش لە ڕێژیمی دیکتاتۆری سووریا، ڕاگرتنی مەیدانی شەڕە لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ڕاگواستنی چەکو چۆڵ لە ڕێگای خاکی سووریا بۆ حیزبوڵلای لوبنان تا ئەویش لە دژی ئیسرایل بەکاری بێنێ، هەروەها ترسێکی گەورەی ئێرانە لە کۆتایی هاتنی ڕژێمەکەی ئەسەدو هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دێمۆکڕاتیک لەو ولاتەدا کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشێکی جەماوەری لە ئێرانداو دەرکەوتنی کەمینە نەتەوەو ئایینییەکان لەو ولاتەداو لە ئاکامدا کۆتایی بە ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا بێو خەونی ئیمپراتۆریەتی شیعە لە جیهاندا بچێتە ژێر گڵەوە.

پێویستە بگوترێ کە ئەمڕۆ لە ولاتی سووریا لە ئارا دایە ئەو ڕەوتە نیە کە لە سەرەتای دەست پێکردنی خەباتی مەدەنی خەڵکی ئەو ولاتە دژ بە حکومەتی بەشار ئەسەد کەوتە ڕێ. لە سەرەتای هەموو توێژو پێکهاتەکان بە کوردو غەیرە کوردەوە لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا دژ بە دیکتاتۆرییەت لەو ولاتەدا کەوتە جموجۆڵ، بەلام لە ئاکامدا کاتێک کە دەوڵەتانی ڕۆژئاواو تورکیا هەستیان بەوەکرد کە ڕەوتی ڕووداوەکان

لەوانەیە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێ، بۆ لەباربردنو بە لاڕێدا بردنی جموجۆڵی ڕەسەنی جەماوەری کەوتنە خۆ. واش پێدەچێ کە ڕووداوەکانی سووریا بەرەو دوویات بوونەوەی سیناریۆی لیبی دەچێ. بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە مەسەلەی کوردەوە ئەو دەرفەتە گەورەیەیە کە بەدوای مێژوویەکی دوورودرێژ چەوساندنەوەی نەتەوەییو مرۆیی، هاتوتە گۆڕێو کوردەکانی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستیان داوەتە خەباتی مەدەنیو سیاسیو هێزەکانی ئەسەدیان لە ناوچە کوردییەکان دەرپەڕاندوەو لە ژێر ناوی دەستەی باڵای کوردی ئیدارەی هەرێمەکە دەکەن. شایانی باسە کە بە درێژایی دەسەڵاتی سووریای بەعسی، نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان خاوەنی هیچ مافێکی کولتووری، مرۆیی، نەتەوەییو ئایینی نەبووەو تەنانەت نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد لەو وڵاتەدا لە ناسنامەی سووریا بێبەش کراونو ئێستاش بێ ڕەگەزنامەن. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێژیمی بەعسی سووریا لە بواری ژینۆسایدو ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەییو کولتووری درێژە پێدەری هەمان ڕژێمی بەعسی عێراق بووە سیستەمی بە تەعریب کردنی ناوچە کوردییەکان بەشێوەکی بەربڵاو پەیڕەو کردوە. بەڵام بەخۆشییەوە هەنووکە دۆخەکە گۆڕاوەو چاوەڕوان دەکرێ بەم زووانە ڕێژیمی بەشار ئەسەد کۆتایی پێ بێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر ڕێژیمێک دوای بەشار ئەسەد بێتە سەرکار، بە دڵخوازی خۆی مافەکانی گەلی کورد ناسەلمێنێو تەنانەت هەوڵی لەباربردنی شۆڕشەکەش دەدات، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دەسەڵاتەی نابێ کە خەڵکی کورد بەشێوەی جاران سەرکوت بکات. بێگومان ئەوەش دەرفەتی نوێ بۆ گەشەسەندنی

**ڕەوتی ڕووداوەکان تێمان دەگەیەنن تا ”بەشار ئەسەد“و حکوومەتەکەی لەنێو خاکی سووریادا بوونی هەبێ، هیچ پلانو بەرەوپێش چوونێک لە ڕاستای چاکسازی بارودۆخی سووریادا سەرکەوتوو نابێ، چونکە لە لایەک دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو وڵاتەدا ڕێگە بەهەر چەشنە گۆڕانکارییەک دەگرێ کە لە خزمەت گەلو پرۆسەی دێمۆکراسیدا بێو، لە لایەکی دیکەش ڕێژیمی تاک حیزبی بەعسی سووریاو دەسەڵاتی بۆ هەمیشەیی بەشار ئەسەدە کە لە حافز ئەسەدی باوکیەوە بۆی بەجێ ماوە.**



خەباتی ئازادیخوازنەو نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەڕەخسێنێو ئەو دەرفەتە سیاسەت دروست دەبێت کە خەڵکی کورد لە سووریا دوای ئەسەد هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی خۆی لەنێو هێزە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتەدا بدۆزێتەوە.

لە ئەنجامدا ئەو ئەرکە مێژووییو نەتەوەیی‌یەی کە دەکەوێتە سەرشانی کوردەکانی پارچەکانیتری کوردستان وەک باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە هەر حیزبو تاکو ڕێکخراوێکی کوردی لەسەری پێویستە دەستی یارمەتی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا درێژ بکاو لەسەر بنەمای نەتەوەییو مێژوویی هاوکارو هابیری ڕۆژئاوای کوردستان بن، لەبەر سەرهەڵدانی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە لە سووریا یا لە ڕۆژئاوای کوردستان تەواو پێوەندی بە بەشەکانیتری کوردستانەوە هەیەو دەکرێ وەک نموونە مۆدێلێک سەیر بکرێو ئەزموونی لێ وەربگرێت. لەڕاستیدا ئێمەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان نابێ چاوەڕوانی زلهێزەکان بین تا ئێمە لە زەلکاوی زوڵمو هەڕەشە ڕزگار بکەن، ڕزگاری خۆمان تەنیا بە ویستو ئیرادەی خۆمانو بە پشت بەستن بە مێژووی دێرینو شارستانیەتی کۆنمانەوە دێتە ئاراوە، ئەمەش یەکگرتوویەکی سیاسیو ڕێکخراوەییو خەباتی جەماوەری فرەلایەنی لە ژێر یەک ئاڵادا دەوێت کە دەکرێ هێزە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەکوو هێزێکی کاریگەرو بڕیاردەر بێنە بەرچاو تا وڵامدەری ویستو داخوازییەکانی گەلێکی ٤٠ تا ٥٠ میلیۆن کەسی بێ.

# تیۆریو بیردۆزی



ناسر قادرپوور

تیۆری بریتییە لە بڵاوکردنەوە، تاقیکردنەوەو پراکتیکی کۆمەڵایەتی. تیۆری کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی ڕێنیشاندەرانەیە کە لە زانستە سیاسییەکانی مرۆڤدا، بریتییە لە: ئاراستە کردنو ڕوون کردنەوەی زانستی یاساکانی گەشە کردنی بواری سروشتی کۆمەڵ.

تیۆری کە لەسەر بنچینەی پراکتیکو کارکردندا دادەمەزرێ، ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵو لە بواری زانستەکانیتری مرۆڤایەتیدا دیاریو ئەوکات و ڕێگای دوور بۆ چالاکی مرۆڤایەتیدا ڕوون دەکاتەوەو پراکتیک بەرەوپێش دەبا.

تیوری شۆڕشگێڕانە ئەوەمان فێر دەکا کە بەڵگەی سەرکەوتنی ئەرکەکانی کۆمەڵ بریتییە لە: یەکیەتی نێوان تیۆریو پراکتیک لە نێوان بیرکردنەوەو کار کردندا، هەر تیۆرییەک ئەگەر لەگەڵ کاری شۆڕشگێڕانەو لەگەڵ پراکتیکی گۆڕیندا یەکسان نەبێ ئەوە گرینگی نێوەڕۆکەکەی لەدەست دەدا. هەروەها پراکتیکو کارکردنیش ئەگەر بە ڕێگای ڕێنیشاندەرانەی تیۆری شۆڕشگێڕانە ڕوون نەکرێتەوە، ئەوە کوێرو بێبەرهەم دەمێنێتەوە.

ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان بنەمای چالاکی خۆیان لەسەر یەکیەتی نێوان تیۆریو کارکردن واتە تیۆریو پراکتیکدا دادەمەزرێنن. تیۆری شۆڕشگێڕانە کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی ڕێنیشاندەرانەی چالاکیو کارکردنی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانە. ڕۆڵی کاریگەرانەی تیۆری شۆڕشگێڕانە لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە ڕێگای زانستی بۆ ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان خۆش بکا بۆ ئەوەی لە هەر بارودۆخێکدا ڕێگای خۆیان دەست نیشان بکەنو ڕووداوەکانی بەردەم خۆی بە واقیعی ببینێو چالاکی خۆی لەسەر بنەمای زانستی دابمەزرێنێ، شوێن کەوتنی دوگماتیکانەو دووبارەکردنەوەی کوێر کوێرانە واتە، بە کوێرانە شوێن کەوتن، بە هیچ جۆرێک لە گەڵ ڕێبازی شۆڕشگێڕانەدا ناگونجێو هیچ ئاکامێکی بە سوودی نابێ.

تیۆری ستراتیژیکو تاکتیک:

ستراتیژیکو تاکتیک جگە لە بواری سیاسیو حیزبی، لە کاروباری سەربازی، دیپلۆماتیکو دەیان کاروباری ئابووریدا بە کاری دەهێنرێ. لە کاروباری سەربازیدا کە یەکەم بە مانای ئامانجو پلانی دوورو کۆمەڵە کردارێکی بەربڵاو بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا، دووهەم بە مانای ئامانجی نێزیک، کرداری یەک لە دوای یەک، چالاکی ناوچەیی بۆ سەرکەوتن لە شەڕێکی تایبەتیدا ناو دەبرێ. بەڵام ئێمە لەم باسەدا مەبەستمان لە تیۆری ستراتیژیو تاکتیک ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییە چینایەتییەکانە لەو ڕاپەڕینانەیاندا کە لە پێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتیدا دەیکەن. لەو بوارەدا ستراتیژیو تاکتیک بریتییە لە: زانستی ڕێبەری کردنی چینایەتی پرۆلیتاریاو هەموو چینە زەحمەتکێشەکانی نێو کۆمەڵگا.

تیۆری ستراتیژی بریتییە لە: دیاری کردنی لایەنی ئەسڵی ڕاپەڕینی چینایەتی پرۆلیتاریا، دیاری کردنی ڕێکخستنو تایبەتییەکانی هێزی سیاسی بە ڕیبەرایەتی چینی پرۆلیتاریا لە قۆناغێکی دیاری کراوی شۆڕشدا.

دانانی پلانی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی هێزە بنچینەییو بەشەکانی شۆڕشو دانانی پلانی یەکگرتنی هێزەکان لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەداو کۆکردنەوەی ئەم هێزانە لە سەردەمی چینی پرۆلیتاریادا.

تیۆری ستراتیژیو تاکتیکی هەر ڕێکخراوێک کە لە ماوەی قۆناغێکی دیاریکراودا کە سەرقاڵی خەباتی ئازادیخوازانە بێ، واتە لە ماوەی سەرتاسەری تەمەنی شۆڕشدا بە بێگۆڕان وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.

# کوردستان یەکە، بۆچوار؟!



ئەحمەد مەکلاوەیی

کوردستان بەپێی لێکدانەوەو کار لەسەر کردنو شناختی گەورە پیاوی کوردو ڕێبەری هەڵکەوتووی نەتەوەی کورد عەبدورڕەحمانی قاسملوو، درێژاییەکەی لە باکوورەوە بۆ باشوور ١٠٠٠ کیلۆمیترو ڕادەی ناونجی پانایییەکەشی لە بەشی باشووریی ٢٠٠ کیلۆمیترەو، پاشان هەتا بەرەو باکوور بڕۆی زیاد دەکا تا دەگاتە ٧٥٠ کیلۆمیتر، واتە لە لوتکەی ئاراراتەوە تا دەگاتە کەنداوی فارس(خلیج فارس)و دەریای مەدیتەرانە دەگرێتەوە.

لەسەر ئەم خاکە نەتەوەی کورد ژیاوە کە زمانەکەی پێک هاتووە لە چەندین زاراوەو بن زاراوەی دەوڵەمەندە کە گەلێک شتی جۆراوجۆریان پێ نووسراوەو جێگەی شانازی گەلی کوردن.

ئەم نەتەوەیە بۆ ساتێک نیشتمانەکەیو بوونی نەتەوەیی خۆی لەبیر نەچۆتەوەو هەمیشە هەوڵی پاراستنی خاکو زمانو کولتوورو... هتد، خۆی داوەو پاراستوویەتی کە ئێستا گەلی کورد شانازی بە پێکهێنەرەکانی خۆی دەکا.

گەلی کورد کە لە لانکی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ژیاوە، ئەو بووە(گەلی کورد) کە لە لێوارەکانی دیجلەو فورات بۆ یەکەم جار ڕووی کردۆتە شارستانیەت کە ئەو شارستانیەتە لەوەوە بەرەو ئورووپا و ڕۆژاوا بە گشتی کشاوە.




کوردستان خاکێکی بەر بڵاوی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێگە و پێگەی تایبەتی هەبووەو هەیە و لە بوارەکانی سروشتیو جوغرافیاییو زۆر تایبەتمەندی دیکەدا کە ئەگەر دەوڵەتی خۆی بووایە بە هەزاران سەیرانگای گەورەی بۆ گەشتیاران لێساز دەکردو داهاتێکی گەورەی بۆ کوردستان دەبوو کە دەبووە ڕاستکردنەوەی ڕادەی کەوتوویی بەشی ئابووریی کوردستانو هەزاران پرۆژەی پێشکەوتخوازی پێ وەڕێ دەخرا.

جگە لەوەش ئەگەر وردتر بینەوە دەبینین کوردستان یەکێک لە دەوڵەمەندترین خاکەکانی سەر زەوییە کە ئاوێکی شیرینی هەیە، بەڵام ئەم ئاوەی دوژمنان کەڵکی لێوەردەگرن کە حەتمەن ڕۆژێک دێ کە ببێتە یەکێک لە مەسەلە گرینگەکانی جیهان، چونکە زۆر جاران بەو ئاوە لە لایەن دوژمنانەوە حیسابی خراپ لەسەر کوردو ڕێبەرانی کراوەو، خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بووە قوربانی سیاسەتی ئاو لە مابەینی تورکیەو سووریەدا. ئەوە ڕێبەرانو خەمخۆرانی مەسەلەی کوردن کە دەبێ نەهێڵین ئەوە جارێکیتر ڕوو بداتەوە.

ئەو ئاوەی دیجلەو فورات بەرەو کوێ دەڕواو کێ کەڵکی زۆری لێوەردەگرێ؟

ئەو ئاوە ئی کوردستانەو ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام کراوەو دەبێ هەلی ڕزگاربوونی بدرێو بە دونیا بگوترێ کە ئەوەی دەرامەتی کوردستان دەخۆن جگە لە کورد بۆ هەموو دەوڵەتان حەرامە.

کوردستان خاوەنی یەکجار زۆر کانگای نەوتە کە لە کرماشانەوە بگرە تا دیاربەکرو قامیشلوو و... هتد، پڕە لە نەوت کە کانگای باشووری کوردستان جگە لە باباگوڕگوڕی کەرکوکو مەخموورو شیواشۆک، شەپۆلی کانگای نەوتی کە کۆیەی لەسەر بنیات نراوە لە سەدی مەهاباد دەدا.

ئەوانە کوردستانیان کردۆتە زێڕجانە، بەڵام هەر لە دێر زەمانەوە دوژمنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی چاوی تەماحیان بڕیوەتێو ناهێڵن بە گشتی کورد حکوومەتی سەربەخۆی هەبێو خاکەکەی بکەوێتەوە سەر یەکو لە چوارەوە ببێتەوە بە یەک(کوردستان).

بە تەواوی وڵاتانی عەرەبی دژایەتی ئەوە دەکەن کە کەرکووک بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. فارسە شۆڤێنیستەکان چاویان بە کوردستان بوونی کرماشان هەڵنایەو دەوروبەریشیان داگیر کردوە.

لە هەموو خاکی تورکەکانی تورکیەدا کانگایەکی نەوت نیە، بەڵام دەیانهەوێ ئەو کانگا نەوتیانەی تازە لە باکووری کوردستان دەرکەوتوون، داگیر بکەنو بیان شارنەوە.

جگە لەوەی کوردستان بە زۆر شتیتری بەنرخی وەک ئالومینیۆمو زێڕو قورقوشمو دەیان ماددەیتری بەنرخ دەوڵەمەندەو حیسابی تایبەتی خۆی لەسەر دەکرێ. بەڵام مخابن لەبەر ئەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ سەربەخۆیی تەواوی نەبووەو نەبۆتە دەسەڵاتی ئەسڵی خۆیو ئەوانە هەروا ماونەوە، بەڵام بێگومان ڕۆژێک دێ کە نەسڵەکانی داهاتووی کورد، کوردستان دەکەنە وڵاتێکی سەربەخۆو ڕزگاری دەبێو تەواوی ئەو کانگا ژێر زەویانە دەکار دەکەنو کوردستان دەبووژێتەوەو دەبێتە بووکی جیهانو پێشڕەوی دونیای ئاشتی بۆخۆی مسۆگەر دەکا. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە کورد دوژمنی زۆر بووە کە لە سەرەتادا کردیان بە دوو بەشو پاش دامەزراندنی دەوڵەتەکانی تورکیەو سووریەو عێراق دەسەڵات بەدەستانی یەکە تازی مەیدانو دەست ڕۆیشتوو، خیانەتیان بە کورد کردو ئەمجار بە چوار بەش دابەشیان کرد کە ئەوە قەت مەشرووعیەتی نەبووەو نیەو نایبێو، دەبێ هەڵوەشێتەوە. بەوحاڵەش داگیرکەرانی دونیا لە سەرەوەیان زلهێزەکان نەیانتوانی هەستو بیری نەتەوە کورد بکوژنو ناوی کورد لەسەر کوردستان بسڕنەوەو خەونە نەزۆکەکەیان بێنەدییو لەو پێناوەدا کورد شەڕی کردو خوێنی داوەو بە میلیۆنان کوڕی خۆی کردە قوربانیو سەرەنجام وای کرد کە دوێنی لە مەهاباد کۆماری کوردستانی دامەزراندو دونیا بینیو دواتریش حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا کە ئەمڕۆ ڕێبەرانی سەر لە کاخە بەناوبانگەکانی دونیا کە تا دوێنێ بڕیاری دابەش کردنو ئاش بەتاڵیان بە شۆڕشی کورد دەدا، دێننەدەرو قسەی یەکەمی عێراقو کوردستان دەکەنو بەسەدان بنکەی دیپلۆماسی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کراونەوە.

بەڵێ! تازە کار لە کار دەرچووەو دوژمنان بیان هەوێ یان نەیان هەوێ ڕۆڵەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوورو باشووری کوردستان زیندوونو کوردستان دەکەنەوە بە یەکو هاوار دەکەنو دەنووسن کوردستان یەکەو نە چوارو یەکگرتنەوە حەقی بێ ئەملاو ئەولای خۆمانە.

بژی کوردو کوردستان، بمرێ هەرچی دوژمنی گەلی کوردەو نایهەوێ کوردستان یەک بگرێتەوە.

> **ئەم نەتەوەیە بۆ ساتێک نیشتمانەکەیو بوونی نەتەوەیی خۆی لەبیر نەچۆتەوەو هەمیشە هەوڵی پاراستنی خاکو زمانو کولتوورو... هتد، خۆی داوەو پاراستوویەتی کە ئێستا گەلی کورد شانازی بە پێکهێنەرەکانی خۆی دەکا.**



# کورتە باسێک لەسەر مامۆستا مەلا کەریمی ساردەکۆسانی ناسراو بە "ڕاوچی"

ئا: نێعمەت مەلا

زۆربەی کاتەکان، خوێندنەوەی هەندێک بابەتو چیرۆکو شیعرو پەخشان، تاموچێژی ئەوتۆیان نیەو ئەو شتانەش کە دەخوێنرێنەوە بەداخەوە کەمو زۆر زمانی نووسینی کوردیان لاوزە یان بە باشی خوێنەر بۆلای خۆی ڕاناکێشێو لە هەندێک حاڵەتیشدا خوێنەر زەدەو بێزار دەکا لە هەرچی خوێندنەوەیەو هیوای خوێندنەوە بۆ کەسی خوێنەر لاواز دەبێتەوەو دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێب دور کەویتەوە.

بەلام لە هەندێک حاڵەتیشدا کتێبگەلێک هەن کە دەبنە هۆی بەرەوپێش چوونی زمانو زیاتر تێکەڵ بوونی مرۆڤەکان لەگەڵ کتێبو سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشنو دەبنە هاندەرێک بۆ ئەوەی خوێنەرو هۆگر بۆ خوێندنەوەی کتێبو چوونو پەلکێش کردنی بۆلای زمان بەهێزترو باشتر بێ.

یەکێ لەو کەسانەی کە بوو بە هۆی ئەوە بتوانم ئەو بابەتە بنووسمو زیاتر لە زمانی کوردی نیزێک ببمەوە، مامۆستا "مەلاکەریمی ساردەکۆسانی" ناسراو بە "ڕاوچی"یە.

ئەو زاتە پاکە بە کوردییەکی پاراو و جوان، وشەگەلێکی لەنێو بەرهەمەکانیدا بەکار هێناوە کە خوێنەر بە ڕادەیەک لێی نیزێک دەبێتەوەو لەناوخی خۆیدا هەستی پێ دەکا کە پێی خۆشە زیاتر بخوێنێتەوەو زیاتر لەو کەسایەتییە بەرزە نیزێک بێتەوە.

بەڵام ڕاوچی کێیە و چۆن ژیاوە؟! باسێکەو شیعرو بەرهەمی ئەو مامۆستایە چۆنە؟! باسێکی جیایە، من لەو بابەتەدا باسێکی کورت دێنمە ئاراوە لەبارەی ژیانی ئەو زاتە پاکەو چەن دێڕێک لە ژیانی ئەو دەدوێم.

هەروەکی لە بیرەوەرییەکانی خۆشیدا نووسراوە ناوی عەبدولکەریمەو بە مەلا کەریمی ساردەکۆسان ناسراوەو شۆرەتی پێناسەی ئەو عەزیزەیە. لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی سلامەتی سەر بە ناوچەی گەورکی موکری شاری بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێناوەو بۆتە کەسێک کە لەنێو خەڵک بە ڕاوچی ناسراوە.

کوڕی خوا لێخۆش بوو مەلا حەسەنی سەیادییەو لە بنەماڵەی عەزیزی خاڵندییەو پشت بە پشت دەچنەوە سەر بنەماڵەی خالیدی کوڕی وەلید.

بەڵام بۆ ڕاوچیو ئەو ناوە چۆن بوو بە وێردی زمانو چۆن بوو ئەو ناوەی هەڵبژارد؟

وەکی بۆخۆیان دەگێڕنەوەو دەڵێن بۆ ئەوەی خۆشیەکانی ئەو سەردەمی لەبیر نەچێتەوەو لە گولان نەبڕێ ناز ناوی ڕاوچی هەڵبژاردوە:

**پیره راوچیمو چیا چیمەنی هەڵدانەوەم**
**با و بۆران بای نەداوە دوژمنی بادانەوەم**

هەر لە منداڵیەوە دەخرێتە بەر خوێندنو فێری زانستو عیلم دەبێ. بەرە بەرە دەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن ڕوودەکاتە مزگەوتو دەبێتە فەقێو دوای تێپەڕبوونی دەورانی فەقێیەتی دەبێتە موستەعیدو......

بەرە بەرە بە تێپەڕبوونی ڕۆژانی خۆشی تووشی نەهامەتیو ناخۆشیەکانی ژیان دەبێو دوای هاتنی بۆ باشووری کوردستانو مانەوەی لە هەڵەبجەو سەردانو گەڕانی زۆربەی مزگەوتەکانی شارەزوورو فێربوونی زانست، نەهامەتی رووی تێدەکاو لە باشوور دەبێ کە هەواڵی نەخۆش کەوتنی باوکی پێدەگاو دوای گەڕانەوەی بۆ نێو خزمو دۆستو ئاشنایانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر نەخۆشیەکەی باوکی، بەرە بەرە ئەو نەخۆشییە باوکی لاواز دەکاو پاش یەک ساڵ باوکی خۆشەویستی دیاری قوڕینو نەهامەتی جێ دیڵێو بەرەو دیاری ئەبەدی دەڕواو مامۆستاش بە لەدەست دانی باوک کۆسپێکی گەورەی دێتە بەردەمو دەبێتە باوکێک بۆ ماڵێو ژیانی خۆی بۆ ئاگاداریو باش کردنی ژیانی ماڵە خۆیان تەرخان دەکاو لە مەلایەتیو لاوەتی دادەبڕێو دەبێتە گەورەی ماڵێ.

دوای ئەوەی کە لاوان، هەژارانو خەڵکی کۆمەڵگاکە لە دەست ئاغاو دەرەبەگ وەزاڵە دێنو دەگەنە ئەو قەناعەتە بەربەرەکانی بکەن، لەگەڵیان تێکەڵ دەبێو ئاگای لێیان دەبێو هاوکاریان دەکا.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵو پاش ئەوەی چەند کادرێکی حیزبی دیمۆکرات دەبنە هۆی ئەوە لە سنەوە تاکوو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ خەڵکێکی زۆر بکەونە داوی کۆنەپەرەستانو ببنە قوربانی نەزانی ئەو کادرانە، ئەویش تووشی گرتنو ئازارو ئەشکەنجە دەبێو لە چاڵە ڕەشەکانی حەمە ڕەزا شادا بەند دەکرێو دەکەوێتە نێو بەندیخانەی قەسریقاجارو لە کۆتاییشدا لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بەندیخانە ئازاد دەکرێو دەگەڕێتەوە نێو بنەماڵەو بە باوەشی کەسو کارو دیداری خزمان شاد دەبێتەوە.

لەنێو کوتو بەند، زنجیرو قەڵخان، پێی پەتی، لەشی سەرمابردووی گەرمازەدە، ئازارو ئێشی شەو و ڕۆژ، ڕۆژ وای لێدەکا لە شێعرو نووسین دابڕێو دوای ئەوەی هەر وەک بۆخۆشی دەڵێ: "ئەگەر ئەو کابرا لووت پانۆکەیە نەبایە ئەوە ڕێگای خۆم ون دەکردو نەمدەزانی چۆن خۆم کۆکەمەوەو بگەڕێمەوە سەر ڕێڕەوی خۆمو خۆم لەو بێ فکریە ڕزگار بکەمو بەو شێعرە تاقەتی کردمەوە:

**وەرە با پێکەوە هەر خۆمو خۆت**
**رازی شانازی بدرکێنم بۆت**
**تۆ بە کەم مەگرە دەسو دەسبەندت**
**بۆ کوڕی ژێرە پەتو بەندو کۆت**
**ڕۆژی تەنگانە تەکی مەحکەم بە**
**تەنگانە بەری کەم بەرە خاترجەم**
**بە**
**یۆسف بە بەڵایانەوە خۆی ڕاهێنا**
**هەر بەڵا وەرزی، وەسەر بەرهێنا**
**سەنگەری سەبری بەڵای تێک**
**رووخان**
**ئەو سەبرە سەری پێ لەسەرێ**
**دەرهێنا**
**هەر کووپە مەیەک کۆگڵی**
**گوڵخانانە**
**سازاوی دەسی گۆزەکەری لێ**
**زانانە**
**دەسگرەو هەنگڵی جوان بەس نین**
**چۆن لەکڵ دێتە دەرێ ئەو جوانە**
**١٣٤٢**

هەر بۆیەش دوای بیرکردنەوەو وەبیرهاتنی بەزمی مێروولەو سولەیمانی پێغەمبەر، شێعری مێروولە دەنووسێ کە ١٤ بەیت لەخۆ دەگرێو یەکەم بەیتی بەوە دەست پێ دەکا:

مێروویەک رووتەڵ بێئەنوا بوو
هەڵودا جێ تەڕو بێ بەرنوا بوو
لەشی لاوازو گەدەی باریکی
بە بەڵا جن جنو هەڵپروا بوو

دوای ئەوە دیسان ڕوو دەکاتەوە باشووری کوردستانو لە قەڵادزێ دەگیرسێتەوەو لەنێو کۆمەڵێک چەکدارو حیزبی ڕەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دەکەوێ.

لە کۆنگرەی دووهەم کە لە بەرزاییەکانی نێوان سنووری ئێرانو عێراقو لە نیزێک مەقەڕی پێشمەرگەکان لە سوونێ دەگیرێ، بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژان میوانی حیزبی دیمۆکراتو ئەو کۆنگرەیە دەبێ. بە وتەی خۆی ئەو کۆنگرەیە بە ناوی کۆنگرەی قۆماڵی ناسراو بووەو هۆیەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەو شوێنەی کە کۆنگرە لە ساڵی ١٣٤٢ کێوێک بووە بە ناوی قۆماڵ.

هەر لەو کۆنگرەیە دەبێتە بەرپرسی سێ کاران لەنێو حیزبدا کە ئەوانیش بریتین لە:

١ــ دیارە یەکێک لە کادرە بەوەجەکانی حیزب بووەو زۆر کەسی هاودەورەی خۆی کە ئێستا ماونو لە حەیات دان، دەڵێن کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە، بەڵام لە هیچ شوێنێک لە نووسراوە رەسمییەکانی حیزبیدا ئاماژە بە ناوەکەی نەکراوە، جا لەبەر چ هۆکارێک، ئەڵڵاوئەعلەم.

٢ــ چاوەدێری بەسەر بەشی ماڵیدا.

٣ــ بەرپرسی بەشی قەزایی.

دوای ئەو ئەرکانە لە کۆبوونەوەیەکی دە کەسیدا بەشداری دەکا کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەکرێو دوای تەواوبوونو بە هۆی کۆمەڵە پرسیاری کەسێکی نەناسراو ئێستعفای خۆی بەدەستی خۆی دەنووسێو دەگەڕێتەوە نێو ماڵو منداڵی خۆیو واز لە کاری سیاسی دێنێو لە شێنێ نیشتەجێ دەبێ.

بەڵام لەڕاستیدا راوچی نووسەر، شاعیرێکی گەل خۆشەویستو پێشمەرگەیەکی قەڵەمو نیشتمان بوو.

پیاوێکی دنیا دیدەی بە ئەزموون،

کەسێک کە ساردو گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە، کەسایەتییەک کە لە ڕووداوی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی دەیەکانی سی و چل دەوری هەبووە.

ئەحمەدی قازی نووسەری کورد لە پێشەکی دیوانەکەی مامۆستا راوچی، بیروڕای خۆی لەسەر شێعرەکانی مامۆستا لە پۆلێنێکدا دەڵێ:

١ـ دیوانی راوچی(بزەی شۆڕش) لە باری زمانو زاڵبوونی شاعێر بەسەر زماندا کارێکی نموونەو بێوێنەیەو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە کە بە سەدان واژەو زاراوەو گوڵ واژەیی هەمەڕەنگی لەخۆ گرتووە کە ئێستا لە لایەن هیچ شاعێر یان نووسەرێکەوە دەکار نەکراوە.

لە نێو ئەو دیوانەدا باس لە سەدان وشەو دەستەواژە کراوە کە بە بڕوای زۆر کەس نامۆنو هەروەک لە چیرۆکە شێعری "ماری شێخ ئومەر"دا ناوی زیاتر لە شەست چەشنە گوڵو گیای هێناوە کە لە دۆڵو دەرڕەو لاپاڵی چیاکانو دەشتەکانی وڵاتدا دەڕوێنو ناوی زۆرینەی ئەوانە تاکوو ئێستا نەبیستراون.

٢ـ جۆراوجۆری بابەت، ئەویش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی لەم دیوانە شێعرەدا بەکار هاتووە.

بۆ نموونە هەر لە پاڕانەوە لەبارەی خوداو پێغەمبەر، باسی خولقاندنی ئەرزو ئاسمانو ئادەمیزاد، وەسوەسەی شەیتان، نیشتمان پەروەری، هاندانی لاوان بۆ خەباتو تێکۆشان، شینگێڕی بۆ گەورە پیاوانو هونەرمەندان، باسی سروشتو جوانی وڵات، چیرۆکە شێعرو نەقڵو نەزیلە، راو، چوارینە، دژایەتی لەگەڵ خوڕافاتو پڕوپووچ، ئاڵو گۆڕی نامەی هۆنراوە دەگەڵ شاعیرانو دەیان بواری دیکەی تازەو بەپێزو پڕ نێوەرۆک لە دیوانەکەدا.

٣ـ شێوەی شێعری سەبک یان بەیان لای مامۆستا جیاوازەو تازەگەرییەکی بێ وێنەیە.

شێوەی نووسینو سەبکی مامۆستا لە جوانیو جوانبێژی دوور نەکەوتۆتەوەو هەر وشەیەک لای مامۆستا راوچی دەبێ دنیایەک شیکردنەوەی پێویست بێ کە لەو دیوانەدا بەکار هاتوەو هەروەک کاک ئەحمەدی قازیش لە دیوانەکەدا روو لە کاوەی کوڕی مامۆستا راوچی دەکاو پێی دەڵێ، بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لە وشەکان تێبگا لە کۆتایی دیوانەکە فەرهەنگۆکێکی چووک بێنێتەوە.

٤ـ شەپۆلێک لە هەستی جوان لەنێو بەرهەمەکانی راوچیدا بەدی دەکری. مامۆستا زۆر بە جوانی هەستی خۆی لە بەستەو بەرهەمەکانیدا نیشان داوەو باس لە گوڵو دارو دەوەنی کوردستان دەکاو لەو دێڕە شێعرەشی بە راشکاوانە شتەکانمان بۆ دەردەکەوێ کە بە چ شێوەیەک لەگەڵ خوێنەر دەدوێ:

**راوچی کە چوویە راوێ مەچۆ ترۆپکو لێژان**
**خاوی، دەکەویە داوی، لۆرەی بالۆرە بێژان**
**بزۆزو چاوچنۆکی، مەڕوانە پەرچو گێژان**
**کچان لەوێ لە شیون، ڕووتن شلێرو بێژان**
**نەکا بشکێنی تۆبە، بە تامو بۆنو چێژان**
**لە لات وابێ ڕەوایە، چێژەیەک بۆ بوێژان**
**مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم**
**شیرین تەشی دەڕێسێ لەجێ هەواری یارم**

٥ـ ئایین بەلای مامۆستا ڕواچییەوە:

مامۆستا مەلا کەریمی ساردەکۆسانی(راوچی) هەرچەند بۆخۆی مامۆستای ئایینییەو پێش نوێژو ڕێنوێنی خەڵکی دەوروبەریەتی، بەڵام جارجارە لە بیرۆکەی خەیام نیزێک دەبێتەوەو خۆی دەباتەوە نێو دنیای فەلسەفەو ئامۆژگاری ویشکە سۆفیو شێخو زاهید دەکا.

بۆ نموونە دەتوانین ئەو دێڕە شێعرە بێنینەوە کە لەودا باسی ئافەرینشی دەکاو لێی دەدوێو دەکەوێتە شکو گومانەوەو پرسیار دەکاو دەڵێ:

**"هەستی" بۆ هاتە گۆڕێ؟**
**لە گۆڕە، بۆ دەدۆڕێ؟**
**من چیمو بۆچی هاتم؟**
**هاتم، بۆ شەلو ماتم؟**
**کە بۆخۆم، خۆم هێنابا**
**نۆکەرم دەبوو، شابا**

ئەو جار ئامۆژگاری ویشکە سۆفی دەکاو دەڵێ:

**سۆفی چییە ئەو دەستو قولو قاچە ڕەشەت**
**ئەم ریشو سمێڵو چەنگەو بارە هەشەت**
**هەستە بیشۆوە بە مەی، دڵو، پاکەوە بە**
**مەیگێڕی بەدەس بگرە هەتا ماوە نەشەت**

٦ـ زمانو کوردی زانی لایی مامۆستا:

مامۆستا کوردی زانیکی باش بووەو لە هەمان کاتدا کە بە باشیو بە کوردییەکی پاراو شێعرو چیرۆکو دەیان بابەتی دیکەی نووسیوە.

بەداخەوە ئەو مامۆستاو ئەو زاتە پاکەش لە بەرە بەیانی رۆژێکی سەر سەوزی بەهار پاش تێپەڕبوونی حەفتاو پێنج ساڵ بەسەر تەمەنێکی پڕ لە هەورازو نشێو، رەنجو مەینەتی، تەمەنێکی پڕ لە شانازی بۆخۆی تۆمار کردو بە شێعرو بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی کوردی ڕازاوەترو جوانترو بە پێزترو دەوڵەمەندتر کردو لە رۆژی ٣٠یجۆزەردانی ساڵی ١٣٨٠یهەتاوی لە گوندی دەروێشان لە ژینی پڕ لە ژانی دنیا ماڵئاوایی کردو جێی هێشتین. بەڵام بە بەرهەمەکانیو خزمەتەکانی بە کوردەواری ناو و یادی هەمیشە زیندووەو وەک زۆر کەڵە پیاوی گەورەی کورد هەر دەمێنیو بە شانازی ناوی دێتو بە شانازیش ناوی دەمێنێ.

# ئۆڵەمپیک ٢٠١٢ی لەندەن

ئا: هێدی مەحموودی

**کورتە مێژوویەکی ئۆڵەمپیک:**

خولی چوار ساڵەی نێوان یاریەکانی ئۆڵەمپیک پێی دەڵێن یەک ئۆلۆمپیاد. وشەی "ئۆڵەمپیک" لە ناوی شاری "ئۆلۆمپیا"ی یوونانی‌یەوە هاتوە کە پێشتر شوێنێک بووە بۆ خواپەرستی. ساڵی ٧٧٦ی پێش زایین بۆ یەکەم جار ئۆلۆمپیاد لەم شارە دەستی پێ‌کرد کە بە چوار ساڵ جارێک ئەم یاریانە لەسەر شەرەفی پاشای خواکانی یوونان(زێئۆس) و خێزانەکەی "هیرا" بەڕێوەدەچوو و هەر جارێک بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبوون. بۆ یەکەم جاریش لێژنەی ئۆڵەمپیکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٩٤ی‌زایینی لەسەر دەستی بارۆن (پییەر دی کۆبرتان) دامەزرا، کە لەوکاتەوە تاکوو ئێستاش ئەم لێژنەیە بۆتە سەرپەرشتیاری چالاکی‌یەکانی ئۆڵەمپیک، کە ئێستا بنکەی سەرەکی ئەم لێژنەیە(IOC) لە شاری لۆزانی سویسە.

**هەڵبژێردراوەکان:**

لێژنەی ئۆڵەمپیکی نێودەوڵەتی(IOC) بڕیاری دابوو کە ١٥ی جولای ٢٠٠٣ی‌زایینی ڕۆژی کۆتایی‌یە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو شارانەی کە دەیانەوێ میوانداری یاریەکانی ئۆڵەمپیکی ساڵی ٢٠١٢ بکەن، لەم ماوە دیاری کراوەدا ٩ شار ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم میوانداری‌یە ڕاگەیاند، کە بریتی بوون لە: شارەکانی "هاڤانا، ئەستەمبووڵ، لایپزیگ، لەندەن، مەدرید، مۆسکۆ، نیۆیۆرک، پاریس، ڕۆدی جانیۆر".

لە ١٦ی ژانوییەی ساڵی ٢٠٠٥ لە وڵاتی سەنگاپوور، مۆسکۆ لە خولی یەکەم چووە دەرەوەو دواتر نیۆیۆرک لە خولی دووەمو مەدریدیش لە خولی سێیەم بەدوای یەکتردا چوونە دەرەوە، بەم هۆیەوە کێبەرکێیەکە لە نێوان پاریسو لەندەندا مایەوە. پاشان دوای کێبەرکێیەکی توند لەگەڵ پاریسدا، لە خولی کۆتایی هەڵبژاردندا، بە ئەنجامی ٥٤ دەنگ بۆ لەندەنو ٥٠ دەنگ بۆ پاریس، لەندەن شەرەفی بەڕێوەبردنی ئۆڵەمپیکی هاوینی ساڵی ٢٠١٢ی بەدەست هێنا.

**کردنەوەی ئۆڵەمپیک:**

ڤێستیڤاڵی کردنەوەی ئۆڵەمپیک ڕۆژی هەینی ٢٠١٢/٧/٢٧ کاتژمێر ٨ ئێوارە بەکاتی گرینویچ بە بەشداری زیاتر لە ٦٢٠٠٠ کەس دەستی پێ‌کرد، هەروەها زیاتر لە یەک ملیارد کەس لە سەرتاسەری جیهاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە سەیریان دەکرد. تێچووی کردنەوەی ئۆڵەمپیک زیاتر لە ٤٢ ملیۆن دۆلار بوو. لەندەن بوو بە یەکەم شار لە جیهاندا کە تاکوو ئێستا بۆ سێیەمین جار میوانداری یاریەکانی ئۆڵەمپیکی کردبێ، کە بریتین لە ساڵەکانی [١٩٠٨، ١٩٤٨، ٢٠١٢].

**لێژنەو دامەزراوەکانی ئۆڵەمپیک:**

بۆ پشتگیری کردن لە یاریەکانی ئۆڵەمپیک، چەندین دامەزراوە پێکهاتن کە لەناویاندا سێ دامەزراوە دەوری دیارو سەرەکی‌یان هەبووە کە بریتین لە:

**ئەلف: لێژنەی لەندەن:**

ڕێکخراوی خولی ئۆڵەمپیک بە ناوی LOCOG، کە سەرپەرشتی پلاندانان دەکا بۆ بەرەوپێش بردنی ئۆڵەمپیک بە سەرۆکایەتی "لۆرد سیباستیان کۆ" کە ئەویش سیاسەتمەدارو وەرزشوانێکی دیار و کۆنە.

**ب: دەستەی جێبەجێ‌کردنی ئۆڵەمپیک ODA:**

بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی شوێنو خزمەتگوزاری پێویست بۆ ئەم خولەی ئۆڵەمپیک.

**ج: یەکیەتی جێبەجێ‌کردنی حکوومی بۆ ئۆڵەمپیک:**

ئەویش دەستەیەکی حکوومی‌یە کە سەرۆکایەتی ڕێکخستنی ێ ئۆڵەمپیکی ٢٠١٢ دەکات. بنکەی سەرەکی ئەم یەکیەتی‌یەش وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنو وەرزشە(DCMS).

**شوێنەکانی بەڕێوەچوونی یاریەکانی ئۆڵەمپیک:**

ئەو شوێنانەی کە تەرخان کرابوون بۆ ئۆڵەمپیک ٣٠ شوێن بوون کە هەندێکیان بینایەی مێژوویین، وەک یاریگای all England lon بۆ تێنیس،

که دەیان ساڵ پێش ئێستا میوانداری قارەمانیەتی "ویمبلدون"ی دەکرد. هەروەها یاریگای "ویمبلی" بۆ یاری "ریشە" یان "ئێرکز کۆرت" میوانداری بەرزکردنەوەی کێشو یاری بۆکسێنی دەکرد، کە ئەم شوێنە میوانداری یاریەکانی ئۆلەمپیکی ١٩٤٨ی لەندەنیشی کردوە.

**ئامرازەکانی گواستنەوە:**

١: شەمەندەفەر: کە بە ڕمی ئۆلەمپیک ناسراوەو زۆر خێرایە.

٢: "تلفریک" کە سەر بە هێڵی ئاسمانی ئیماراتی عەرەبی بوو لەسەر ڕووباری "تایمز".

٣: فرۆکەخانەکان: بۆ ئۆلەمپیک فرۆکەخانەکانیان بە بەهای پێنج ملوێن جونەیهی ئیستەرلینی فراوان کرد.

سەرەڕای ئەمانەش پرۆژەیەکیان لە ژێر زەوی بە ناوی "ئەفسانەی ئۆلەمپیک" جێبەجێ کرد کە ناوی ئەو میترۆیانەیان بە ناوی وەرزشوانە دیارو کۆنەکان کردەوە، بەڵام بڕیاران دا کە ئەو ناوانە تەنیا بۆ کاتی ئۆلەمپیکەنو دواتر ناوە کۆنەکانیان لێدەنێنەوە. لەم نێوانەشدا کارمەندانی گواستنەوە هەلێکی باشیان بۆ پەیدابوو حکوومەتیان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر لە کاتی بەڕێوەچوونی یاریەکانی ئۆلەمپیکدا پارەی زیاتریان پێ نەدرێ لە بەرامبەر ئەرکەکانیان دا، ئەوا مان دەگرن لەسەر کارەکانیان، بۆیە حکوومەتی بەریتانی ناچار بوو کە پارەکانیان بۆ زیاد بکات لەم ماوەیەدا.

**میداڵیاکان:**

لەو ئۆلەمپیکەدا ٤٧٠٠ میداڵیا بەسەر یاریزانە براوەکاندا دابەش کران کە لە لایەن ماڵی ئاسنگەری پاشایەتییەوە دروست کرابوونو دیزاینەکەی لەلایەن "دەیڤد وات کینز"ەوە ئەنجام درابوو کە کێشەکەی لە نێوان ٣٧٥ بۆ ٤٠٠ گرام دایە، ئەستووریەکەی ٧ میلیگرامە، ڕووی پێشەوەی میداڵیاکان وێنەی خوای سەرکەوتنی یوونانییە و ڕووی پشتەوەشی نەخشەی دروشمی یاریەکان "ڕووباری تایمز" و زنجیرەیەک هێڵە کە نیشانەی هێزی وەرزشییە. نرخی هەر میداڵیایەکی زێڕ ٦٤٤ دۆلارە، هی زیوو ٣٣٠ دۆلارە، هی برۆنزیش ٤٧١ دۆلارە لە بازاری ئێستادا.

**ئاسایش:**

پاراستنی ئاسایشی ئۆلەمپیک درا بە کۆمپانیای "G٤S"، بەڵام نەیتوانی لە کاتی دیاری کراودا ١٠٤٠٠ سەرباز بۆ ئەم ئەرکە تەرخان بکات، بۆیە وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بە دابین کردنی ٣٥٠٠ سەرباز، توانی ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە.

**ماڵئاوا لەندەن:**

بۆ ئۆلەمپیکی چوار ساڵی داهاتوو واتە ٢٠١٦ لە شاری "ڕۆدی جان یۆر"ی بەڕازیل بەڕێوە دەچێ، کەواتە ڕۆدی جان یۆر، چاوەڕێ بە! خولی یاری ئۆلەمپیکی سێیەمی لەندەن سەرکەوت، ئەمریکاش گەڕایەوە بۆ شوێنی کۆنی خۆیو وەکوو چۆن ڕەوشی سیاسیو ئابووری جیهانی لەبن دەست دایە، بەم شێوەیە ئەم جارە ژیانی وەرزشیشی خستە ژێر دەستی خۆی.

ئەمریکا لەم خولەدا ١٠٤ میداڵیای جۆراوجۆری بەدەست هێنان کە ٤٦یان زێڕو، ٢٩یان زیو و، ٢٩شیان برۆنز بوون.

لەم خولەدا هەیمەنەی چین پاشەکشەی کرد، چونکە چین لە ئۆلەمپیکی ٢٠٠٨ی پێکەندا پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی جیهان بەدەست هێنا، بەڵام لەم خولەدا گەڕایەوە پلەی دووەمو کەوتە دوای ئەمریکا کە ٨٧ میداڵیای بەدەست هێنا، ٣٨یان زێڕبوون.

هەرچەندە چین ئازارێکی زۆری ئەو مندالانەی خۆی دەدا کە لە ئۆلەمپیکدا بەشدارییان دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەمریکییەکاندا زاڵ بن، بەڵام سوودی نەبوو. ڕۆژنامەی "دەیلی میلی" ئینگلیزیش بە وێنە ئەمەی پشت ڕاست کردەوە.

لەم خولەدا بەریتانیاش بەهێزێکی وەرزشی گەورەوە دەرکەوت، چونکە دەمیک بوو کە نەگەیشتبووە پلەی سێیەم. دەستکەوتەکانی لەم خولەدا بریتی بوون لە: ٦٥ میداڵیا، کە ٢٥یان زێڕ بوون. هەندێک کەس ئەم سەرکەوتنەی بەریتانیا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئۆلەمپیکەکە لە وڵاتی خۆیدا بەڕێوەچووە، بۆ نموونە ڕووسەکان دەڵێن: یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەریتانیاییەکان لەم خولەی ئۆلەمپیکەدا جەماوەرەکەیان بووە، بۆیە ئەوان(ڕووسەکان) نەیان توانیوە پلەی سێیەم دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، باشە ئەی ڕووسەکان بۆچی پلەی دووەمیان بۆ چینییەکان بەجێهێشت، خۆ ئۆلۆمپیاد لە وڵاتی چین نەبوو؟!

لەم ئۆلەمپیکەدا ٢٠٤ وڵات لە سەرتاسەری جیهاندا بەشدارییان تێدا کرد کە سەرجەم یاریزانەکان بەهەر دوو ڕەگەزی کچو کوڕەوە ١٠٥٠٠ یاریزان بوون، لە ٢٦ جۆری وەرزشیدا، بەڵام لەم هەموو وڵاتە، ٨٥ وڵات بە تەنیا واتە ٤٢ لەسەدی میداڵیاکانیان بردەوە. بەداخەوە ١١٩ وڵات بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە کە دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری ئەو ١١٩ وڵاتە لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهان بوون کە لە کاتی بەڕێوەچوونی یاریەکانی ئۆلەمپیکدا زۆربەی زۆری کاتی ڕاگەیاندنەکانی خۆیان بۆ ئۆلەمپیک تەرخان کردبوو. بۆیە لەکاتی گەڕانەوەی یاریزانەکانیان بۆ وڵاتەکانیان بەدەستی بەتاڵەوە، خەڵکەکەیان لۆمەی یەکیەتیی وەرزشی وڵاتەکانیان دەکردو ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە ئەنجامە خراپەکانیان دەردەبڕی.

# چەند هەواڵێک لە کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە وەرزی هاوین دا



## بەڕێوەچوونی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم

دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ١٣٩١/٥/٢١ی‌هەتاوی ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگری کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان بەڕێوە برد.

لەو دانیشتنەدا وێڕای دابەش کردنی ئەرکو بەرپرسایەتیەکان لە هەریەک لە کۆمیسیۆنەکانی تەشکیلات، راگەیاندن، ئاموورش، پێوەندی‌یەکان، ماڵی‌وئەرشیڤ، بەڕێز سەید جەلال ساڵحی لە لایەن ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی بەڕێوەبەری‌یەوە وەک جێگری سکرتێری گشتی دیاری کرا. پاشان هەریەک لە بەڕێزان کاوە خوسرەوپوورو خالید رەحیمی لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێمۆکڕاتیکدا لە لایەن ئەندامانی بەڕێوەبەری‌یەوە وەکوو ئەندامانی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی دەست نیشان کران.

هەروەها هەر یەک لە بەڕێزان سەربەست بابایی، هەردی عەباسی‌و شەونم هەمزەیی وەکوو راوێژکارانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردران. هەروەها شایانی باسە کە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی پاش لێک دانەوەو هێنانە بەرباسی رێگاکانی ئەکتیڤتر کردنی رێکخراوەیی کۆتایی پێ‌هات.





# ڕێزلێنانی یەکیەتی لاوان لە بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی ٢٣ی گەلاوێژ

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، هەیئەتێک پێکهاتوو لە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریو هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی بەسەرکردنەوەو ڕێزلێنان لە بنەماڵەی شەهیدانی 23ی گەلاوێژی1387 ی‌هەتاوی سەردانی بنەماڵەی شەهیدان هەمزە سارتکەییو قادر نەزمیان کرد.

لەهەر کام لەو بەسەرکردنەوانەدا سەرەتا بەڕێز سەیدجەلال ساڵحی، جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسیو وەفاداریی بە ئامانجی ئەو شەهیدە سەربەرزانە، بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری ئەو شەهیدانەشی دووپات کردەوەو پاشان بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری لەوحی ڕێزلێنان لە لایەن بەڕێز سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتەوە پێشکەش بە بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدانی 23ی‌گەلاوێژ کرا.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە ڕۆژی 23ی گەلاوێژی 1387ی‌هەتاوی فەرماندەی شەهید، هەمزە سارتکەییو هەر دوو پێشمەرگەی لاو شەهیدان قادر نەزمیو قادر قادری لە کەمینی هێزە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە گردێنەی ناوچەی سەردەشت شەهید کران.



**بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسێک لەژێر ناوی "دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتو کاریگەری‌یەکانی لە سەر یەکیەتی لاوان"!**

ڕۆژی سێ شەممە 24ی گەلاوێژی 1391ی هەتاوی، کۆنفڕانسێک لەژێر ناوی "دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتو کاریگەری‌یەکانی لەسەر یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ساڵۆنی کۆمیسیونی ئامووزشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو کۆنفڕانسەدا بەڕێز ئارەش لۆڕستانی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پێشکەش کردنی بابەتی ئاماژە پێکراو لە سێ قۆناغی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو گرینگیو پێداویستی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتی لاوانو هەروەها شرۆڤە کردنی تایبەتمەندی‌یەکانی لاوانو پێداویستی‌یەکانی لە دونیای ئەمڕۆدا راو و بۆچوونی خۆی پێشکەش بە بەشداران کردو هاوکات بە شرۆڤە کردنی فاکتەرە سەرەکی‌یەکانی ڕاکێشانو بەشداربوونی لاوان لەنێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو یەکیەتی لاوانو هەروەها بایەخو پێگەی لاوان لە ڕابردوو و ئێستادا زیاتر تەرکیزی خستە سەر مژاری کۆنفڕانسەکەو لەو چوارچێوەیەدا گرینگترین خاڵەکان بۆ ڕاکێشانی لاوان بۆ تێکۆشان بەشداربوون لەم



قۆناغەی ئێستای حیزبی دێمۆکراتدا هەڵوەستەی لەسەر کرا. هەروەها پێشکەش کردنی هۆکارەکانی زانستیو سەردەمیانە لە تەوەری پەیوەندیدار بە بەستێنەکانی ناسینی لاوانو ڕێگاکانی سازبوونی هاوکاری پۆزەتیڤ هاتە بەر باس.
جێگای ئاماژەیە کە لەو کۆنفرانسەدا ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوی یەکیەتی لاوانو ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشداریان کرد.



## بەشداری یەکیەتی لاوان لە کۆبوونەوەی کادرانی فەننی لێژنەی ئۆلەمپی بەشی وەرزشی کۆنگفۆ

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانای ١٣٩١هەتاوی لە هۆڵی زەرد، لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەک بۆ سەرپەرەشتیارانو ڕاهێنەرانی بەشی وەرزشی کۆنگفۆ بە بەشداری سەلاح خەلیلبەیگی ڕاهێنەرو لاوی وەرزشــــوانو ئەندامی یەکیەتی لاوانــــی دێمۆکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستانو بەشیک لە کەسایەتی یە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر پێک هات.
شایانی باسە هەر لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باسو بابەت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کێبڕکێیەکانیو تایبەتمەندییەکانو ئاستی وەرزشوانانی بەشداربوو بۆ داهاتوویەکی نزیکو کاری هاوبەش تاوتۆی کرا.



## سەردانی هەر یەک لە بەڕێزان مامۆستا سوارە قەڵادزەییو کاک جەلیل گادانی لە بنکەی یەکیەتی لاوان

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١ی‌هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ی سێپتامبەری ٢٠١٢ی زایینی سوارە قەڵادزەیی شاعیرو نووسەرو کەسایەتی ئەدەبی باشووری کوردستانو کاک جەلیل گادانی کەسایەتی دیاری کوردو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەردانی بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردو لە لایەن سامان فەقێنەبی سکرتێرو سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێرو سمکۆ عوسمانیو ئازاد محەممەد زادە ئەندامانی بەڕێوەبەریو سیامەند شێخەپوور کادری یەکیەتی لاوان بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.
هەر لە درێژەی ئەم سەردانەدا لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی لاوانی کوردو بە تایبەت لاوانی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان لەمەڕ خەباتی ڕزگاری‌خوازیو پرسە نەتەوەییو کۆمەڵایەتی‌یەکانی لاوانو یەکیەتی لاوان کۆمەڵێک باسو لێدوان لەلایەن بەڕێزان سامان فەقێنەبی سکرتێری یەکیەتی لاوانو سوارە قەڵادزەیی تاووتوێ کراو بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لەسەر یەکیەتی لاوانو خەباتی بێ‌پسانەوەی ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن هاوڕێیانی‌تر باسەکەیان پڕ ناوەرۆکترو گەرمو گوڕتر کرد.
جێگای ئاماژەیە ئەم سەردانە نزیک بە یەک کاتژمێری خایاند.



## جەولەی هاوبەشی پێشمەرگانەی یەکیەتی لاوانو یەکیەتی ژنانو پارێزگاری بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتۆر سەعید شەڕەفکەندیو هاوڕێیانی

بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتۆر سەعید شەڕەفکەندیو هاوڕێیانی، رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 13ی‌خەرمانانی 2712ی کوردی بەرامبەر بە 3ی سێپتامبری 2012ی زایینی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستانو هێزی پارێزگاری، جەولەیەکی هاوبەشی پێشمەرگانەیان لە چیای باواجی بەڕێوەبرد. پاش گەڕانو جەولەیەکی چالاکانە، کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ بۆ پرسەی سێ رۆژانەی شەهید مام حوسێن محەممەدزادە کە رۆژی هەینی 10ی خەرمانان فەوتی کرد، بە کۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدانو هاودەردی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی کۆچ کردوو دووپات کردەوە. هەیئەتی سەرپەرەشتی ئەم جەولە یەک رۆژەیە بریتی بوون لە بەڕێزان: کاک مەولوود عەزیزی نوێنەری سیاسی نیزامی، کاک سەیفوڵڵا خێری فەرماندە هێزی پارێزگاری، خوشکە نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتی ژنان، سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری یەکیەتی لاوانو خوشکە زێڕین عومەری وەک کادری دەرمانی.

جێی ئاماژەیە کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی هەر دوو یەکیەتی لاوانو ژنانو پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاریو کوردکاناڵ بەشداری ئەم جەولەیەیان کرد.

به هیوای وەدیی هاتنی ئاواتو ئامانجەکانی شەهیدانی میکۆنۆسو
هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری نەتەوەکەمان!

---



## کۆتایی خولی ئامادەیی بەرگریی پۆلێک لە ئەندامانی یەکیەتی لاوان

رۆژی شەممە رێکەوتی ١٨ی خەرمانانی ١٣٩١ی‌هەتاوی، پۆلێک لە ئەندامانی یەکیەتی لاوان، نیشتەجێ لە کەمپەکانی ئازادی، ئامیریە، زەوێ سپی، پاش چەند رۆژ تەمرینی ماندوویی نەناسانە خولی ئامادەیی بەرگریی(دیفاعی)یان بە سەرکەوتوویی تێپەرکرد. شایانی باسە کە ئەرکی سەرپەرەشتی ئەم خولە فێرکارییە بریتی بوو لە: فێرگەی سیاسی- نیزامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە لە بەڕێوەچوونی ئەم خولەدا بە تەواوەتی هاوکاریی یەکیەتی لاوان بوون.

جێی ئاماژە پێکردنە کە لە رۆژی کۆتایی خولەکەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان وێڕای بە گرینگ وەسف کردنی ئەو جۆرە هەنگاوانە لە قۆناغی ئیستادا، رێزو هیوای سەرکەوتنی زیاتری ئاراستەی کیژانو کورانی بەشداربووی خولەکە کرد.

# سەردانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لەبنکەی یەکیەتی لاوان



رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٩١\٦\٨ی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان نەسرین حەداد سکرتێری ئەو ڕێکخراوە، گەلاوێژ پەیڕەوانو شەهێن مورتەزازادە ئەندامانی بەڕێوەبەریو مەندانە حەبیبزادە، ئایشە عیسازادەو فریشتە بەهاری ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەری، سەردانی بنکەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانیان کرد کە لە لایەن بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری پێشووی لاوان، سامان فەقێنەبی سکرتێرو سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێر، سمکۆ عوسمانیو هەلاڵە عەبدوڵلاهیو ئارەش لۆڕستانیو حاتەم ڕەسووڵپوور ئەندامانی بەڕێوەبەری، ئازاد محەممەدزادەو سروشت مووساپوورو ئارەزوو عەزیزی ئەندامانی جێگری بەڕێوبەری و سیامەند شێخەپوور کادری یەکیەتی لاوان، پێشوازییان لێکرا. لەم دیدارەدا وێڕای هێنانە ئارای چەند باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو، هەروەها باس لە هاوکاری زیاتری نێوان هەر دوو ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانو یەکیەتی لاوان کرایەوە.

# سەیرانی یەکیەتی لاوان



رۆژی پێنج شەممە ١٦ی خەرمانانی ٢٧١٢ی کوردی بەرامبەر بە ٦ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ساڵانی پێشوو سەیرانێکی گشتی بۆ ئەندامانی خۆی پێک هێنا. ئەم سەیرانە کە زیاتر لە سەد کەس لە ئەندامانی لاوانی لەخۆ گرتبوو بە هاوڕێیەتی کاک جەلیل گادانی ئەندامی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو هەروەها ئەندامی کۆنی یەکیەتی لاوان، کاک مەنسوور سەممار سکرتێری پێشووی لاوانو کاک سامان فەقێنەبی سکرتێری یەکیەتی لاوانو چەندین کەس لە بەڕێوەبەرانی ئەسڵیو جێگرو ڕاوێژکارانی بەڕێوەبەری لە سەیرانگای زێوە لە بناری شاخی پیرەمەگروون کە سەیرانگایەکی بەناوبانگی باشووری کوردستانە، بەڕێوەچوو.

هەر لەم نێوەدا ئەندامان بە خۆشیو شاییو هەڵپەڕکێ سەیرانەکەیان گەرمو گوڕو ڕازاوەتر کردو پاشان سەردانی چەندین شوێنەواری مێژوویی ئەو ناوچەیە لەوانە: سەردانی گۆڕی پیرەمەگروونو تۆفیق وەهبی کەسایەتی ناسراو و نووسەری بەناوبانگی گەلەکەمانیان کرد.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لە سیمیناری زانستی کەسایەتیی کاک فواد مستەفا سوڵتانی



دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەرمانانی ١٣٩١یهەتاوی هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: سمکۆ عوسمانی، هەڵاڵە عەبدوڵلاهی، حەتەم ڕەسووڵپوور ئەندامانی بەڕێوەبەریو، شەونم هەمزەیی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری، بەشدارییان لە "سیمیناری زانستی کەسایەتیی کاک فواد مستەفا سوڵتانی" کرد کە لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی لە لایەن کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە بەڕێوە چوو.

لەم سیمینارەدا وێڕای پێشکەش کردنی چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کەسایەتی کاک فواد، چەند بڕگەیەکی هونەریش لە چوارچێوەی پەخشان، شانۆو سرود پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

شایانی باسە کە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نوێنەرایەتی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، پەیامی ئەو فیدڕاسیۆنەی لەو سیمینارەدا پێشکەش کرد کە لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەییەوە خوێندرایەوە.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لەگەڵ هونەرمەند میکائیل لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی چالاکییە هونەرییەکان!



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 21ی خەرمانانی 1391ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سلێمانی بە فەرمی بەخێرهاتنەوەی هونەرمەندی گەورەی کورد "میکائیل"یان کردو لە چاوپێکەوتنێکی دۆستانەدا ئامادەکارییەکان بۆ سازدانو بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێکی بەرفراوان لەژێر دروشمی "یەکگرتوویی گوتاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"دا تاوتوێ کرا. شایانی باسە کە لە مانگی ئۆکتۆبردا هونەرمەند میکائیل لەسەر بانگهێشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کۆیە کۆنسێرتێکی بەرفراوان بەڕێوە دەبات. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لەو چاوپێکەوتنە فەرمییەدا بەڕێزان سمکۆ عوسمانی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانو، هەروەها نێعمەت مەلا، ئەرسەلان عەباسنیا و سالار ئیبراهیمی بەشدار بوونو بە تێبینیو پێشنیارەکانیان ڕووناکایی زیاتریان خستە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتی ئاماژە پێکراو.



# بەشداری تیمێکی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانو کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کێبڕکێی کۆنگفۆ لە شاری کۆیە







دوانیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ١٣٩١/٦/٩ی‌هەتاوی تیمێکی هاوبەشی یەکیەتی لاوانو کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێمۆکرات بە سەرپەرەشتی ئومید سەیدقادری راهێنەری تیمو یاریدەدەران سەلاح خەلیلبەیگی وەک بەرپرسی بەشی وەرزشی یەکیەتیی لاوانو شەهاب رەحمانپوور لە کێبڕکێی کۆنگفۆ بەرامبەر تیمی سەنتەری گەنجانی کۆیە لە یارییەکی دۆستانەدا بەشدارییان کرد.

لە ئەنجامی ئەم یارییەدا تیمی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانو کۆمیسیۆنی ئامووزش توانی بە پێی ئاستی کێشی یاریزانان پلەی یەکەمو دووەم مسۆگەر بکا.

ئەو یاریزانانەی کە پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا بریتین لە:

١: شەهاب رەحمانپوور لە کێشی ٤٨ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

٢: رێبوار حەسەن لە کێشی ٤٧ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

٣: زانکۆ خوسرەوی لە کێشی ٢٥ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

٤: پەیوەند پرکاڵ لە کێشی ٣٧ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

٥: ئاریا عەزیزی لە کێشی ٣٧ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

٦: ناسر محەممەدی لە کێشی ٤٠ کیلۆگرەمدا ــ پلەی یەکەم.

هەروەها ئەم یاریزانانەی خوارەوە کە توانیان پلەی دووەم مسۆگەر بکەن بریتی بوون لە:

١: پژمان رەسووڵی لە کێشی ٥١ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

٢: هیوا وریا لە کێشی ٢٨ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

٣: پێشەوا رەحمەتی لە کێشی ٢٨ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

٤: وەفا یوسفی لە کێشی ٤٦ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

٥: رێکان حەسەن لە کێشی ٢٧ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

٦: ئارام خوسرەوی لە کێشی ٤٨ کیلۆگرەمدا ــ پلەی دووهەم.

جێگەی ئاماژەیە ئەم کێبڕکێیە کاتژمێر ٥ی ئێوارە دەستی پێکردو نزیک بە ٢ کاتژمێری خایاند.

# کنگره ششم اتحادیه جوانان دمکرات شرق کردستان

کنگره ششم اتحادیه جوانان دمکرات شرق کردستان با مشارکت جوانان متولد کردستان ایران، کردستان عراقو اروپا برگزار شد. نسلهایی که در دوره‌های سنی مختلف بودندو هر کدام هنجارهاو ایده‌آل‌های جدیدی را دنبال می‌کردند، جوانهایی که نمایندهو منتخب اعضاو هواداران اتحادیه جوانان بودهو به کنگرهو فعالیت جوانان از منظر کاملا جدیدترو مدرن‌تری نگاه کرده، خواستگاههای جوانان را در حوزه‌های متنوع‌تری دنبال کردهو با مشارکتو حساسیتو در ارائه مباحث رنگو بوی کاملا تازه‌ای را به کنگرهو فضای انتخابات بخشیدند.

جوانان امروز برخلاف دوره‌های قبلی به حقیقتو واقعیت ملموس زندگیو طرح آن در حوزه فعالیت اجتماعی کاربردی‌تر فکر می کنندو به خوبی بیانگر همزیستی مسالمت‌آمیز اندیشه مذهبیو غیر مذهبی هستندو، نمایندگانی از این قشر اجتماع با گوناگونی خود که ذکر شد، کنگره اتحادیه جوانان را محملی برای رسیدنو احقاق حقوق حداقلی خود قرار دادهو شاید بتوان گفت نکته برجسته این مشارکت فضای سالمو رقابت دوستانهو اهمیت به برتری فضیلت افراد شایسته بود، راهی پیموده شد که احزاب سیاسی پس از سابقه منسجم‌ترو طولانی‌تر خود تاکنون نتوانسته‌اند به این کیفیت دست یافتهو علیرغم شعارهای خود در محدوده تضاد سنتو مدرنیته بصورت خشنو خشک به فعالیت می‌پردازند.

اتحادیه جوانان دمکرات شرق کردستان نشان داد که نه تنها الگوی عملکردو مشارکت جدید را نمایندگی میکند، بلکه پتانسیل رهبریو سازندگی کافی را در خود داشتهو با به ثمر نشستن تجربیات خود توانایی تغییرو گذار به مرحله جدید حیات اجتماعی را داراست.

مساله ملی کوردو همزیستی با سایر ملیت‌های ایران که از دیر باز نقطه تقابل احزاب اپوزیسیون بودهو پراکندگیو تزلزل انسجام نیروهای مبارز را به دنبال داشته، نسل جوان را متعهد به گذار از این بحران کردهو به خوبی در کنگره ششم اتحادیه جوانان نشان دادند حق خواهی ملی تنها با مشارکتو پرهیز از تعصبو گفتگو قابل حل است. جهان امروز عرصه فرصتهاست، فرصتهایی که فعالترین قشر اجتماع که همان جوانان باشند را ملزم به کسبو تطبیق شرایط موجود بر نیازهای خود کردهو نیازهای خود را نیز در قالب این فرصتهاو پتانسیلها تعریفو بازتعریف میکنند.

فضای رسانه‌ایو مجازی به عنوان پل ارتباطی علمی، فرهنگیو سیاسی عمل میکندو بهترین فضای ارتباطو تبادل تجربیات انسان امروز بوده که تاملی ساده گویای این حقیقت است که جوان بیشترین استفاده را از این فضا بردهو هویت خود را نه تنها در چهارچوب مطلق گرایی منجمد نمیکند بلکه از فضای اطلاعاتیو مجازی موجود، ساختارو سلولهای اجتماعیو فردی خود را پردازش کردهو جهان را به عنوان وسیله‌ای برای رسیدن به مقصد تلاشهای تاریخی بشری که همان رفاهو آزادی است می‌داند.

کنگره ششم لاوان در حوزه روان‌شناسیو جامعه‌شناختی نشان داد که زمینه تجدید حیات سیاسیو اجتماعی تنها با شناخت تمام ظرفیت‌های موجود، ارزش دهیو امکان‌سازی جوان عملی استو جوان نیز آمادگی همکاریو مشارکتو حتی فداکاری در راه رسیدن به فردایی بهتر را داراست. شرکت کنندگان این کنگره نه تنها به اساسنامه اتحادیه جوانان از منظر کرد نگاه می‌کردند بلکه به حوزه‌های غیر کوردیو حتی چگونگی تاثیرگذاریو تاثیرپذیری در حوزه‌های غیر کوردی نیز اهمیت دادهو آشکارترین حقیقت امروز که همان اتحادو مشارکت جامعه جهانی برای رسیدن به آمالو اهداف مطلوب بشری است را با نحوه حضورو برگزاری کنگره تاکیدو تایید کردند.

امید است که مصوبات کنگره ششم اتحادیه جوانان دمکرات شرق کردستانو اعضای منتخب این کنگره با همکاری تمامی اعضاو هواداران خود بتواند در ارتباطی دوستانهو انسانی هویت خود را به عنوان کوردو ایرانی ارزش‌دهی بیشتر کردهو در سطوحی بسیار بالاتر از گذشته خواهان حقوق کوردیو ایرانی خود باشدو از حقوق سایر ملیت‌های ایران نیز بتواند به نحو مطلوبو درخور پیشینه تاریخیو جایگاه امروز خود هماهنگو همگام قدم بردراردو جوان کورد نیز در جهت احقاق آزادی، دوستیو برابری به وظیفه خود در عرصه مدرن امروز عمل کند.

اتحادیه جوانان دمکرات شرق کردستان
۱۹ مرداد ۱۳۹۱ شمسی

# بیانیه‌ی اتحادیه جوانان دمکرات شرق کوردستان در ارتباط با گفتمان و ادبیات فاشیستی برخی از احزاب و جریانات سیاسی اپوزیسیون ایران

بخش کثیری از اپوزیسیون ایرانی با همان نگرش و اندیشه‌ی سنتی و ضد مدرن با وجود غیر قابل انکار بودن ایران به عنوان یک واحد سیاسی – جغرافیایی کثیرالمله، هنوز معتقد به یک نظام اداری – سیاسی تمرکزگرا هستند. در حالیکه بدون شک در اندیشه‌ی سیاسی مدرن نمیتوان نشانی از تحقق دمکراسی در واحدهای سیاسی – جغرافیای کثیرالمله بدون "حق تعیین سرنوشت ملل" یافت. حق تعیین سرنوشت اصلی اساسی از میثاق ملل متحد می باشد، که مورد تاییدو تاکید جامعه‌ی جهانی آزادیخواه‌و برابری‌طلب قرار گرفته‌و نادیده گرفتن‌و انکار آن عملا قرار گرفتن در همان جبهه‌ی نیروها و دولت های تمرکزگرای توتالیتری است، که تحت لوای مفاهیم فاشیستی‌و غیر انسانی نظیر "تمامیت ارضی" حاضر به انجام هر جنایتی برای حفظ ساختارو استاتوی کنونی خود هستند.

باید این نکته را نیز متذکر شد، که یکی از اساسی‌ترین موازین حقوق بشری، حق مردم یک جامعه‌و یک گروه ملی برای تعیین سرنوشت خودشان است. اهمیت این اصل تا به آن حد است، که آن را پایه‌و اساس کل مبانی حقوق بشر می دانند. در حقیقت برای نیل به آرمان‌های حقوق بشری تحقق اصل حق تعیین سرنوشت اهمیت بسزایی دارد، و بدون تحقق این اصل نمیتوان انتظار داشت که دولت غیرمنتخب نسبت به اصول حقوق بشری متعهد باشدو در چنین صورتی هیچ ضمانتی برای عدم تکرار دوباره‌ی تاریخ معاصر شوم ایران‌و فرمان جهادها بر علیه ملت کوردو تکرار جنایاتی نظیر قارنا‌و قلاتان وجود ندارد.

**اپوزیسیون ایرانی ...**

بخش کثیری از جریانات‌و احزاب اپوزیسیون جمهوری اسلامی از لیبرال‌و جمهوریخواه تا چپ‌و کمونیست که سالهاست در کشورهای اروپایی‌و یا در آن سوی آبهای اقیانوس آرام‌و کیلومترها دورتر از ایرانی که برای حفظ تمامیت ارضی‌اش سینه می درند، با آن که هنوز در موضع اپوزیسیون قرار دارندو از کرسی اقتدارو حاکمیت دورند اما بازهم گاه‌و بیگاه‌و به هر بهانه‌ای از دیوار ملت کورد بالا رفته‌و با وارونه جلوه دادن حقایق‌و ترویج فدرالوفوبی(فدرالیسم هراسی) و با پرده افکندن از رخسار حقیقی‌شان‌و اثبات این امر که در تعامل‌و نحوه‌ی برخورد با مساله‌ی کورد هیچ تفاوتی با جمهوری اسلامی ندارند، بر این تلاش بیهوده‌و واهی پای می‌فشارند که به جامعه‌ی ایران چنین القا نمایند که ملت کورد خواستار ویرانی‌و تجزیه‌ی ایران است.

**و اما ملت کورد ...**

تاریخ مبارزاتی ملت کورد اثبات کرده که این گروه ملی همواره برای استقرار دمکراسی‌و ثبات در ایران تلاش نموده استو دمکراسی را لازمه ضمانت تحقق مطالبات ملی خود دانسته‌اند. رجوع به شعار استراتژیک احزاب کوردستانی‌و به‌ویژه حزب دمکرات کوردستان در گذشته‌و حال مبنی بر همسویی دمکراسی با مطالبات ملی بزرگترین سند اثبات این مدعاست.

این حقیقت که ملت کورد یک گروه ملی است بر اساس فاکتورهای عینی‌و ذهنی امری غیرقابل انکارو سازش‌ناپذیر است. اگر ملت کورد در کوردستان تحت سلطه‌ی ایران خواهان تعیین حق سرنوشت خود در چارچوب یک دولت مستقل کوردی نیز باشد، حق مشروع خود را مطالبه نموده‌و هیچ فردو جریانی نمی‌تواند با سردادن فریاد "وا ایرانا" در مقابل تمامی منشورها و میثاق‌های بین‌المللی قدعلم کرده‌و حق مسلم یک ملت را انکار نماید. اما با این وجود احزاب‌و جریانات سیاسی برخواسته از بطن جامعه کوردستان با ابرام براین مهم که مساله‌ی کورد، مساله‌ای سیاسی استو باید از طریق مسالمت‌آمیز حل شود، راهکار فدرالیسمو اتحاد داوطلبانه را برای آینده‌ی ایران پیشنهاد کرده‌و آن را به عنوان شعار استراتژیک خود مطرح نموده‌اند.

با توجه به آنچه که در سطور فوق اشاره شد میتوان به اختصار چنین گفت: این گفتارو نوشتارو کردار احزاب، جریانات سیاسی‌و شخصیت‌های ایرانی است که عامل فروپاشی این واحد جغرافیایی خواهد بود که هم اکنون ایران می‌نامند نه مواضع سیاسی رهبران‌و احزاب کوردستانی.

اتحادیه جوانان دمکرات شرق کوردستان
۱۳۹۱/٦/۲٦
۲۰۱۲/۹/۱٦

# جوان‌و

## اتحادیه جوانان

آرش لرستانی

جوان کیست؟ اتحادیه چیست؟ اتحادیه جوانان چگونه هویت پیدا می‌کند؟

با توجه به تنشهاو بحرانهای احزاب اپوزیسیون‌و قدرتهای حاکم در جهت کسب‌و حفظ برتری سیاسی، محیط فعالیت این جریانات که همان جامعه نامیده میشود، اساسی‌ترین عاملی است که در آن تحقق برتری سیاسی تنها با حمایت‌و پشتیبانی اکثریت جامعه‌و یا سرکوب نیروهای کنشگرو فعال اجتماع صورت می‌پذیرد.

جامعه با توجه به بافت انسانی خود که از دوره‌های سنی مختلف تشکیل شده‌و نیازهای اساسی که بصورت هنجار تعریف می گردد همواره در تلاش‌و تکاپو برای بدست آوردن‌و تحقق این خواسته‌ها به سمت‌و سوهای مختلفی سوق داده می‌شودو به هر میزان، جهت‌دهی با شمار بیشتری به سوی نقطه خاصی متمایل گشته‌و هم رایی گسترده‌تری برقرار گردد، این روند دارای تداوم‌و استحکام بیشتری خواهد بود.

افراد جامعه از سنین ۱۵ الی ۳۵ تا ٤٠ سالگی، طی مراحل مختلف دوران پر نشیب‌و فراز یادگیری‌و تجربه را سپری کرده‌و با توجه به میزان نیازهاو آگاهی به تحقق این نیازها، شخصاو یا گروهی در جهت بدست آوردن هدف مذکور تلاش می کنند. از سنین بالای ٤٠ سال انسان با توجه به شرایطو توانایی‌و نیازهای خود رفته رفته حالت محافظه کاری‌و تثبیت جایگاههای موجود را برگزیده‌و حفظ دستاوردها عموما برای این گروههای سنی در اولویت قرار گرفته‌و البته باز تاکید می‌گردد که میزان نیاز، رفاه نسبی‌و آگاهی عوامل تعیین کننده شروع دوران محافظه کاری‌و تثبیت کنندگی است.

بدیهی است هر قدر تعداد افرادی که در دوران‌و سنین فعالیت‌و تکاپو هستند بیشتر باشد، متعاقبا اثر گذاری آنها بر سیر اقتصادی، فرهنگی‌و نهایتا سیاسی موجود بیشتر شده‌و لذا جریانات حاکم‌و یا نیروهای اپوزیسیون دائما در حال تلاش برای اقناع‌و جذب حداکثری این طیف که در اصطلاح به آن جوان گفته می شود، هستندو برنامه‌ریزی‌های خود را با توجه به نیازهاو تمایلات این قشر حساس‌و تاثیر گذار دائما تغییر داده‌و دگرگون می‌کنند.

پراکندگی نیروی جوان در جهت‌های مختلف بطوری که هدف‌دارو تاثیرگذار نباشد به ناچار نه تنها کیفیت اجتماع را کم کرده بلکه شرایط را برای نیروهای فرصت‌طلب که عموما جریانات ارتجاعی‌و حکومتهای فاسدو دیکتاتوری هستند، مهیا نموده‌و خود جوان سد راه ارتقاو تحول جامعه در جهت مثبت می‌گردد، لذا هماهنگ کردن‌و همسویی نیروی جوان در جهت مشخص‌و مطبوع، تحت عنوان اتحادیه نامگذاری شده‌و بدیهی است به میزانی که این همگرایی‌و تعامل بیشتر گردد نیروی جوان هدف‌دارتر میشودو انرژی وی میتواند در جهتی که به عنوان ارزش برای وی معرفی شده به حرکت درآیدو باز نیز ناگفته پیداست که جوان‌و اتحادیه در جامعه سالم‌و پویا، اگر نقش برجسته خود را دائما ایفا کرده‌و همیشه این ساختار تجدید حیات گرددو از حالت تک بعدی‌و کم سوادی وی کاسته شود نتیجتا اثرات مطلوب جوان‌و اتحادیه باعث پیشرفت‌و شکوفایی اجتماع‌و حتی آینده می‌شود.

اتحادیه جوانان(لاوان) یکی از مراکز مدنی ـ سیاسی احزاب

**“ پراکندگی نیروی جوان در جهت‌های مختلف بطوری که هدف‌دارو تاثیرگذار نباشد به ناچار نه تنها کیفیت اجتماع را کم کرده بلکه شرایط را برای نیروهای فرصت‌طلب که عموما جریانات ارتجاعی‌و حکومتهای فاسدو دیکتاتوری هستند، مهیا نموده‌و خود جوان سد راه ارتقاو تحول جامعه در جهت مثبت می‌گردد ”**

اپوزیسیون(بطور اخص) است که با هدف فعال‌سازیو هماهنگ کردنو جهت‌دهی به نیروهای موثر درون کشورو نیروهای کارآمد برون کشوری در شرایط مبارزه بوجود آمده‌و هدف آن القای بار مدنی – سیاسی به نیروهای موثر داخلیو خارجی است. اتحادیه جوانان با توجه به هدف شکل‌گیریو اصولا فلسفه

**آیا زمان آن نرسیده که جوانو اتحادیه جوانان بصورت علمی تحلیل گرددو پیوندهای احزاب سیاسی با این اتحادیه‌و سایر اتحادیه‌هایی مانند اتحادیه زنان، دانشجویانو ... دوباره بر بستر علم، تجدید شده‌و با باز تعریف اصطلاحات قدیمی که شاید اکثر آنها تنها جنبه سوری داشته‌و با اصولو تجربیات علمی منطبق بر جامعه موجود با توجه به بازه زمانی گذشته، حالو آینده باز تعریف گرددو ما نیز بتوانیم بصورت صحیحو منطقی با ایجاد این پیوند حیات تازه‌ای به جریان مبارزه بخشیم؟**


حیات خود مهم‌ترینو حساس‌ترین رابط بین نیروهای ترقی‌خواهی است که تمایل به اصلاحو یا انقلاب در جامعه واپسگرا داردو این اتحادیه در صورتی که به خوبی نهادینه گردد(در جامعه تحت ستم) می تواند پل ارتباطی نیروهای مبارزو جامعه گرددو پس از برکناری جریان ارتجاعیو واپسگرا نیز نه تنها نقش خود را از دست نمی‌دهد بلکه به مراتب دامنه فعالیت آن گسترده‌تر شده‌و به عنوان یکی از موثرترین اهرمهای تقویت اجتماع می‌تواند به کار برده شود.

بررسی عملکردو فعالیتو نقش تعریف شده اتحادیه جوانان در احزابو جریانات ترقی‌خواه شرقی، علیرغم سابقه نسبتا طولانی این جریانات نه تنها مثبتو چشمگیر نیست بلکه میتوان گفت که این اتحادیه‌ها هنوز روندو رویه علمی به خود نگرفته‌و کاملا هویداست که این اتحادیه‌ها هیچ کمکی به اصل جهت‌دهیو مشارکت مدنی – سیاسی نیروهای مبارز نکرده‌و تنها فرمو شکل غیر علمی آنها به صورت سمبول مورد تقدیر قرار میگیرد.

قشر جوان که موثرترین نیروی اجتماع است وقتی که جایگاه خود را نتواند بشناسدو استعدادو انرژی‌اش بلقوه باقی بماند بدون شک نیروهای غالب که از نظر اقتصادیو نیروهایی تئوریسینو فضای گسترده‌ای که در اختیار دارد، می تواند به راحتی در جهتی که می خواهد قشر جوان را هدایت کرده‌و از انواع روشهای غیر اصولیو غیر انسانی چون فقر، بی‌سوادی، اعتیاد، جنگ روانی، تهاجم فرهنگیو هزاران اهرم فشار دیگر پیوسته با سرکوبو تحمیقو تطمیع این طیف موثرو حیاتی اجتماع، کلیت جامعه را در جهت ادامه حیات خود سوق دهدو عملا با هر روزی که زمان بیشتری به این جریان ارتجاعی داده شود ضرباتو صدمات جبران ناپذیری را به کل اجتماع وارد کرده‌و نسل‌های سوخته‌و سردرگم را همواره به عنوان بزرگترین معضلو عامل بازدارنده پیش روی نیروهای ترقی خواه قرار میدهد.

آیا زمان آن نرسیده که جوانو اتحادیه جوانان بصورت علمی تحلیل گرددو پیوندهای احزاب سیاسی با این اتحادیه‌و سایر اتحادیه‌هایی مانند اتحادیه زنان، دانشجویانو ... دوباره بر بستر علم، تجدید شده‌و با باز تعریف اصطلاحات قدیمی که شاید اکثر آنها تنها جنبه سوری داشته‌و با اصولو تجربیات علمی منطبق بر جامعه موجود با توجه به بازه زمانی گذشته، حالو آینده باز تعریف گرددو ما نیز بتوانیم بصورت صحیحو منطقی با ایجاد این پیوند حیات تازه‌ای به جریان مبارزه بخشیم؟

بدون شک آغاز صحیحو علمی این راه مستلزم انرژیو نیروی زیادی است اما پر واضح است که نیروی اپوزیسیون با توجه به انتخاب خود، هویت خود را تعریف میکندو ما چه مطلوبمان باشدو چه نباشد در تاریخ مبارزات ملت‌های جهان بطور اعمو مبارزات ملت کرد بطور اخص شناخته شده‌ایمو نمی‌توان با سهل انگاریو یا کم کاری از زیر بار مسئولیت گریزان بود، زیرا که قلم تاریخ بی‌طرفانه‌و دقیق عملکرد ما را مکتوب میکندو فردا جای هیچ گونه اعتراضو عذرو بهانه‌ای نیست.



## ئاسۆیی:

١: مڕ و . ... .

٢: تێکۆشان

٣: سوننەت

٤: نازناوی دەسەڵاتدارانی پێشووی کورد

٥: ریشەی بێ بن

٦: یەکەی پێوانەی کارەبا

٧: دەستە، گرووپ

٨: پاشگرێکی نەرم ئامێری(نرم افزار)

٩: چێر، باڵادەست

١٠: رێی شەمەندەفەر

١١: کاس، گێژ

١٢: رێکخراوێکی جیهانی تایبەت بە کشتوکاڵ

١٣: تێر

## ئەستوونی:

١: دەرووی نێو دەریا

٢: رووبارێکە لە باکووری کوردستان

٣: رەنگێکە

٤: بیرمەندێکی یوونانی

٥: شوێنکەوتووی مارکسیزم


٦: بەفەڕ

٧: رەقەڵە

٨: مار خۆشی لێی نیە

٩: «بلۆف»ی تێکەڵاو

## وەڵامی خشتەی ژمارەی پێشوو




سازکردن و ئامادەکردنی: سمکۆ ئەمین سەردەشتی

## ...فایلی ژمارەی داهاتوو...






# کوردو گۆڕانکاریەکانی ناوچە




**مام حوسێن محەممەدزادە، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد!**

کات ژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی ڕێکەوتی ١٠ی‌خەرمانانی ١٣٩١ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٣١ی‌ئاگۆستی ٢٠١٢ی‌زایینی، مام حوسێن محەممەدزادە(ناسراو بە حوسێنی مەلا برایم) کوڕی محەممەدی مەلا برایم خەڵکی ئاوایی تووژەڵی سەردەشت لە تەمەنی ٦٦ ساڵی‌دا بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە کەس‌وکارو هاوسەنگەرانی کرد.

مام حوسێن لە ساڵی ١٩٤٦ی‌زایینی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەند لەدایک بووەو ساڵی ١٣٥٨ی‌هەتاوی بۆتە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانو لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا جارێک بریندار بووە. پاش زیاتر لە سێ دەیە خەباتی بەردەوام بەداخەوە ئەمڕۆ هەینی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو ماڵاوایی یەکجاری لێ کردین.

ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەو خزمو کەس‌وکاری مامە حوسێنو هەموو خەڵکی ناوچەی سەردەشتو کوردستان دەکاو لە خەمو پەژارەی بنەماڵە بەڕێزەکەی‌دا خۆی بە شەریکو بەشدار دەزانێ.

انا لله وانا الیه راجعون

LAWAN

The Organ of Democratic Youth
Union of Eastern Kurdistan

No: 47 September 2012




چەند دیمەنێک لە کۆنگرەی شەشەمی
یەکیەتیی لاوان دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان